WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (312) دووشەممە 2014/6/2 12ی جۆزەردان 2714 (750) دینار

## مادهوبالا و ئاڕکەی بە 80 هەزار دۆلار دەهاتنە کوردستان



**رووداو- هەولێر**

هیچکام لە ئەستێرەکانی هۆڵیوود و بۆڵیوود بەشداری یەکەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەما لە هەولێر نەبوون. پێشتر وا دەگوترا چەند ئەستێرەیەکی بۆلیود لەوانەش ئەمیتاب باچان، دارمیندار، ڤیڤان دشینە (ئاڕکەی) و درەشتی دهامی (مادهوبالا)، هەروەها ئەکتەری هۆڵیوود ڤاندام بەشداری فێستیڤاڵەکە بکەن، بەڵام نەهاتن. شڤان جەمیل، رێکخەری فێستیڤاڵەکە لەبارەی ئامادەنەبوونی ئارکەی و مادهوبالا گوتی "خەرجیی ئەوان زۆر لەسەر ئێمە دەکەوت کە نزیکەی 80 هەزار دۆلار بوو، جگە لە خەرجیی مانەوەیان لە هەولێر". سەبارەت بە نەهاتنی ئەمیتاب باچانیش گوتی "جگە لەوەی خەریکی تۆمارکردنی فیلم بوو، خەرجیی هاتنی ئەو هونەرمەندەش 40 هەزار دۆلاری تێدەچوو". ناوبراو باسی هۆکاری نەهاتنی ڤاندامیشی کرد و گوتی "تەنیا خەرجیی ڤاندام نزیکەی 50 هەزار دۆلار دەبوو، لەگەڵ هێنانی چوار کەس لەگەڵ خۆی، ئەمەش بارگرانییەکی زۆری دارایی لەسەر فێستیڤاڵەکە دروست دەکرد".

2 »

### گۆڕی باپیری وەزیری داد هەڵدەدرێتەوە

2

فەرید ئەسەسەرد:

### بەرهەم ساڵح بەهێزترین بەربژێرە بۆ سەرۆکی عێراق

4

### 50 هەزار کورد لە سوێد دەنگیان نەدا

6

# بارزانی داوا لە کۆسرەت رەسوڵ دەکات لە پۆستەکەی بمێنێتەوە

3 »



### "لە 3 ساڵی داهاتوودا هەولێر 700% گەشە دەکات"

8

### ژنێکی کورد دەبێتە سەرۆکی شارەوانی کوێلن

11

لە چوار ساڵ و سێ مانگی رابردوودا

### 483 پیاو لە دادگاکانی کوردستان ژنی دووەمیان مارە کردووە

14

## دایک و باوکی دنیا دەستگیر دەکرێن



**یوسف ئەحمەد- دهۆک**

کەسێک لەسەر دۆسیەی کوشتنی دنیا سلێمانی تەمەن 15 ساڵ دەستگیر کرا و 5 کەسی دیکەش لە کەسوکاری ئەو کەسەی تۆمەتبارە بە کوشتنی دنیا، خۆیان رادەستی پۆلیس کرد.

سامی جەلال، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە پارێزگەی دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند "باوک و چوار برای تۆمەتباری کوشتنی (دونیا) خۆیان رادەستی پۆلیس کرد، هەروەها ئێوارەی 2014/6/1 ئەو مەلایە دەستگیرکراوە کە (دونیا)ی مارەکردووە". گوتیشی "لە نزیکترین کات دایک و باوکی دنیاش دەستگیر دەکرێن".

### دوو ئێرانی لەسەر هەڵدانەوەی گۆڕەکە دەستگیرکراون

# گۆڕی باپیری وەزیری داد هەڵدەدرێتەوە

**هەڵۆ کاکەوەیس**
**رووداو- هەولێر**

لە ماوەی پێنج مانگی رابردوودا چوار گۆڕ و مەزارگە هەڵدراونەتەوە کە یەکێکیان گۆڕی باپیری وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

سەرچاوەیەکی ئاسایشیش رایگەیاند کە دوو کەسی بە رەگەزنامە ئێرانییان لەسەر هەڵدانەوەی ئەو گۆڕانە دەستگیرکردووە.

مەریوان نەقشبەندی، گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "لە پێنج مانگی رابردوودا 4 گۆڕ لە سنووری پارێزگای هەولێر هەڵدراونەتەوە و زۆربەشیان لە سنووری قەزای شەقڵاوە بووە". گوتیشی "ئەمانە گۆڕی پیاوانی عیرفانین، بۆیە ئەمە لە حاڵەت تێپەڕیوەو بووەتە دیاردە".

نەقشبەندی ئاشکرای کرد "یەکێک لەو گۆڕانەی هەڵدراوەتەوە باپیری بەڕێز شێروان حەیدەری، وەزیری دادە".

سەبارەت بە ناسنامەی ئەوانەی گۆڕەکانیان هەڵداوەتەوە، مەریوان گوتی "بەداخەوە تا ئێستا ئاسایش بە فەرمی بە ئێمەیان رانەگەیاندووە کە ئەو کەسانە کێن، بەڵام کەسانێک لە نێو ئاسایش بە ئێمەیان گوتووە 10 یان 11 کەسیان لەسەر هەڵدانەوە و دەرهێنانی ئەو گۆڕانە دەستگیرکردووە و یەکێک لەوانەش ئێرانییە".

مەریوان نەقشبەندی پێیوایە هەڵدانەوەی ئەو گۆڕانە بەرنامە بۆ داڕێژراوە "هەستدەکەین هەڵدانەوەی ئەم گۆڕانە بەشێوەیەکی رێکخراوە و مەبەستیش تەنیا ئەوە نییە کە وەک باسدەکرێت بۆ دەرهێنانی زێڕ و کەلوپەلی گرانبەها بێت لەو گۆڕانە، بەڵکو هەمان سیناریۆی هەڵدانەوەی تەرمی پیاوچاکانە کە لەلایەن ئەنسارولئیسلامەوە لە ساڵی 2002 لە ناوچەی هەورامان ئەنجامدرا".

لە کۆتایی مانگی رابردوودا لە گۆڕستانی گەورەی ناحیەی قەسرێی دەڤەری باڵەکایەتی، لەلایەن دەستێکی نادیارەوە گۆڕێکی کۆن هەڵدەدرێتەوە کە بەرزیی کێلەکەی نزیکەی چوار مەترە و خەڵک بەمەبەستی چاکبوونەوە لە نەخۆشیی کۆکەڕەشە سەردانیان دەکرد.

هەروەها لە ماوەی رابردوودا چەند کەسێکی نەناسراو چوونەتە گۆڕستانی (گردی سۆی حەسەن) لە گوندی (ماوەران) کە سەر بە ناحیەی باسرمەی قەزای شەقڵاوەیە و گۆڕی یەکێک لە پیاوانی ئاینیی خانەوادەی شێروان حەیدەرییان هەڵداوەتەوە و کێلەکانیان شکاندوە. مێژووی ئەم گۆڕە بۆ 100 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، سەرچاوەیەک لە وەزارەتی ئەوقافیش سەلەفییەکان بەم کارە تۆمەتبار دەکات. بەڵام سەرچاوەیەک لە ئاسایشی هەولێر رەتیکردەوە کە هەڵدانەوەی ئەو گۆڕانە پەیوەندی بە بیروباوەڕی ئاینییەوە هەبێت.

سەرچاوەکەی ئاسایش بە (رووداو)ی راگەیاند "دوایین گۆڕ هەڵدرابێتەوە گۆڕی شێخ محەممەد زیوکی بوو، لە نزیک گوندی خۆران لە ناوچەی خۆشناوەتی، بەو هۆیەوە دوو کەسی ئێرانیمان دەستگیرکردووە و دراونەتە دادگا، ئەوانە دانیان بەوەدا ناوە کە خەڵکانێک زانیارییان پێداون لەسەر بوونی شوێنەوار لە نێو ئەو گۆڕانە، بۆیە پەنایان بۆ ئەو کارە بردووە".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "لە ماوەکانی رابردوودا لە سنووری شەقڵاوە گۆڕێک هەڵدرایەوە، بەڵام ئەوە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی شوێنەواری بووە و دەستی نادیار نەبووە". زیاتر لە 500 مەزار و گۆڕی گەورە پیاوان و شوێنی ئاینی لە هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی ئەوقاف تۆمارکراون.

### (رووداو) لە مەراسیمی ساڵانەی دەرهێنانی تاڵە مووەکان ئامادە بوو

# 7 تاڵە مووی ریشی پێغەمبەری ئیسلام لە هەورامانن

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- تەوێڵە**

پیرە پیاوێک قاسەکەی کردەوە، سندووقێکی بچووکی لەناو دەرهێنا و لەسەر سەری خۆی دانا. پاشەوپاش کشایەوە، ئەوانەی کە لە دەوروبەری وەستابوون بە یەک دەنگ گوتیان "الصلاة والسلام عليك يا رسول الله"، لەگەڵ دەرهێنانی شووشەیەک لەنێو سندووقە بچووکەکە کە چەند تاڵە موویەکی تێدابوو، زۆربەیان دەستیان بە گریان کرد.

لە هەردوو خانەقای تەوێڵە و بیارە، 7 تاڵە موو پارێزراون کە بەبڕوای زۆر کەس مووی ریشی پێغەمبەری ئیسلامن. بەگوتەی سەرپەرشتیارانی مەزارەکە، کە هەموویان سەر بە تەریقەتی نەقشبەندین، زیاتر لە 100 ساڵە ئەو تاڵە مووانە لەوێ پارێزراون.

ئەو حەوت تاڵە مووانە، چواریان لە خانەقای تەوێڵە و سێشیان لە خانەقای بیارە دانراون. (رووداو) لە کاتی دەرهێنانی تاڵە مووەکانی تەوێڵە لەوێ ئامادە بوو. تاڵە مووەکان لەنێو قاسەیەک لە تەنیشت گۆڕی شێخ عوسمانی تەوێڵە دانراون.

دەرهێنانی تاڵە مووەکان نزیکەی 15 خولەکی خایاند، کەس بۆی نییە دەست لەو تاڵە مووانە بدات، ئەو شووشەیەی تاڵە مووەکانی تێدابوو خستیانە نێو سەتڵێک ئاوەوە، دواتر ئامادەبووان ئاوەکەیان خواردەوە.



#### تاڵە مووەکان لە ئیستەنبوڵەوە هێنراون

شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندی، سەرپەرشتیاری مەزاری شێخ عوسمانی تەوێڵە، بەسەرهاتی هێنانی ئەو تاڵە مووانەی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی "دوای وەفاتی شێخ بەهائەددین کوڕی شێخ عوسمانی تەوێڵە، شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ شەمسەدینی کوڕی شێخ عوسمانی تەوێڵە دەبێتە رابەری نەقشبەندییەکان، ئەو بۆ ئیرشادی موریدەکانی دەوڵەتی عوسمانی سەردانی تورکیا دەکات، ئەوکات سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (ئەو سوڵتانە لە 1909-1876 حوکمی کردووە)، کوڕێکی شێتی دەبێت، خەڵکی بریندار کردووە و کوشتوویەتی، بۆیە بەستراوەتەوە".

شێخ عەبدولڕەحمان دەڵێت "هەواڵی چوونی شێخ ئەحمەد بە سوڵتان دەڵێن کە کوڕەکەی بباتە لای، چونکە زۆر نەخۆش لەسەر دەستی ئەو چاکبوونەتەوە، ئەویش دەڵێت ئەوەندە چوومەتە لای حەکیم و شێخ بێ ئومێد بوومە، تازە ئەوە چاک نابێتەوە، شێخ ئەحمەد کە ئەوەی بۆ دەگێڕنەوە دەڵێت خۆم دەچم، بەڵکو چاک بێتەوە. سوڵتان بەڵێن دەدات ئەگەر کوڕەکەی چاک بکاتەوە هەرچی بوێت پێی دەدات، شێخ ئەحمەد دەچێت ئەو کوڕە چاک دەکاتەوە".

لە بەرامبەر ئەو چاکەیە، وەک شێخ عەبدولڕەحمان دەڵێت "سوڵتان 9 گوندی بۆ دەنووسێت، شێخ ئەحمەد قەواڵەکە دەبینێت، دەڵێت من ئاغا و بەگ نیم، بشچمەوە هەر دەیدەم بە خەڵکەکە. بە سوڵتان بڵێن ئەوان ریشی پێغەمبەریان هەیە، با بەڵێنەکەی جێبەجێ بکات و ئەوەمان پێبدات، سوڵتان عەبدولحەمید گوتوویەتی تازە بەڵێنم داوە، خۆزگە کوڕەکەم چاک نەبووایەتەوەو ئەو ریشەم بە ئێوە نەدابا، کە تەنیا 7 تاڵە موو بووە، ئەوانیش بە دیاری بە شێخیان داوە".

بەپێی قسەی شێخ عەبدولڕەحمان، بۆ بەڕێکردنی ئەو تاڵە مووانە، 5 هەزار کەس لە ئیستەنبوڵەوە هەتا سەر سنووری ئێستای کوردستان هاتوون، هەر بەسەر سەر هێناویانە، لە هەورامان و ناوچەکەشەوە خەڵک بۆ پێشوازی دەچن، تا گەیاندوویانەتەوە هەورامان.

#### 101 کەس دەبێت داوا بکات

لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان، هەندێ کەلوپەل و پاشماوە پارێزراون کە دەگوترێ بۆ پێغەمبەری ئیسلام دەگەڕێنەوە. جگە لە تەوێڵە، دەگوترێ لە ناوچەی بەرزنجەش تاڵەمووەکانی پێغەمبەر هەن. بەڵام سەلەفییەکان و لایەنە ئیسلامییەکان و زۆر گرووپ و رەوتی دیکەی ئیسلامی باوەڕیان بەو شتانە نییە و بە دروستکراوی دەزانن، پێدەچێت هەر بۆ وەڵامی ئەوان بێت، لە خانەقای بیارە لەسەر سندووقە رەشەکەی مووی پێغەمبەری ئیسلام نووسراوە "لە حەزرەتی ئەنەسەوە خوا لێی رازی بێت، فەرموویەتی: پێغەمبەری خوام بینی، سەرتاشێک سەری پیرۆزی دەتاشی و هاوەڵەکانی دەورەیان دابوو، نەیاندەهێشت هیچ تاڵە موویەکی پیرۆزی بکەوێتە خوارەوە و دەستیان لەبەر دەگرتەوە (سەحیحی موسلیم)".

بەپێی هەندێک گێڕانەوە، پێغەمبەری ئیسلام سێبەری نەبووە، بۆیە شێخ عەبدولڕەحمان دەڵێت "ئەو مووانەی لامانە رووناکیمان لێداوە سێبەری نەبووە، مووی دیکەمان لە پاڵ داناوە سێبەری هەبووە".

دانیشتووانی ئەو ناوچەیە زۆرجار لە کاتی بێ بارانی، گرانی، شەڕ، تاعوون، هێرشی کوللە، ئەو مووانەیان هێناوەتە دەرەوە و لە خودا پاڕاونەتەوە. بەڵام شێخ عەبدولڕەحمان دەڵێت "دەبێت 101 کەس داوای بکەن، بڵێن لەبەر خاتری خوا مووی ریشی پێغەمبەر دەربێنن".

گوتیشی "ئەو رۆژەی مووەکە دەردێنین دەبێت رۆژی چوارشەممە بێت، ئەو خەڵکە لەسەر حیسابی خانەقا نان بخۆن، دەبێت هەموو گەردنی یەکتر ئازاد بکەن، بەڵام لە کاتی لافاو و باران نابێت دەربکرێت چونکە لافاوەکە زیاد دەکات".

ئەو سندووقەی مووەکانی تێدایە لە تەوێڵە زۆر بە دەگمەن دەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری مەزاری شێخ عوسمانی تەوێڵە دەڵێت "جار هەبووە 11 ساڵ ئەو مووەمان دەرنەهێناوە، بەڵام دوو ساڵە قاسەمان هەیە و کۆدی لەسەرە، ئەمنیەتیش باشە و پاسەوانمان هەیە، بۆیە زیاتر ئەو قاسەیە دەکەینەوە، بە تایبەتی بۆ زانایان و ئەو کەسانەی رێگەیان دوورە، بەڵام دەرهێنانی زوو زوو باش نییە، بە تایبەتی بۆ وەرعی سۆفییەکان".

### دەرهێنەرە ناودارەکانی کوردیش بەشدارییان نەکرد

# ئەستێرەکانی هۆلیوود و بۆلیوود نەهاتنە هەولێر



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

هیچکام لە ئەستێرەکانی هۆلیوود و بۆلیوود کە بڕیار بوو بەشداری یەکەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەما لە هەولێر بکەن، بەسەر فەرشی سووری فێستیڤاڵەکەدا نەڕۆیشتن و سەرپەرشتیارانی فێستیڤاڵەکەش دەڵێن زۆربەیان بەهۆی گرفتی داراییەوە ئامادە نەبوون.

رۆژی 30/5/2014، یەکەمین فێستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتیی فیلم بە ئامادەبوونی 120 هونەرمەند لە 16 وڵاتەوە لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو. پێشتر وا بڵاوکرایەوە کە چەند ئەستێرەیەکی هۆلیوود و بۆلیوودیش لەو فێستیڤاڵەدا ئامادە دەبن.

#### ئارکەی و مادهوبالا 80 هەزار دۆلاریان دەویست

ڤیڤان دشینە (ئارکەی) و درەشتی دهامی (مادهوبالا) کە دوو ئەکتەری سینەمای هیندی (بۆلیوود)ن، بڕیاربوو بەشداریی فێستیڤاڵەکە بکەن، بەڵام نەهاتن.

شڤان جەمیل، رێکخەری فێستیڤاڵەکە لەبارەی ئامادەنەبوونی ئەو دوو ئەکتەرە هیندییە گوتی "خەرجیی ئەوان زۆر لەسەر ئێمە دەکەوت کە نزیکەی 80 هەزار دۆلار بوو، جگە لە خەرجیی مانەوەیان لە هەولێر، بۆیە نەمانتوانی ئەوان بێنین". سەبارەت بە نەهاتنی ئەمیتاب باچان کە لە لیستی میوانانی بەشداربووی فێستیڤاڵدا بوو، شڤان گوتی "راستە ئەو بەڵێنی دابوو بەشدار بێت، بەڵام بەهۆی گۆڕینی کاتی فێستیڤاڵەکە نەیتوانی ئامادەبێت، پێشتر بڕیار بوو لە 5/5 فێستیڤاڵەکە بەڕێوەبچێت، بەڵام کە دواخرا ئەمیتاب نەیتوانی بەشدار بێت، چونکە خەریکی تۆمارکردنی نوێترین فیلمی خۆیەتی". گوتیشی "خەرجیی هاتنی ئەو هونەرمەندەش 40 هەزار دۆلاری تێدەچوو".

دارا میندەر ئەکتەرێکی دیاری سینەمای بۆلیوودە و سەدان فیلمی هەیە و لە کوردستانیش بینەرێکی یەکجار زۆری هەبووە، ئەویش داوای لێکرابوو بێتە فێستیڤاڵەکە. شڤان هۆی نەهاتنی ئەویشی بۆ خۆکاندیدکردنی بۆ پەرلەمانی هیندستان گەڕاندەوە و گوتی "داوای لێبوردنی کردووە".

#### ڤاندامیش نەهات

جگە لە ئەستێرەکانی بۆلیوود، وا بڕیاربوو چەند ئەستێرەیەکی هۆلیوودیش لەم یەکەمین فێستیڤاڵەدا بەشداربن کە یەکێک لەوانە ئەکتەری بەلجیکی جان کلود ڤاندام بوو.

شڤان باسی هۆکاری نەهاتنی ئەو ئەکتەرەشی کرد و گوتی بەشێکی پەیوەندی بە قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و بەشێکیشی پەیوەندی بە دواخستنی وادەی فێستیڤاڵەکە هەبوو "ڤاندام بە خۆشحاڵییەوە داواکەی ئێمەی پەسند کردو ئامادەبوو راستەوخۆ لە هۆنگ کۆنگەوە بێتە هەولێر، بەڵام ئێمە نەمانتوانی خەرجی ئەو دابین بکەین، لەبەرئەوەی تەنیا خەرجیی ڤاندام نزیکەی 50 هەزار دۆلار دەبوو، لەگەڵ هێنانی چوار کەس لەگەڵ خۆی، ئەمەش بارگرانییەکی زۆری دارایی لەسەر فێستیڤاڵەکە دروست دەکرد".

ئەستێرەی ناوداری جیهانی مۆنیکا بەلوچی بەپێی گوتەی شڤان ئامادەیی خۆی دەربڕیبوو بەشداری فێستیڤاڵ بکات، بەڵام بەهۆی دواخستنی کاتی فێستیڤاڵەکە و بەشداربوونی مۆنیکا لە فیلمێکی نوێدا، نەیتوانی بێتە کوردستان.

#### میسرییەکان داوای VIPیان دەکرد

تا دوا ساتی دەستپێکردنی فێستیڤاڵەکە، دەنگۆی هاتنی چەند هونەرمەندێکی ناوداری میسری هەبوو، لەوانەش ئیلهام شاهین و سومەیە خەشاب. (تۆڕی میدیایی رووداو) وەک تاکە کەناڵی کوردی لە فڕۆکەخانە ئامادەبوو بۆ پێشوازی لەو هونەرمەندە میسریانە، بەڵام دوای چاوەڕوانییەکی زۆر تەنیا چوار هونەرمەند لە میسرەوە گەیشتن کە سومەیە خەشاب و ئیلهام شاهین لەنێو ئەواندا نەبوون.

ناسر حەسەن، سەرۆکی فێستیڤاڵەکە لەوبارەیەوە گوتی "هۆکاری نەهاتنی وەفدی میسری بەهۆی ئەوەبوو کە بڕیار بوو چوارشەممەی رابردوو بگەنە هەولێر، بەڵام دوای ئەوەی کونسوڵی میسری لە هەولێر پرسیاری ئەوەی کردبوو ئایا ئەم وەفدە لە VIP فڕۆکەخانەی هەولێر دادەبەزن یان نا و ئەوانیش گوتبوویان نەخێر، یەکسەر تەلەفۆنی بۆ قاهیرە کردبوو کە ئەم وەفدە سەردانیان بۆ کوردستان رەتبکەنەوە، بەڵام چوار هونەرمەندی میسری هەر هاتبوون و ئەوانی دیکە گەڕابوونەوە، دوای چەندین جار گفتوگۆ لەگەڵ کونسوڵ نەمانتوانی رازی بکەین".

بەڵام سولەیمان عوسمان، کونسوڵی گشتیی میسر رەتیکردەوە کە ئەوان هونەرمەندانی میسریان ئاگادار کردبێتەوە لەوەی بەشداریی فێستیڤاڵەکە نەکەن.

#### دەرهێنەرانی کوردیش نەبینران

جگە لە چەند ئەکتەر و دەرهێنەرێکی کوردی باشووری کوردستان، هیچکام لە دەرهێنەرانی کوردی تاراوگەنشین و پارچەکانی دیکەی کوردستان ئامادەی ئەو فێستیڤاڵە نەبوون، لەوانەش بەهمەن قوبادی، شەوکەت ئەمین، هونەر سەلیم، هیشام زەمان، سەهیم عومەر خەلیفە و.. هتد. شڤان گوتی "هەموو ئەو دەرهێنەرانەمان داوەت کردبوون، نازانین بۆچی بەشدارییان نەکرد، بەڵام بەهمەن قوبادی کە ئێستا لە کوێتە بڕیاری داوە لە رۆژی کۆتایی فێستیڤاڵەکە ئامادە بێت".

شڤان جەمیل رێکخەری فێستیڤاڵەکە بودجەی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی سینەمای هەولێری بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "نزیکەی یەک ملیۆن دۆلارە کە هەمووی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دابین کراوە".

ڕووداو
ڕیپۆرتاژ
ژمارە (312) دووشەممە 2014/6/2



## گۆران ئازاد: پارتی داوای پۆستی دیکەشمان لێ دەکاتەوە

**ئەمڕۆ محەممەد- هەولێر**

گۆران ئازاد رایدەگەیێنێ ئەگەر یەکێتی، پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بداتەوە پارتی، ئەوا پارتی داوای پۆستی دیکەش دەکاتەوە. گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری فراکیسیۆنی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند "یەکێتی رێککەوتنێکی نووسراوی لەگەڵ پارتی هەیە لەسەر ئەو پۆستانە، ئەگەر ئەو پۆستەی ببەخشێتە پارتی، ئەوا رەنگە پارتی بەیانی داوای پۆستی دیکەش بکاتەوە، بۆیە نابێ ئەو رێککەوتنە درزی تێبکەوێت". گۆران ئازاد، کە یەکێکە لە بەربژێرەکانی یەکێتی بۆ جێگری سەرۆکی پەرلەمان هەروەها دەڵێت "نەدەبوو برادەرانی پارتی داوای ئەو پۆستەیان بکردایە".

# بارزانی داوا لە کۆسرەت ڕەسوڵ دەکات لە پۆستەکەی بمێنێتەوە

## 6/18 دوا وادەی نێچیرڤان بارزانییە بۆ پێشکەشکردنی کابینەی هەشتەم


(فۆتۆ: رووداو)

**هیڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان رایگەیاند، دوای پێکهێنانی حکومەت یەکێتی دوو پرس یەکلایی دەکاتەوە کە یەکێکیان دیاریکردنی بەربژێرە بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەوە لەکاتێکدایە کە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لە کۆسرەت رەسوڵ عەلی کردووە لە پۆستەکەی بمێنێتەوە.

یەکلاکردنەوەی پاڵێوراوان بۆ پۆستەکانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان سەرجەم ئەو حیزبانەی سەرقاڵ کردووە کە لە کابینەی نوێدا بەشداریی دەکەن. یەکلابوونەوە لەسەر پاڵێوراوەکان بۆ هەندێ لەو حیزبانە بووە بەکێشەیەکی گەورە لە کاتێکدا کە نزیکەی هەشت مانگ بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا تێدەپەڕێ.

رەنگە یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان یەکێک بێت لەو لایەنانەی کە بە ئاسانی بەربژێرەکانی بۆ پۆستە وەزارییەکان پێ یەکلایی نەبێتەوە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند کە "بڕیاردراوە هیچکام لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نەکرێنە وەزیر، بەڵکو دەبێ لە سەرکردایەتی و بەتایبەتی گەنجەکانی نێو یەکێتی بن". بەرپرسەکەی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتیشی "ناکرێ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی وەزیر بێت، بەڵام سەرۆکی تاقمی یەکێتی لەنێو حکومەتدا کە کاک قوباد تاڵەبانییە و پلەی حیزبی مەکتەب سیاسی نییە، فەرمان بە ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی بکات".

هەر لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (رووداو) ئەوەشی ئاشکرا کرد کە پێناچێ یەکلاکردنەوەی بەربژێرەکانی یەکێتی "وا بە ئاسانی تێپەڕێ"، گوتیشی "تەنیا یەکێتی نییە کە ئەم کێشەیەی هەیە، پارتیش کێشەی خۆی هەیە لە دەستنیشانکردنی وەزیرەکانی".

مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ پۆستە وەزارییەکانی یەکێتی پێشنیازی کردووە کە وەزیرەکانی یەکێتی بەپێی ناوچەی جوگرافی دابنرێن و ناوچەکان دابەش بکرێن بۆ سلێمانی، گەرمیان، هەڵەبجە، کەرکووک و هەولێر، بەڵام کۆسرەت رەسوڵ عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی رەخنەی لە شێوازی بڵاوکردنەوەی ئەو پێشنیازە گرت پێش تاوتوێکردنی لە مەکتەبی سیاسی.

دەرباز کۆسرەت رەسوڵ کە ئێستا پەرلەمانتاری یەکێتییە لە پەرلەمانی کوردستان، لەمیانەی بەشداریکردنی لە بەرنامەی (رووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەفزیۆنی رووداو، شەوی یەکشەممەی رابردوو گوتی "کاک کۆسرەت پێی خۆش نەبوو شێوازی دابەشکردنی پۆستەکان بەو شێوەیە بڵاوبکرێتەوە، چونکە ئەوە دەبووایە لە مەکتەبی سیاسی باسکرابایە نەک بڵاوبکرێتەوە".

بەپێی هەندێ سەرچاوەی یەکێتی، تاوەکو ئێستا هەریەک لە دەرباز کۆسرەت و فریاد رواندزی بەتەواوی یەکلایی بوونەتەوە بۆ پۆستی وەزارەت، بەڵام دەرباز کۆسرەت بە (رووداو)ی گوت کە هیچ پۆستێک یەکلایی نەبووەتەوە.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان ئاشکرای دەکات "ئەوەی تائێستا یەکلایی بووەتەوە ئەوەیە کە نابێ هیچ وەزیرێکی یەکێتی لە کابینەی حەوتەم ببێتەوە بە وەزیر لە کابینەی هەشتەم و ئەم بڕیارە جێبەجێ کراوە".

ئەسەسەرد ئەوەشیگوت "یەکێتی لە دوای پێکهێنانی حکومەت دوو ئەرکی لەبەردەمە، یەکەمیان پاڵێوراوی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و دووەمیان پۆستی سەرۆک کۆمارە".

(رووداو) لە سەرچاوەکانی مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە زانیویەتی کە کۆسرەت رەسوڵ عەلی پێشنیازی کردووە واز لە پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بهێنێ و یەکێتی دەستکراوە بێت لەوەی کێ لە شوێنی دادەنێ، بەڵام لە دوایین کۆبوونەوەی نێوان کۆسرەت رەسوڵ و مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێش ئەوەی گەشتەکەی بۆ ئەورووپا دەستپێبکات، بارزانی داوای لە کۆسرەت رەسوڵ کردووە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە. بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا پێیگوتووە کە پێویستە جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەر لە دەستی ئەودا بمێنێتەوە.

### پارتی بێ کێشە نییە

2014/6/18 دوا وادەیە بۆئەوەی نێچیرڤان بارزانی پێکهاتەی کابینەی هەشتەم پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکات بۆ وەرگرتنی متمانە، بەڵام تاوەکو ئێستا نە ناوی وەزیرەکانی حکومەتەکەی یەکلایی بووەتەوە و نە کارنامەی حکومەتەکەش نووسراوە.

دڵشاد شەهاب، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی بەربژارەکانی پارتی بۆ پۆستە وەزارییەکان بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا ئەوەی بەتەواوەتی یەکلایی بووەتەوە تەنیا ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانە ئەوانی دیکە هێشتا هیچ بڕیاری کۆتایی لەسەر نەدراوە".

بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، جگە لە ئاشتی هەورامی، کەریم شنگاری، وەزیری ناوخۆش لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوەو پۆستەکەی تەنیا بۆ دوو ساڵە، چونکە بەپێی رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی، وەزارەتی ناوخۆ دوو ساڵ بە دوو ساڵ دەبێ. هەروەها عەلی سندی، وەزیری پلاندانانیش لە جێی خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام پۆستەکانی دیکە کە پشکی پارتین وەکو وەزارەتی پەروەردە و شارەوانی یەکلایی نەبوونەتەوە کە کێیان بۆ دەستنیشان دەکرێ.

> **ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:**
> ڕەنگە ئاسان نەبێ ناوی وەزیرەکانی یەکێتی وا بە زوویی یەکلایی بکرێتەوە

> **دڵشاد شەهاب، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی:**
> تاوەکو ئێستا تەنیا ئاشتی هەورامی یەکلایی بووەتەوە

### یەکگرتوو تەواو بووە

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان تاکە لایەن بوو لە پێش هەموو لایەنەکانی دیکە کە بەربژێرەکانی خۆی بۆ پۆستە وەزارییەکان یەکلایی کردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەربژێرێکیان کشایەوە، ئێستا سەرقاڵی ئەوەن کێ لە شوێنی ئەو دابنێن.

مەولود باوەموراد، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد کە "15 کەس سیڤی خۆیان پێشکەش کردبوو بۆ وەرگرتنی پۆستە وەزارییەکان، بە شێوەیەک هەر 5 کەس سەر بە دەڤەرێک بوون، چونکە یەکگرتوو لەسەر سێ دەڤەر دابەشکراوە: هەولێر، سلێمانی و دهۆک".

باوەموراد گوتی لەکۆی 15 کەس 5 کەسیان هەڵبژارد بۆ ئەو پۆستانەی دراونەتە یەکگرتوو کە دوویان لە دهۆکن، ئەویش: نەسرەدین سەعید بۆ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، سەلاحەدین بابەکر، بۆ وەزارەتی کارەبا، محەممەد هاودیانی، بۆ رێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەت کە پلەکەی وەزیرە، ئەکرەم محەممەد بۆ رێکخراوە پیشەییەکان، عومەر محەممەد بۆ سەرۆکایەتی دەستەی ناوچە دابڕاوەکان، بەڵام ئەو دەستی لەکارکێشایەوە".

مەولود باوەموراد کە خۆی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووە، رەخنە لە شێوازی دەست لەکارکێشانەوەی عومەر محەممەد دەگرێ و دەڵێ "نەدەبووایە لە رێگەی راگەیاندنەوە ئەو کارە بکات، چونکە ئەو لەلایەن سەرکردایەتی یەکگرتوو هەڵبژێردراوەو دەبووایە لەبەردەم سەرکردایەتی یەکگرتووش ئەو بڕیارەی بدایە". دەربارەی ئەوەی ئاخۆ کێ لەشوێنی ئەو دادەنرێ، باوەموراد گوتی "دەبێ برادەرانی دەڤەری سلێمانی کەسێک دەستنیشان بکەن، چونکە پشکی ئەوانە".

### لەسەر گۆڕان پەک ناکەوێ

بزووتنەوەی گۆڕانیش هێشتا ناوی هەموو وەزیرەکانی خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە، بەڵام دەڵێن "پێکهێنانی حکومەت لەسەر ئێمە پەکیناکەوێ".

ئاکۆ حەمە کەریم، ئەندامی لیژنەی دانوستاندنکاری گۆڕان بۆ پێکهێنانی حکومەت بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا بە فەرمی داوا لە ئێمە نەکراوە ناوی وەزیرەکانی خۆمان پێشکەش بکەین، بەڵام هەر کاتێک داواکرا ئەوا ئامادە دەبین".

### 50 پاڵێوراو بۆ دوو پۆست

زیاتر لە 50 کەس بۆ وەرگرتنی هەر دوو پۆستە وەزارییەکانی پشکی کۆمەڵی ئیسلامی سیڤی خۆیان پێشکەشی ئەو حیزبە کردووەو لەم هەفتەیەدا کۆمەڵی ئیسلامی بڕیار لەسەر ناوی وەزیرەکانی دەدات. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵیش دەڵێ "نە عەبدولستار مەجید و نە هیچ کەسێک بۆ پۆستە وەزارییەکان یەکلایی نەبووەتەوە".

کۆمەڵی ئیسلامی ئێستا سەرقاڵی یەکلاکردنەوەی بەربژێرەکانی خۆیەتی بۆ هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژینگە.

ئەنوەر سەنگاوی، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لەبارەی شێوازی دەستنیشانکردنی وەزیرەکانی حیزبەکەی بە (رووداو)ی گوت "بڕیارماندا کە پێوەری پێشکەشکردنی (CV) پێڕەو بکەین و هەر کەسێ خۆی شایستە دەبینێ بۆ بەدەستهێنانی ئەو دوو پۆستە سیڤی خۆیان پێشکەش بکەن".

سەنگاوی ئاشکرای کرد کە سیڤییەکان تەواو بوون، ئێستا تاوتوێ دەکرێن و بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتوودا بڕیاری لەسەر بدرێ.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) لە سەرچاوەیەکی باڵای نێو کۆمەڵی ئیسلامییەوە "تاوەکو ئێستا تەنیا عەبدولستار مەجید، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکلایی بووەتەوە، بڕیار وایە تەنیا کەسێک لە مەکتەبی سیاسی یان سەرکردایەتی پۆستی وەزاری وەبگرێ و ئەوانی دیکە لەدەرەوەی ئەو دوو ئۆرگانە بن".

لەلایەن خۆیەوە کەسێکی نزیک لە عەبدولستار مەجید، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بە (رووداو)ی گوت "داوایەکی زۆر هەیە بۆئەوەی پۆستی وەزاری وەربگرێ، تەنانەت کۆدەنگییەک لەسەر ئەوە هەیە پۆستەکە وەربگرێ، بەڵام هێشتا ئەمە نەبووەتە بڕیار". گوتیشی "تاوەکو ئێستا 50 کەس سیڤییان پێشکەش کردووە بۆ ئەو پۆستانەی بەر کۆمەڵی ئیسلامی کەوتوون".


ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (312) دووشەممە 2014/6/2



## مالیکی هۆشداری دەداتە تورکیا

**ڕووداو- هەولێر**

عەبدولسەلام مالیکی، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لە بەیاننامەکدا ڕایگەیاند "بڕینی ئاوی فورات لە عێراق و سووریا لەلایەن تورکیا تاوانێکی دژی مرۆڤایەتییە و یاسای نێودەوڵەتی لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکات، هەروەها خاڵێکی ڕەشە و کاردەکاتە سەر تەنگژەی نێوان هەردوو وڵات". پەرلەمانتارەکەی دەوڵەتی یاسا هۆشداری دەدات و دەڵێت "ئەگەر تورکیا بەردەوام بێت لەسەر ئەو سیاسەتانە، عێراق ناچار دەبێت بەرگری لە مافەکانی گەلەکەی بکات و هەموو ڕێوشوێنێک دەگرێتەبەر بۆ پاراستنی مافەکانی".



### فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:

# یەکێتی پێنج بەربژێری هەن بۆ سەرۆکی عێراق و بەرهەم ساڵح بەهێزترینە

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

یەکێتی نیشتمانی خۆی کۆکردەوە و لە غیابی تاڵەبانیدا خۆی لە جاران بەهێزترکرد، ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبەش دەڵێ "ئیدی ڕاهاتووین بەبێ مام جەلال یەکێتی بەڕێوەببەین". هەروەها باسی پێنج کەس دەکات کە بەربژێری یەکێتین بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق. بەڵام هێشتا دیار نییە لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا ئەو پۆستە دەدرێتەوە یەکێتی یان نا.

زۆربەی چاودێران پێیانوابوو یەکێتی لە غیابی تاڵەبانیدا دەپووکێتەوە، چونکە کێشەکانی زۆرن، بەڵام لە هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی عێراقدا دووبارە هەستایەوە و ئێستا نەبرەی بەرپرسەکانی لە پێش 30ی نیسان بڵندترە.

- ڕەنگە لە سێ مانگی کۆتایی ئەمساڵدا یەکێتی کۆنگرە ببەستێ
- ڕاهاتووین بەبێ مام جەلال یەکێتی بەڕێوەببەین

### دوو دڵن لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی

لەمێژ بوو پارتی و یەکێتی لەسەر ئاستی باڵا کۆبوونەوەی هاوبەشیان بۆ باسکردنی چارەنووسی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوانیان نەکردبوو. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ "دوو دڵی هەیە لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی".

فەرید ئەسەسەرد، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی چارەنووسی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان حیزبەکەی و پارتی دەکات و دەڵێت "لەدوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی باسی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نەکراوە، بەڵکو باسی ئەوەکراوە کە هەموار بکرێتەوە". گوتیشی هەردوولا ڕێککەوتن کە "لیژنەیەکی باڵا پێکبهێنرێ بۆ هەمووارکردنی ڕێککەوتنەکە، بەڵام بە کردار جارێ هیچ نەبووە".

ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی لە 2007/7/27 واژۆ کراوە، بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە پۆستە ئیدارییەکان و بەڕێوەبردنی حکومەت لە نێوان ئەو دوو حیزبەدا دابەش دەکرێ.

ئەسەسەرد گوتی کە "هێشتا دیار نییە چ خاڵ و برگەیەکی ئەو ڕێککەوتنە هەموار دەکرێتەوە".

بەرپرسانی یەکێتی لە ئاستی مەکتەبی سیاسی چەندینجار ڕایانگەیاندووە کە یەکێتی زەرەری کردووە لە ڕێککەوتنی ستراتیژی و ڕێککەوتنەکە زیاتر لە بەرژەوەندی پارتی شکاوەتەوە.

فەرید ئەسەسەرد، پێیوایە ڕاستە بە فەرمی ڕێککەوتنەکە هەڵنەوەشاوەتەوە، بەڵام یەکێک لە گەورەترین پرەنسیپەکانی ڕێککەوتنەکە هەڵوەشاوەتەوە کە ئەویش بەشداریکردنی یەکێتی و پارتی بوو لە هەڵبژاردنەکاندا بە لیستی هاوبەش. بۆیە وەک ئەو گوتی "ڕێککەوتنی ستراتیژی هێزی جارانی نەماوە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی نایشارێتەوە کە ئێستا "دوو دڵی هەیە لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی، بەڵام ئێستاش مەترەح نییە کە هەڵبوەشێتەوە".

پرسی سەندنەوەی متمانە لە مالیکی لە ناوەڕاستی ساڵی 2012دا درزەکانی نێو ڕێککەوتننامەکەی زیاتر کرد، کاتێک بارزانی سوور بوو لەسەر سەندنەوەی متمانە لە مالیکی، بەڵام تاڵەبانی واژۆی نەکرد.

خەریکە پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی لە ئاستی ڕێککەوتنی ستراتیژییەوە دادەبەزێ بۆ پەیوەندی ئاسایی. فەرید ئەسەسەرد دەڵێ "ڕێککەوتنە سیاسییەکان مەرج نییە هەڵبوەشێنرێنەوە، بەڵکو خۆیان هەڵدەوەشێنەوە. ئێستاش پارتی و یەکێتی هەست دەکەن کە ڕێککەوتنەکە کاڵ بووەتەوە، ئێستا لە مەسەلەی تورکیا، سووریا، ئێران، مالیکی، PKK تێڕوانینی ئێجگار زۆری جیاواز هەیە لەنێوان هەردوولا".

### پێنج بەربژێر بۆ سەرۆکایەتی کۆمار

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا 21 کورسی بردەوە، چاویان لەوەیە کە لە دابەشکردنەوەی پۆستەکانی بەغدا پۆستی سەرۆک کۆماری وەربگرنەوە، فەرید ئەسەسەرد گوتی کە ئەگەر پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق درایەوە بە کورد، ئەوا بەشی یەکێتی دەبێ "بەڵام ئەگەر بۆ یەکێتیش نەبوو کۆتایی دنیا نییە".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی ناوی زیاتر لە پالێوراوێکی حیزبەکەی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری ئاشکرا کرد و گوتی "لەنێو یەکێتیدا پێنج کەس هەن بۆ ئەو پۆستە: بەرهەم ساڵح، عادل موراد، نەجمەدین کەریم، عەدنان موفتی و فوئاد مەعسوم". بەڵام بە قسەی فەرید ئەسەسەرد "بەرهەم ساڵح بەهێزترین بەربژێرە بۆ ئەو پۆستە".

### بەبێ تاڵەبانی بەهێزترە

تاڵەبانی کە دامەزرێنەری ئەو حیزبەیە بەهۆی تووشبوونی بە جەڵتەی مێشک، لە 2012/12/17 وە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق و کوردستان دوورکەوتووەتەوە، یەکێتیش نەیتوانیوە کۆنگرە ببەستێ کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حیزبە دەبووایە لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابردوو کۆنگرە ببەستێ.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەڵێ "جارێ سێ حکومەتمان لەپێشە کە دەبێ پێکبهێنرێن (حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجوومەنی پارێزگاکان، حکومەتی عێراق) کە ئەو هەنگاوە تەواوبوو، یەکێتی کۆنگرەی خۆی دەبەستێ".

بڕیاربوو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە 2014/1/31 چوارەمین کۆنگرەی خۆی لە سلێمانی ببەستێ، بەڵام ناکۆکی نێو یەکێتی نەیهێشت بکرێ. ئەو کات کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و بەرهەم ساڵح، جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی پێداگیرییان دەکرد کە دەبێ یەکێتی لە کاتی خۆیدا کۆنگرە بکات، بەڵام باڵی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد پێیانوابوو دەبێ یەکێتی لە دوای هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسان کۆنگرە ببەستێ.

سەعدی پیرە گوتی "ئەوانەی پێیانوابوو باشتر وایە کۆنگرە لە دوای هەڵبژاردن بکرێ بردیانەوە و یەکێتیش دەنگی باشی هێنا". بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ وادەیەک بۆ کۆنگرە دەستنیشان نەکراوە.

فەرید ئەسەسەرد دەڵێ "یەکێتی یەکەم کۆنگرەی خۆی بەبێ مام جەلال دەبەستێ کە گۆڕانکاری گەورەی تێدا ڕوودەدات". ئەسەسەرد باسی دۆخی یەکێتی کرد بەبێ تاڵەبانی و گوتی "ئیدی ڕاهاتووین بەبێ مام جەلالیش یەکێتی بەڕێوەببەین، بەبێ مام جەلالیش پێگەی بەهێز بۆ یەکێتی دروست بووە".

دەربارەی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیش گوتی "هەرچەندە کاتی کۆنگرە دیاری نەکراوە، بەڵام بەبۆچوونی من لە سێ مانگی کۆتایی ئەمساڵدا دەبەسترێ، چونکە بۆچوونێک هەیە لە نێو یەکێتی کە تاوەکو ئەو سێ حکومەتەی هەیە پێکنەهێنرێ یەکێتی خۆی بە کۆنگرەوە سەرقاڵ نەکات".



# دەوڵەتی یاسا: سەرۆکایەتی حکومەتمان مسۆگەر کردووە

### یەکێتی هێزە نیشتمانییەکانی سوننە:

### ئەو پەرلەمانتارانەی لەگەڵ ئوسامە نوجەیفی ماونەتەوە تەنیا 4 کەسن



(فۆتۆ: AFP)

**ئاسۆ فیشەگی**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، نووری مالیکی یان هەر بەربژێرێکی دیکە، پێویستی بە مسۆگەرکردنی دەنگی 219 ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی عێراق دەبێ، نەک دەنگی 165 ئەندام وەک هەندێک لایەن باسی لێوە دەکەن.

بەپێی ماددەی 76ی دەستووری فیدراڵیی عێراق، دەبێ سەرۆک کۆمار، بەربژێری ئەو فراکسیۆنە پەرلەمانییەی زۆرترین ئەندامی هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕاسپێرێ لە ماوەی 15 ڕۆژ لە ڕۆژی هەڵبژاردنی بە سەرۆک کۆمار. واتە مالیکی یان هەر بەربژێرێکی دیکە پێش ئەوەی 165 کورسییەکە مسۆگەر بکات، دەبێ دەنگی 219 پەرلەمانتاریش مسۆگەر بکات تاوەکو دەنگ بە سەرۆک کۆمار بدەن و سەرۆک کۆماریش ئەو ڕاسپێرێت. چونکە بەپێی ماددەی 70ی دەستووری فیدراڵی دەبێ سەرۆک کۆمار لەلایەن دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمانی عێراقیش دەکاتە 219 پەرلەمانتار.

عالیە نسەیف جاسم، پەرلەمانتاری هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ژمارەی کورسییەکانی دەوڵەتی یاسا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی چ فراکسیۆن بن وەک فراکسیۆنی کەفائات، چ پەرلەمانتاری فراکسیۆن و هاوپەیمانییەکانی دیکە بن وەک هاوپەیمانیی موتەحیدون بە سەرۆکایەتی ئوسامە نوجەیفی و هاوپەیمانی عەرەبییە بە سەرۆکایەتی ساڵح موتڵەگ و چەند فراکسیۆنێکی دیکەی بچووکتر، گەیشتووەتە سەرووی 165 کورسی و بەمەش دەوڵەتی یاسا سەرۆکایەتی حکومەتی داهاتووی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە، چونکە بووەتە خاوەنی زۆرینە لە پەرلەمان".

عالیە نسەیف جاسم گوتیشی "جگە لەوەی دەوڵەتی یاسا بە ژمارەی کورسییەکانی خۆی فەرز دەکات لە نێو پەرلەمان، هاوکات ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی کە خاوەنی 31 کورسی پەرلەمانی نوێیە، بەفەرمی بە دەوڵەتی یاسای ڕاگەیاند کە ئەوان هێڵی سووریان لەسەر خولی سێیەمی مالیکی نییە".

لەبەرامبەردا هاشم حەبوبی، سەرکردەی هاوپەیمانی وەتەنییە کە ئەیاد عەللاوی سەرۆکایەتی دەکات بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کێشەی ڕاستەقینەی لایەنەکانی سوننە ئامادەنەبوونی ئەو لایەنانەیە بۆ بوون بە ئۆپۆزیسیۆن، هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق هاوپەیمانی وەتەنییە ڕایگەیاند کە ئامادەیە ببێتە ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام تاقە لایەن کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئامادەیی خۆی بۆ بوون بە ئۆپۆزیسیۆن ڕاگەیاند دوای وەتەنییە، ڕەوتی سەدر بوو. ئێمە و ڕەوتی سەدریش زۆر لەیەکەوە دوور نین". گوتیشی "ئەو لایەنانەی کە ئامادە نین ببنە ئۆپۆزیسیۆن دەڵێن چۆن ببینە ئۆپۆزیسیۆن، کێ جەماوەر و دەنگدەرانمان دەپارێزێ و داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکات؟".

بەپێی قسەی هاشم حەبوبی، هاوپەیمانی وەتەنییە ئامادە نییە بچێتە نێو یەکێتی هێزە نیشتمانییەکان بەهۆی دوو هۆکار: "یەکەم خولی سێیەمی مالیکی لای ئێمە هێڵی سوورە، دووەمیش نامانەوێ ئەزموونی تاڵی هاوپەیمانی عێراقیە دووبارە ببێتەوە".

ناوبراو ڕەتیکردەوە مالیکی 165 کورسی کۆکردبێتەوە و گوتی "ئەو ژمارەیە دروستە ئەگەر یەکێتی هێزە نیشتمانییەکانی سوننە بچنە پاڵ مالیکی".

سەرچاوەیەکی باڵا لە یەکێتی هێزە نیشتمانییەکانی سوننە کە هەفتەی ڕابردوو لەبەغدا ڕاگەیەندرا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو پەرلەمانتارانەی لەگەڵ ئوسامە نوجەیفی ماونەتەوە تەنیا 4 پەرلەمانتارن".

یەکێتی هێزە نیشتمانییەکانی سوننە لە چەند فراکسیۆن و پەرلەمانتارێک پێکدێت کە بە هەموویان 45 کورسییان هەیە، ئەوانیش فراکسیۆنی حەل 10 کورسی، حیزبی ئیسلامی 7 کورسی، هاوپەیمانی عەرەبییە 10 کورسی، وەحدەی عێراق 2 کورسی، خەلاس یەک کورسی، دیالە ناسنامەمانە 5 کورسی، وەفا بۆ ئەنبار 3 کورسی، لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێکی سەربەخۆ.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئەو کەسەی لە پشت پێکهێنانی ئەو یەکێتییەیە سەعد بەزاز، سەرمایەدار و سیاسەتمەداری ناسراوی عێراقە کە خاوەنی کەناڵی تەلەڤزیۆنی شەرقیەیە، ئامانجیشی پەراوێزخستنی ئوسامە نوجەیفی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراقەو ئامانجەکەی خۆشی پێکا. بەکورتی یەکێتی هێزە نیشتمانییەکان زۆربەی پەرلەمانتارانی 6 پارێزگا سوننە نشینەکانی عێراق لەخۆدەگرێ و ئەو پەرلەمانتارانەی لەگەڵ ئوسامە نوجەیفی ماونەتەوە تەنیا 4 پەرلەمانتارن.

سەرچاوەکەی یەکێتی هێزە نیشتمانییەکانی سوننە گوتیشی "یەکێتی هێزە نیشتمانییەکانی سوننە پشتگیری هەر بەربژێرێکی هاوپەیمانی شیعە دەکات بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق، ئەگەر ئەو بەربژێرە مالیکیش بێت و ئەگەر یەکێتی هێزە نیشتمانییەکانیش لەم کاتە ڕانەگەیەندرایە ئەوا بەدڵنیاییەوە زۆربەی پەرلەمانتارەکانی ئەم یەکێتییە دەبوونە هاوپەیمانی مالیکی، بۆیە ویستمان لە یەکێتییەکدا کۆیانبکەینەوە بۆ ئەوەی مەرجی خۆمان بسەپێنین و سەنگی خۆمان هەبێ و بەمەش ئێمە دوای دەوڵەتی یاسا و کورد، دەبینە هێزی سێیەم لە عێراق".

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (312) دووشەممە 2014/6/2

## BDP سەرکەوتنی لە ئاگری ڕاگەیاند

**ڕووداو- ئاگری**

پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDP سەرکەوتنی خۆی لە هەڵبژاردنی شارەوانی ئاگری لە باکووری کوردستان ڕاگەیاند. سری ساکیک، پاڵێوراوی پارتی ئاشتی و دیموکراسی بۆ سەرۆک شارەوانی ئاگری بەپێی ئەنجامە بەراییە نا فەرمییەکان سەرکەوتنی خۆی ڕاگەیاند لە هەڵبژاردنەکەی 2014/6/1 لەو شارە و گوتی "هەر کەسێک ئەنجامەکانی پێ قبووڵ نەبێت مانای ئەوەیە ئاشتی ناوێت". کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا بە هۆی نزیکی دەنگەکانی براوەی یەکەم و دووەمەوە هەڵبژاردنی شارەوانی ئاگری هەڵوەشاندبووەوە و ڕۆژی 6/1 هەڵبژاردنەکە دووبارە کرایەوە.

# گەڵاڵەنامەیەک یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان پەکدەخات

**ناسر پیرۆتی**
**ڕووداو- هەولێر**

هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) و حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) کە نزیکەی دوو ساڵە باسی یەکگرتنەوە و بنیاتنانەوەی ماڵی دیموکرات دەکەن، یەکدی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بۆ ئەو یەکگرتنەوەیە جددی نین.

هەرچەندە پێشتر ئەو دوو حیزبە زوو زوو کۆدەبوونەوە، بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی گەڵاڵەی یەکگرتنەوە لەلایەن (حدک)ەوە، کۆبوونەوە و دانوستاندنەکانی یەکگرتنەوە پەکیانکەوت.

تەیمور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسی (حدکا) بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بڵاوکردنەوەی ئەو گەڵاڵەیە کاریگەری لەسەر ڕەوتی دانوستاندنەکان هەبووە و ئەو گومانەی لای حیزبەکەی دروستکردووە کە حدک لە پرۆژەی یەکگرتنەوەدا "جددی" نییە.

مستەفایی هەروەها دەڵێت لە کاتی دانوستاندنەکاندا هەردوولا بڕیاریان دابوو وردەکارییەکانی کۆبوونەوەکانیان بۆ ڕای گشتی بڵاونەکەنەوە "چونکە یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات نەیاری زۆری هەیە و ئەگەر بەو شێوەیە هەموو وردەکارییەکان بڵاو بکرێنەوە، لەوانەیە نەیارەکان تەگەرە بخەنە بەردەم پرۆسەی یەکگرتنەوەی لایەنەکانی دیموکرات".

هاوکات حیزبی دیموکراتی کوردستانیش تۆمەتی "نا جددی" بوون دەخاتە پاڵ لایەنەکەی دیکە. حدک دەڵێ حدکا ئەوەندە خاو و بە شلی لە پرۆسەی یەکگرتنەوە هاتووەتە پێش کە ئەوان ناچار بوون خەڵکی کوردستان لە بۆچوون و ڕوانگەکانی خۆیان بۆ یەکگرتنەوە ئاگادار بکەنەوە.


خالید عەزیزی و مستەفا هیجری

قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان تەنیا پرسی ئەو دوو حیزبە نییە، بەڵکو پرسی هەموو خەڵکی کوردستانە، بۆیە نابێ وردەکارییەکانی لە خەڵک بشاردرێتەوە.

ئەو دوو لایەنە هەر کامیان گەڵاڵەیەکیان بۆ یەکگرتنەوە بۆ لایەنەکەی دیکە پێشنیاز کردووە. حدکا گەڵاڵەیەکی پێشنیاز کردووە کە 18 ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکگرتنەوەی نێوان دوو لایەنی حدکا و حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ نووسراوە. حدکا دەڵێ ئەوان ئامادەن لەسەر بنەمای دوایین کۆنگرەی هاوبەشی ئەو دوو لایەنە، واتە کۆنگرەی سێزدەیەم، یەکبگرنەوە. بەو پێیە حدک لەگەڵ حدکا تێکەڵ دەبێتەوە و ڕیزەکانیان یەکدەخرێتەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو گەڵاڵەیەی ڕەتکردووەتەوە و دەڵێت گەڵاڵەکە تایبەت بە سەردەمێکی دیاریکراو بووە و بۆ ئێستا دەستنادات.

تەیمور مستەفایی دەڵێت ئەوانیش دەزانن ئەو گەڵاڵەیە کۆنە و لەوانەیە زۆر شتی بە کەڵکی ئێستا نەیەت، بەڵام حدک دەبووایە قبوڵی کردبا کە لەسەر بنەمای ئەو گەڵاڵەیە دانوستاندن بکەن و ئەوکات دەیانتوانی یەکبگرنەوە، بەڵام حدک گەڵاڵەیەکی دیکەی پێشنیاز کردووە.

هەردوو لایەن دەیانەوێ گەڵاڵەی ئەوان بکرێتە بنەمای یەکگرتنەوە. حدکا دەیەوێ نێو، لۆگۆ، ئاڵا و دروشمی ستراتیژیی حیزبی یەکگرتوویان هی خۆی بێ، بەڵام بەپێی گەڵاڵەی حدک "حیزبی دیموکرات دوای وەدەستهێنانەوەی یەکێتیی خۆی و لە کۆنگرەی داهاتوو (کۆنگرەی ١٦) دا، ڕێوشوێن بۆ چۆنیەتی بەکاربردنی ئەو دەستەواژانە پەسند دەکات کە بە ناو و ناسنامەی حیزبی دیموکرات دەژمێردرێ".

لە گەڵاڵەی (حدکا)دا هەروەها هاتووە "پاش هەڵگیرانی هەموو هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات، بۆ ئەوەی یەکڕیزییەکی پتەو و واقیعی لە نێو حیزبدا بێتە ئاراوە و هەردوولا بەتەواوی پێیەوە پابەند بن، بە بڕیارێکی تایبەت، کۆنگرەی 16 مێژووی ئەو چەند ساڵەی هەردوو بەشی دیموکرات بە مێژووی حیزب بەگشتی دەناسێنێ".

ئەگەرچی ڕەوتی دانوستاندنی ئەو دوو لایەنە بۆ یەکگرتنەوە، بە هۆی جیاوازیی گەڵاڵەکانیان وەستاوە، بەڵام حدکا دەڵێت ئەوە نابێتە هۆکارێک بۆ وەستاندنی یەکجارەکی ڕەوتی دانوستاندنەکان و لە داهاتوودا ئەو ڕەوتە دەستپێدەکەنەوە.

بە گوتەی تەیمور مستەفایی، ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها خەڵکیش داوایان لێدەکەن ئەو حیزبە وەسەریەک بخەنەوە.

ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات ساڵی 2006 لێکترازا و حدک لە حدکا جیابووەوە. ئەو دوو لایەنە سەرەتا پەیوەندییان بەیەکەوە نەبوو، هەروەها لە ڕاگەیاندنەکانیشدا زۆرجار هێرشیان دەکردە سەر یەکدی، بەڵام نزیکەی دوو ساڵە ئەو ڕەوتە گۆڕاوە و ئەوان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییان پێکەوە هەیە. هەردوو لایەنی ئەو حیزبەش دەڵێن تاوەکو ئێستاش لە هەموو حیزبەکانی دیکە لەیەکدی نزیکترن.

دەزگاکە بە بڕیاری ئەتاتورک دامەزراوە

# دەزگای TDKی تورکی فەرهەنگێکی کوردی چاپ دەکات

**دەنیز سێرنجی**
**ڕووداو- ئامەد**

یەکەم فەرهەنگی کوردی- تورکی لە باکووری کوردستان و تورکیا کەوتە بازاڕەوە. فەرهەنگەکە وەکو هەنگاوێکی بنەچەیی دەبینرێت لە تورکیا کە تا ساڵی 1991 زمانی کوردی تێیدا قەدەغە بوو، تەنانەت تا ئێستاش کوردی ئەو وڵاتە گلەیی لەوە دەکەن کە دەچەوسێنرێنەوە.

فەرهەنگەکە کە کوردی- تورکی و تورکی – کوردییە، لەلایەن دەزگای زمانی تورکی (TDK) کە لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوەدەبرێت چاپکراوە. TDK ڕێکخەری سەرەکی زمانی تورکییە و بەم دواییە سەرنجی میدیا و ڕای گشتی بۆ خۆی ڕاکێشاوە.

فەرهەنگەکە بە شێوەزاری کرمانجییە، ئەو شێوەزارەی زۆربەی کوردی باکووری کوردستان و تورکیا پێیدەدوێن. هەروەها لەلایەن شارەزایانی زمانەوانی و ئەکادیمییەوە ئامادەکراوە بۆ ئەوەی لە خوێندنگەکاندا بەکاربهێنرێت بۆ ئەو خوێندکارانەی کە زمانی کوردی وەکو وانەیەکی بژاردە هەڵدەبژێرن.

موستەفا کاجالین، بەڕێوەبەری TDK دەڵێت فەرهەنگەکە بەرهەمی 18 مانگ کارکردنە.

لە قۆناغی یەکەمدا 50 هەزار دانە لە فەرهەنگەکە چاپ کراوە بەدوو بەشەوە، بەشێکیان کوردی- تورکییە، ئەوی دیکە تورکی- کوردییە.

قسەکردن بە زمانی کوردی و پێشاندانی هەر هێمایەکی کورد بوون لە تورکیا تاوەکو ساڵی 1991 قەدەغە بوو. ئەو قەدەغەیە لەلایەن دامەزرێنەری کۆماری تورکیای نوێوە کەمال ئەتاتورک سەپێنرابوو. ئەتاتورک بانگەشەی "یەک گەل، یەک زمان، یەک ئاڵا"ی دەکرد.



بڵاوکردنەوەی فەرهەنگێکی کوردی لەلایەن TDK کە بە دەستپێشخەریی ئەتاتورک خۆی دامەزراوە، مشتومڕێکی زۆری لە میدیای تورکیادا ناوەتەوە.

دۆیگۆ ئەتلاس، لێکۆڵەر و شارەزای کاروباری تورکیا لە زانکۆی تەلئەبیب، بە (ڕووداو)ی گوت، بڵاوکردنەوەی ئەو فەرهەنگە وەکو زۆر هەنگاوی دیکەی ئەم دواییەی تورکیا سیاسەتی ڕابردووی تورکیا هەڵدەوەشێنێتەوە.

"دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، سەرکردایەتی سیاسی تورکیا دەستیان کرد بە پرۆژەی بنیاتنانی دەوڵەت کە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیستی تورکی دامەزرابوو بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی یەکڕەنگ دروست بکەن، بەڵام ئێستا وردە وردە گۆڕانکاری دەبینین" ئەتلاس وا دەڵێت.

لە ڕۆژی 24ی مانگی ڕابردوو نموونەیەکی ئەو گۆڕانکارییە بینرا، کاتێک کە سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە سەردانەکەیدا بۆ ئەڵمانیا دروشمی "یەک گەل، یەک دەوڵەت، یەک ئاڵا"ی دووبارە کردەوە، بەڵام ئەو بەشەی دووبارە نەکردەوە کە دەڵێت "یەک زمان".

بەڵام یەکێک لە ئەندامانی بۆردی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە ئیستەنبوڵ، بە ناوی سەزا مس هۆرۆز، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کوردی باکووری کوردستان هێشتا ڕووبەڕووی جیاکاری و چەوساندنەوە دەبنەوە بەهۆی بە کوردی قسە کردنەوە.

"تابووی دژە زمانی کوردی ئێستا شکێنراوە، ئێستا کورد دەتوانن بە کوردی قسە بکەن. بەڵام چونکە تاوەکو ئێستا زمانی کوردی ستاتوکۆی یاسایی نییە لە دەستووری تورکیادا، کورد هێشتا ڕووبەڕووی ئاڵۆزی دەبنەوە لە بەکارهێنانی زمانی کوردیدا. بۆ نموونە، زیندانیان زۆرجار ڕێگەیان پێ نادرێت بە کوردی داکۆکی لە خۆیان بکەن" هۆرۆز وایگوت.

مافی زمان یەکێکە لە داواکارییە سەرەکییەکانی کورد، ئەتلاس پێیوانییە کورد بە کەمتر لە مافی زمانەوانی تەواوەتی ڕازی ببن و دەڵێت "ڕەنگە زۆر ڕیفۆرمی بچووک بچووک هەبن، بەڵام ئەگەر مافی تەواوەتی زمانەوانی بۆ کورد نەگەڕێنرێتەوە، بە تایبەتی لە مەسەلەی خوێندن بە زمانی دایک، ئەوە مانای وایە کە کێشەی کورد لە تورکیادا بەردەوام دەبێت".

# زانکۆی تاران ئینسایکلۆپێدیای کوردی دەردەکات

**ڕووداو- تاران**

بەڕێوەبەری بەشی کوردی لە ناوەندی ئینسایکلۆپێدیای ئیسلامیی زانکۆی تاران ڕایگەیاند کە بەم نزیکانە یەکەمین ئینسایکلۆپێدیای کوردی چاپ دەکەن.

د.ئیسماعیل شەمس، بەڕێوەبەری بەشی کوردی لە ناوەندی ئینسایکلۆپێدیای ئیسلامیی زانکۆی تاران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئینسایکلۆپێدیاکە لە شەش بەرگ پێکدێت و بەم نزیکانە چاپی دەکەن.

شەمس ئامانجی ئەو کارەی ناوەندی ئینسایکلۆپێدیای ئیسلامی زانکۆی تارانی ڕوونکردەوە و گوتی "ئامانجمان ئەوەیە مێژوو، کەلتوور و سیاسەتی کورد لە بەرهەمێکدا کۆبکەینەوە".

بۆ ئامادەکردنی ئەو ئینسایکلۆپێدیایە وەک د.ئیسماعیل شەمس ئاماژەی پێکرد، سوودیان لە زیاتر لە 2000 پەرتووک، توێژینەوە و گوتاری جۆراوجۆر وەرگرتووە.

بەشی کوردی یەکێکە لە بەشەکانی ناوەندی ئینسایکلۆپێدیای ئیسلامیی زانکۆی تاران کە ساڵی 2008 بە هەوڵی د.ئیسماعیل شەمس، مامۆستای زانکۆی تاران کراوەتەوە. ئەم بەشە یەکەمین بەشی کوردۆلۆژییە لە ئێران کرابێتەوە.

د.ئیسماعیل شەمش لەبارەی کردنەوەی بەشی کوردۆلۆژی لە زانکۆی تاران گوتی "ئامانجم لە کردنەوەی ئەم بەشە، ئەنجامدانی توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستییە لەسەر مێژووی کورد و بەتایبەت مێژووی کورد لە ئێران. بەداخەوە کە تاوەکو ئێستا مێژووی ئێمە لە دەرەوە و لەلایەن کەسانی بیانییەوە نووسراوە. هیوادارم نووسەرانی کورد مێژووی گەلەکەیان بنووسنەوە. کاتی ئەوە هاتووە کە ئێمەش وەکو گەلانی دیکە مێژووی خۆمان بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی بنووسینەوە و ڕۆژهەڵاتناسانیش پەرتووکەکانمان وەرگێڕنە سەر زمانی ئینگلیزی".

بەپێی مادەی 15ی دەستووری بنەڕەتیی ئێران، دەبێ لە پاڵ زمانی فارسی زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش لەوانەش کورد، تورک، بەلووچ بخوێندرێت، بەڵام خوێندن تەنانەت لە قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە زمانی فارسییە. سەرەڕای داواکاری کورد و نەتەوەکانی دیکە بۆ خوێندن بە زمانی دایک، بەڵام بەرپرسانی ئێران ئامادە نین ئەو مافە دەستوورییەی گەلانی نا فارس جێبەجێ بکەن.



ڕووداو
ژمارە (312) دووشەممە 2014/6/2

## هەرێمی کوردستان پارەی نەوتەکەی وەرنەگرتووە

**نەمرۆ محەممەد- هەولێر**

دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیکردەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەی نەوتی فرۆشراوی وەرگرتبێت. کە تاوەکو ئێستا 2 ملیۆن و 500 هەزار بەرمیل نەوتی فرۆشتووە. جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان ڕوونیکردەوە پارەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەچێتە هاڵک بانکی تورکیا، پرۆسەی وەرگرتنی پارەکەش، پێویستی بە کات هەیە، ڕەنگە زیاتر لە 20 ڕۆژ بخایەنێت.



### 6 بەربژێرە کوردەکەی سوێد دەرنەچوون

# 50 هەزار کورد لە سوێد دەنگیان نەدا

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

لە کۆی 6 بەربژێرە کوردەکەی سوید بۆ پەرلەمانی ئەوروپا، هیچیان دەرنەچوون. بەپێی قسەی چاودێران، دەرنەچوونی ئەوان پەیوەندی بە زۆریی ژمارەی بەربژێرەکان و بەشداری نەکردنی کوردەوە لە دەنگدان هەبوو.

### کورد دەنگی نەدا

6 بەربژێری کورد کە سەر بە 5 پارتی جیاوازی سوید بوون، بەشدارییان لەو هەڵبژاردنەدا کرد. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لە کۆی ئەو 75 هەزار کوردەی بۆیان هەبووە لەو وڵاتە دەنگ بدەن، تەنیا 20 هەزار کەس دەنگیان بە کورد داوە و ژمارەی ئەو کەسانەش کە دەنگیان بە بەربژێرە نا کوردەکان داوە، ڕەنگە تەنیا 1000 کەسێک بووبن، بەم پێیە نزیکەی 50 هەزار کورد دەنگیان نەدا.

بەپێی لێدوانی سیاسییەکی کوردی شاری ستۆکهۆڵم، دەتوانرا لەرێگەی ئەو 20 هەزار دەنگە، 3 تا 4 کورد بچنە پەرلەمانی ئەوروپا، چونکە هەریەک لە جەبار ئەمین و کوردۆ باکسی و شوکری دەمیر بە نزیکەی 7 هەزار دەنگ دەبوونە ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا.

کەمال ناودار، کادری پارتی لە سوێد وێڕای گلەیی زۆری لە کەمیی دەنگدەری کورد لەو هەڵبژاردنەدا، گوتی "پێشتر ئێمە بیرۆکەی کەمکردنەوەی بەربژێرەکانمان وروژاند، گوتمان هەندێکتان تەنازول بکەن".

بەڵام شوکری دەمیر بەربژێری دەرنەچووی پارتی گەلی لیبراڵ کە تەنیا 1805 دەنگی هێناوە و بە نزیکەی 5000 دەنگ دەردەچوو، گوتی "ئێمە کارمان لەسەر بەرنامە کردووە و زۆر لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە نەبووم".

خەڵک پێیوایە پارتەکانی باشووری کوردستان ململانێکانیان گواستووەتەوە سوێد و ئەوان هۆکاری ئەوە بوون کە کورد نەگاتە پەرلەمانی ئەوروپا. سۆزان ئەمین، دانیشتووی سوێد گوتی "پارتی و یەکێتی دژایەتی جەبار ئەمینیان کرد کە ئەو تەنیا 2000 دەنگێکی دەویست". بەپێی قسەی سۆزان، جەبار ئەمین لە بزووتنەوەی گۆڕان نزیکە، بۆیە ئەو دوو حیزبە دژایەتییان کردووە، بەڵام جەبار ئەمین خۆی ئەوەی ڕەتکردەوە.

نوێنەرەکەی پارتیش گوتی "دژایەتی هیچ بەربژێرێکمان نەکردووە". هەروەها سامان ئەبوبەکر نوێنەری گۆڕان لە سوید بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بوو، ئەوەبوو کە دەنگ بە کەسێک بدرێت پێشتر ئەزموونێکی باشی لە پەرلەمانی سوێد هەبووە".

ئەنجامی دەنگەکانی پەرلەمانی ئەوروپا، سیمای گۆڕانکاری نەخشەی سیاسیی سوێدیشی نیشان دا. لەو هەڵبژاردنەدا پارتی سۆسیال دیموکرات بووە حیزبی یەکەم و پارتی ژینگەش بووە دووەم، هەروەها پارتی مۆدیراتی فەرمانڕەوا پاشەکشەی کرد و پارتی سویدییە دیموکراتەکان کە پارتێکی ڕەگەزپەرستە، ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەمان زیاد کرد.

ئەمەش زەنگی گۆڕانکارییەکی ریشەییە لە پرۆسەی حوکمڕانیی سوێد بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو کە لە مانگی ئەیلول بەڕێوەدەچێ و ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە پارتەکانی چەپ و پارتی سۆسیال دیموکرات و ژینگە دەسەڵات بگرنە دەست.

بەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەوروپا، ڕۆژنامەکانی سوێد بڵاویان کردەوە کە جەبار ئەمین 13 جار بە تاکسی لەماڵەوە چووەتە فرۆکەخانە، بەمەش ژینگەی پیس کردووە، بۆیە ئەو هەواڵە کاریگەری لەسەر دۆستانی ژینگە هەبوو کە سارد ببنەوە لە دەنگدان بەو بەربژێرە کوردە.

جەبار ئەمین بەربژێری دۆڕاوی پارتی ژینگە گوتی "ڕاستە دەرنەچوونم ناخۆشە، بەڵام خۆم و حیزبەکەم زۆر هاتووینەتە پێش".

لەم هەڵبژاردنەدا پارتی ژینگەی سەوز بووە پارتی دووەمی سوێد و پارتی یەکەم لەسەر ئاستی ستۆکهۆڵم، بۆیە جەبار ئەمین کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی ئەو وڵاتەیە، دەڵێت "ئەمساڵ ئێمە دەبینە فەرمانڕەوا و حکومەت پێکدێنین".

بەڵام شوکری دەمیر گوتی "ئەمە لە بەرژەوەندی کورد نییە و پارتە چەپەکان بە گرنگی و بایەخەوە لە پرسی کورد ناڕوانن".

پارتی سۆسیال دیموکرات کە ئەگەری بەهێزی هەیە لەگەڵ ژینگە حکومەتی داهاتووی سوێد پێکبهێنن پاش هەڵبژاردنەکانی مانگی ئەیلول، 6 کورسی لە پەرلەمانی ئەوروپا هێناوە. چالاکڤانانی کورد ئەو پارتە بە مەترسی دەزانن بۆ سەر کورد، کوردۆ باکسی دەڵێت "ئەو حیزبە دژی دەوڵەتی کوردییە". بۆیە پرسیار ئەوەیە کە حکومەتی نوێی سوێد چۆن لە پرسی کورد دەڕوانێت؟



### ڕێژەی دەنگەکانی بەربژێرانی کورد لە سوێد:

| ناوی بەربژێر | ناوی پارتەکەی | ژمارەی دەنگ |
|---|---|---|
| ئەڤین ئینجەر | سۆسیال دیموکرات | 8671 |
| جەبار ئەمین | ژینگە- سەوز | 6055 |
| کوردۆ باکسی | ژینگە- سەوز | 3415 |
| شوکری دەمیر | پارتی گەلی لیبراڵ | 1805 |
| زنار جانپولات | پارتی چەپ | 652 |
| سوهەیلە فۆرش | پارتی مەسیحی دیموکراتی | 133 |

### د.گێرشۆن باسکین، سەرۆکی سەنتەری ئیسرائیل- فەلەستین بۆ لێکۆڵینەوەو زانیاری

# کۆنفیدراڵی بۆ کوردستان لە سەربەخۆیی باشترە



کێشەی هەولێر و بەغدا لە کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین ئاڵۆزترە

**عوبێد ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

سەرۆکی سەنتەری ئیسرائیل- فەلەستین بۆ لێکۆڵینەوەو زانیاری (IPCRI)، ڕایگەیاند کە بۆ ئەم قۆناغەی ئێستای هەرێمی کوردستان کۆنفیدراڵی لە سەربەخۆیی باشترە.

د.گێرشۆن باسکین کە هاوکات ئەکادیمیکارێکی ئیسرائیلییە و نزیکەی 26 ساڵە نێوانگیریی ئیسرائیل و فەلەستین دەکات، پێیوایە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە کێشەی نێوان فەلەستینی و ئیسرائیلییەکان ئاڵۆزترن.

سەرۆکی سەنتەری ئیسرائیل- فەلەستین بۆ لێکۆڵینەوەو زانیاری، دەڵێت کاتێک لەوبارەیەوە دەستی بەکار کردووە، تەنیا 3%ی ئیسرائیلییەکان لەگەڵ دوو دەوڵەتی سەربەخۆی ئیسرائیل و فەلەستین بوون، بەڵام ئێستا ئەو ڕێژەیە زۆر زیاتر بووە.

دوایین گۆشەی گێرشۆن لە ڕۆژنامەی ئۆرشەلیم پۆست لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بووە.

ناوبراو لەبارەی کێشەکانی ئێستای نێوان هەردوولا بە (ڕووداو)ی گوت "بەبڕوای من کێشەی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان لە کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل ئاڵۆزترە، چونکە لە عێراق کێشەی تایفەگەری هەیە".

بەبڕوای ئەو ئەکادیمیستە ئیسرائیلییە، وێکچوونێکی زۆر لە نێوان ئیسرائیل و هەرێمی کوردستان هەیە و دەڵێت "هەرێمی کوردستان، ڕابردووی ئیسرائیلم بەبیردێنێتەوە کە لە ساڵی 1967 هەرێمێکی بچووک بوو، وەک ئێستای کوردستان دەورە درابوو بە هەڕەشە، بەڵام خەڵکەکەی باوەڕیان بەخۆیان هەبوو، وەک چۆن ئێستا خەڵکی کوردستان ئاڵای کوردستانیان لە زۆر شوێن بەرز کردووەتەوە، لە ئیسرائیلیش خەڵکەکە وەها بوون و زۆر شانازییان بە ئاڵا و خاکی خۆیانەوە دەکرد".

گێرشۆن باسی وێکچوونێکی دیکەی نێوان کوردستان و ئیسرائیل دەکات و دەڵێت "کاتی خۆی پۆل پۆل پسپۆڕان و ئەکادیمیستەکان دەگەڕانەوە ئیسرائیل، ئێستاش لە کوردستان هەمان شت دەبینم، ئەوانەی لە دەرەوە بوون بە پەرۆشەوە دەگەڕێنەوە کوردستان و دەیانەوێت خزمەتی گەلەکەیان بکەن".

زۆر لە چاودێران پێیانوایە بە بەردەوامبوونی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو جیابوونەوە لە عێراق دەنێت و سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەیەنێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا دەستی بە فرۆشتنی نەوتی خۆی کرد.

د.گێرشۆن لەوبارەیەوە دەڵێت "من زۆر لە ڕەوشی ئێرە نازانم، بەڵام ئاگام لە هەندێک ململانێ هەیە، بە بڕوای من کۆنفیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان باشترین چارەسەرە، چونکە ڕەنگە سەربەخۆیی پرسەکە ئاڵۆزتر بکات و پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەمان داواکارییان هەبێت، ئەوکات دراوسێکانی هەرێمی کوردستان کێشە دروست دەکەن".

### عەباس و نەتەنیاهۆ نیازی ئاشتییان نییە

د.گێرشۆن نزیکەی 20 ساڵە لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دێت و دەچێت، بە بڕوای ئەو تاوەکو بنیامین نەتەنیاهۆ و مەحموود عەباس لە دەسەڵاتدا بن، کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین چارەسەر نابێت. بەڵام پێیوایە مەحموود عەباس بە پەرۆشترە لە نەتەنیاهۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان.

وەک خۆی دەڵێت، تاوەکو ئێستا نزیکەی 2 هەزار کۆبوونەوەی لە نێوان هەردوولا بەڕێوە بردووە و دەشڵێت "هیچ کێشەیەک لە نێوانیاندا نییە کە چارەسەری نەبێت، ئێستا نزیکەی 70%ی خەڵکەکەی هەردوولا پشتیوانی پرۆسەی ئاشتی دەکەن". ئەو پێیوایە "بنیامین نەتەنیاهۆ شکستی هێناوە و ناتوانێت بڕیارێکی بوێرانە لەبارەی پرۆسەی ئاشتی بدات، بەڵام مەحموود عەباس ئامادەیە".

هەروەها ئاشکرای کرد کە مەحموود عەباس، سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی لە چەند مانگی ڕابردوودا سێ جار داوای دیتنی نەتەنیاهۆی کردووە بە نهێنی "من بە شەخسی خۆم نامەکانی مەحموود عەباسم گەیاندووەتە دەستی نەتەنیاهۆ، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە لەگەڵی دابنیشێت".

د.گێرشۆن لەو باوەڕەدا نییە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل لەسەر دەستی ئەو دووانە چارەسەر ببێت و دەڵێت "عەباس خانەنشین دەبێت و نەتەنیاهۆش لە هەڵبژاردنی داهاتوودا سەرکەوتوو نابێت، نازانم سەرکردەکانی داهاتوو کێ دەبن، بەڵام دەزانم لە چارەسەری کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین سەرکەوتوو دەبن".

### سەرۆکی لیستی پارتی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک:

# با هیچ حیزبێک لە دهۆک چاوەڕێی پۆست نەکات

**عوبێد ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

ئەولایەنانەی کورسی ئەنجوومەنی پارێزگایان هێناوە لە دهۆک، داوا دەکەن بەپێی ژمارەی کورسییەکانیان پۆستیان لەو پارێزگایە پێبدرێ، بەڵام پارتی کە براوەی یەکەمی ئەنجوومەنی پارێزگایە، بە حیزبەکان دەڵێت چاوەڕێی پۆست نەکەن، چونکە ئەگەر پۆستیان بدەنێ غەدر لە جەماوەری خۆیان دەکەن.

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە 2014/5/22، دەرکەوت پارتی لە دهۆک ڕکابەری نییە و لەکۆی 28 کورسی ئەنجوومەنی پارێزگا 19 کورسی بەدەستهێناوە، ئەو ئەنجامەش بۆ پارتی زیادیشە کە بیەوێت بە تەنیا حکومەتی ناوخۆی دهۆک پێکبهێنێت.

هەر بەپێی ئەنجامەکان، یەکگرتوو 3 کورسی، یەکێتی 2 کورسی و گۆڕان 1 کورسی، ڕافیدەین 1 کورسی، ئەنجوومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری 1 کورسی و ئەرمەنیش 1 کورسییان بەدەستهێناوە.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە جیاوازیی کورسییەکانی لەگەڵ پارتی 16 کورسییە، داوا دەکات لە دامەزراندنی حکومەتی نوێی ناوخۆی دهۆک بێبەش نەکرێن.

سەباح بابیری، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دەڵێت ئەوان خۆیان بۆ داواکاری زۆر ئامادە کردووە. بابیری بە (ڕووداو)ی گوت "نەک تەنیا لە نێو ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، بەڵکو داوای پۆستەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاش دەکەین، لەوانەش قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە". گوتیشی "دەبێت بەپێی سەنگمان کورسیمان بدرێتێ".

سەباح بابیری، کە هاوکات بەرپرسی مەڵبەندی یەکگرتووی ئیسلامییە لە دهۆک، پێشنیاز دەکات وەکو عێراق پۆستەکان بەپێی خاڵ دابەش بکرێن، هەر لایەنێک بەپێی خاڵەکانی ئیستحقاقی خۆی بدرێتێ "ئێمە 15%ی دەنگەکانی پارێزگای دهۆکمان هێناوە، بۆیە بارتەقای ئەو ڕێژەیە پۆستمان دەوێت".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێشتر کورسی هەبوو لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان فراکسیۆنێکی نوێیە لەو ئەنجوومەنە، یەکێتی دوو کورسی و گۆڕانیش یەک کورسی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک هەیە، ئەوانیش داوا دەکەن بێبەش نەکرێن لە پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای دهۆک.

عەلی مستەفا، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی بادینانی یەکێتی پێیوایە باشترە بۆ ژیانی سیاسی ناوچەکە هەموو حیزبەکان لە ئەنجوومەن بەشداربن و هەر حیزبێکیش بەپێی سەنگی خۆی پۆستی بدرێتێ، عەلی مستەفا بە (ڕووداو)ی گوت "نە داوای هیچ پۆستێک لەسەر حیسابی حیزبێکی دیکە دەکەین و نە لە دەرەوەی سەنگی خۆشمان چاوەڕێی پۆست دەکەین".

هەروەها هشیار عابد، سەرپەشتیاری بزووتنەوەی گۆڕان لە بادینان دەڵێت "خۆ ئێمە نەچووینە ناو حکومەت تەنیا بۆ پۆستە سیادییەکان، دەمانەوێت لە بادینانیش پۆستمان هەبێت و بەشداری فیعلی لە حکومەت بکەین".

### "شیوعی لە هەمووان موستەحەقترە"

بەرپرسانی پارتی لە دهۆک پێیانوایە مادام خۆیان یەکەمی پارێزگای دهۆکن و کورسییەکانیان بەشی پێکهێنانی حکومەتی ناوخۆی دهۆک دەکات، مافی خۆیانە بەبێ فراکسیۆنەکانی دیکە ئەو حکومەتە پێکبهێنن.

فەهیم عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیستی پارتی بوو لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک کە ڕەنگە لە داهاتووشدا ببێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، گوتی "دهۆک جیاوازە لە هەولێر و سلێمانی، ئێمە وەکو پارتی زۆرترین کورسی ئەو پارێزگایەمان هێناوە، بۆیە ئەگەر پۆست بدەینە حیزبەکانی دیکە غەدر لە دەنگدەری خۆمان دەکەین".

فەهیم عەبدوڵڵا پێیوایە ئەگەر بڕیار بێت پۆست بدرێتە حیزبەکانی دیکە، ئەوا بەبۆچوونی خۆی حیزبی شیوعی لە هەمووان موستەحەقترە، چونکە "زەمانێک لەگەڵ ئێمە خەباتیان کردووە". بەڵام گوتیشی "ئەگەر سەرکردایەتی پێمان بڵێت پۆست بدەنە حیزبەکانی دیکە ئەوە شتێکی دیکەیە".

ئەو بۆچوونەی فەهیم عەبدوڵڵا لە کاتێکدایە حیزبی شیوعی کە لەگەڵ سۆسیالیست و زەحمەتکێشان بە یەک لیست بەشدارییان کردبوو، هیچ کورسییەکی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستانی نەبردەوە.



### یەکێتی زۆرترین پرۆژەی داوە

# سەرۆکایەتی پەرلەمان داوادەکات لێشاوی پرۆژە یاسا راگرن



**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

ئەو چەند مانگەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان دواکەت، دەرفەتێکی باش بوو بۆ فراکسیۆنەکان تاوەکو جانتاکانیان پڕ بکەن لە پرۆژە یاسا، بەشێوەیەک کە ئێستا وای لێهاتووە ململانێی نێوان فراکسیۆنەکان بووەتە پێشکەشکردنی پرۆژە یاسا و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیش داوای لە فراکسیۆنەکان کردووە چیدی پرۆژە یاسای پێشکەش نەکەن.

ئەندامێکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ "راستە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان ململانێی پرۆژە یاسا پێشکەشکردن گەرمە". بەڵام وەک ئەو باسیدەکات ئیدی ئەوە دەوەستێ، بەو پێیەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ناتوانێ بەردەوام پرۆژە یاسا لە فراکسیۆنەکان وەربگرێ لە کاتێکدا دەرفەتی ئەوەی نەبێ خوێندنەوەیان بۆ بکات".

فراکسیۆنی سەوزی یەکێتی پێش هەموو فراکسیۆنەکان دەستیکرد بە پێشکەشکردنی پرۆژە یاساکانی خۆی، بە بەراورد بە فراکسیۆنەکانی دیکە زۆرترین پرۆژە یاسای داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

تەلار لەتیف، ئەندامی فراکسیۆنی سەوز، باسی پرۆژە یاساکانی خۆیان دەکات و دەڵێت "15 پرۆژە یاسامان پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کردووە و دەمانەوێ 3 پرۆژە یاسای دیکەش لە چەند رۆژی داهاتوودا پێشکەش بکەین". ئەو پرۆژە یاسایانەی یەکێتی داونی بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بریتین لە پرۆژە یاساکانی (دەسەڵاتی دادوەری، داواکاری گشتی، ئەنجوومەنی دادوەری، سندووقی داهاتی نەوت، کۆمپانیای کوردستان بۆ دەرهێنان و دۆزینەوەی نەوت، بەساڵاچووان، رێزلێنانی پێشمەرگە، هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان، هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بیمەی کشتوکاڵ، کورتەباڵایان، زمانە فەرمییەکان، موڵک و ماڵی حکومەت، دەزگای کوردستان بۆ رێکخستنی تەکنەلۆجیای زانیاری، هەموارکردنەوەی یاسای خۆپێشاندان).

تەلار لەتیف، باسی ئەو 3 پرۆژە یاسایەش دەکات کە دەیانەوێ لەم هەفتەیەدا پێشکەشی پەرلەمانی بکەن و گوتی بریتین لە (پرۆژە یاسای ژنان، هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی، پرۆژە یاسای قەدەخەکردنی لەشفرۆشی).

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، نەریتی پێشکەشکردنی پرۆژە یاسا بەو شێوەیەی ئێستا نییە کە فراکسیۆنەکان بە جیا پرۆژە یاسا پێشکێش بکەن، بەڵکو دەبێ ژمارەیەک پەرلەمانتار کە لە 10 کەس کەمتر نەبن، پرۆژە یاسایەک بدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتیش بیداتە لیژنەی یاسایی تاوەکو رای خۆیانی لەسەر بدەن و دواتر دەخرێتە بەرنامەی کارەوە.

بەڵام ئێستا سەرۆکایەتی پەرلەمان ناچاربووە داوا لە فراکسیۆنەکان بکات چیدی پرۆژە یاسا پێشکەش نەکەن تاوەکو حکومەت دەستبەکار دەبێت و ئەو قەیرانە داراییە کۆتایی دێت کە هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە. چونکە جگە لەوەی پەرلەمان پڕبووە لە پرۆژە یاسا و کێشەی داراییش هەیە، ناکرێت فراکسیۆنەکان وەک ململانێی یەکدی پرۆژە یاسا پێشکەش بکەن.

هەر فراکسیۆنە و دەیەوێ بەو پرۆژە یاسایانەی پێشکەشیان دەکات، دڵی چین و توێژێک بۆلای خۆی رابکێشێت، ئەمەش وایکردووە زۆر لە پرۆژە یاساکان دووبارە بن کە فراکسیۆنەکان ئامادەی دەکەن.

ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان، باسی پرۆژە یاساکانی خۆیان دەکات کە داویانەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان و دەڵێ، لەم خولە نوێیەدا "ئەو پرۆژە یاسایانەی خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە لە 35 پرۆژە یاسا پێکدێن"، بەهار مەحموود گوتیشی ئێمە لە لیژنەی یاسایی داوامان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد کە داوا لە فراکسیۆنەکان بکات پرۆژە یاسا ناردن رابگرن "حکومەت دروستنەبووە و نازانین چی بکەین لەو هەموو پرۆژە یاسایە".

فراکسیۆنی گۆڕان پرۆژە یاساکانی (دەستەی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان، پێدانی بودجەی حیزبەکان، هاوچەرخکردنی گوندەکان، بیمەی بێکاری بۆ کابانی ماڵ، بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، هەموارکردنی یاسای خۆپیشاندان، داواکاری گشتی، بەرکارکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق)ی پێشکەش کردووە.

بەهار مەحموود دەڵێت "ئیدی ئێمە وەک فراکسیۆنی گۆڕان دەیوەستێنین و هیواداریین فراکسیۆنەکانی دیکەش بیوەستێنن".

یەکگرتووی ئیسلامی ژمارەیەک پرۆژە یاسای پێشکەش کردووە و کۆمەڵی ئیسلامیش هەروا. سۆران عومەر، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵ، باسی پرۆژە یاساکانی خۆیانی کرد (هەمواری یاسای خۆپیشاندان، ئەنجوومەنی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا، بیمەی تەندروستی، بیمەی کشتوکاڵ، یاسای رێکخستنی بازرگانی، هەمواری خانەنشینی پەرلەمانتاران، دامەزراندنی سندووقی قەرزی خوێندنی بەکالۆریۆس، زیادکردنی دەرماڵەی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان، کۆتایی هێنان بە کارکردن بە یاسای تیرۆر).

سۆران عومەر دەڵێ بەهۆی ئەوەی هێشتا حکومەت دروستنەبووە، ناکرێ خوێندنەوە بۆ پرۆژە یاساکان بکرێ، چونکە "حکومەت بەرچاوی روون نییە و ئەگەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاساکان بکرێ و پەسەند بکرێن، باری سەرشانی حکومەت زۆر قورس دەکات لەم کێشە داراییەدا، بۆیە خوێندنەوەی دووەمیان راگیراوە جارێ".

ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی "پرۆژە یاسا هەیە بۆ هەموارکردنەوەی مووچەیە، رەنگە لەم کێشە داراییەدا حکومەت نەتوانێ ئەو یاسایە جێبەجێ بکات".

فراکسیۆنی پارتیش، لای خۆیەوە دوو هەفتە لەمەوبەر لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ژمارەیەک پرۆژە یاسای راگەیاند کە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردبوو. ژمارەی پرۆژە یاساکانی فراکسیۆنی پارتی لە 10 دانە تێپەڕین.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی باسی ئەوە دەکات کە ناکرێ فراکسیۆنەکان تەنیا خەریکی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بە لێشاو بن "خۆ بەشێک لە پرۆژە یاساکان حکومەت ئامادەی دەکات و دەینێرێت بۆ پەرلەمان". ئومێد خۆشناو هەروەها دەڵێ "لیژنەکانی بەتەواوی سەرقاڵ کردووە، واتێدەگەم فراکسیۆنەکان رێککەوتوون پێکەوە پرۆژە یاسا ئامادە بکەن".

### سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان:

# بەڵێنمان پێدراوە هەموو وردەکارییەکی نەوتمان پێبدەن

**عومەر شایان**
**رووداو- هەولێر**

بڕیارە رۆژی 2014/6/4 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی کاربەڕێکەری هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئاشکراکردنی داهاتی نەوت سەردانی پەرلەمان بکات و لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆببێتەوە. سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکانیش دەڵێت "بەڵێنمان پێدراوە هەموو وردەکارییەکی نەوتمان پێبدەن".

فەخرەدین قادر، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "کۆبوونەوەکە لەسەر داخوازی کاک نێچیرڤان بووە کە هەفتەی پێشوو هاتە پەرلەمان. لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان لەگەڵ سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و وزە، کۆمەڵێک پرسیاریان ئامادە کردبوو، بەڵام لە کۆبوونەوەی پەرلەمان بواری وڵامدانەوەی پرسیارەکان نەبوو، ئەمجارە لەگەڵ کۆمەڵێک لە وەزیرەکان دێنەوە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە. گوتیشی " ئێمە ئومێد دەکەین داهاتی ئێستا و رابردووی نەوت ئاشکرا بکرێت و پەرلەمانتارەکان پرسیاری جددییان لەسەر ئەو بابەتە ئاراستەی سەرۆکی حکومەت کردووە و داوای وەڵامی لێدەکەن."

کۆبوونەوەکە لە پەرلەمان دەبێت، بەڵام دانیشتنی رەسمی نییە و لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەو دوو لیژنەیەدا دەبێت. وەک فەخرەدین قادر گوتی، ئەجێندای کۆبوونەوەکەش لەسەر قەیرانی داراییە لە هەرێمی کوردستان و رێگاچارەکان و هۆکاری دروستبوونی ئەم قەیرانەیە لەگەڵ ئەوەی چی بکرێت بۆ کۆتاییهاتنی ئەو قەیرانە.

سەبارەت بەوەی کۆبوونەوەکە داخراو دەبێت یان کراوە گوتی "تاوەکو ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە کە داخراو دەبێت یان راگەیاندنەکانیش بانگهێشت دەکرێن، دەستەی سەرۆکایەتی خەریکی گفتوگۆین لەسەر ئەو پرسە و دواتر بڕیاری لەسەر دەدەین."

ئۆمێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان وەکو فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان هیچ پرسیارێک ئاراستەی نێچیرڤان بارزانی ناکەن، چونکە "پرسیارەکان پێشتر ئاراستە کراون، ئێستا هیچ پرسیارێکیان نییە "بەڵام فراکسیۆنەکان پێشتر کۆبوونەوەی خۆیان دەکەن و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی کە ئەگەر پرسیارێک هەبوو بیپرسن."

عیزەت سابیر، سەرۆکی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "ئێمە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە سەرۆکی حکومەتی راسپێردراو وەڵامی بەشێکی زۆر لەو پرسیارانە بداتەوە، کە لە راپۆرتەکەدا ئامادەمان کردووە و ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەتمان کردووە."

سەرۆکی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بەباشی دەزانێت کە کۆبوونەوەکە کراوە بێت و دەڵێت "ئێمە پێمانباشە ئەو پرسیارانەی کە خەڵک پێویستی بە وەڵامەکانیانە بۆ رای گشتی بڵاوبکرێتەوە و بە شێوەیەکی شەفاف کۆبوونەوەکە بەڕێوە بچێت."

عیزەت سابیر بە تێڕوانینێکی ئەرێنییەوە دەڕوانێتە سەردانەکانی سەرۆکی حکومەت بۆ پەرلەمان و دەڵێت "سەردانەکانی نێچیرڤان بارزانی هەنگاوێکی زۆرباش و ئەرێنییە و خواستی هەموو پەرلەمانتارانە کە نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستانن، ئەو سەردانانەش کارێکی زۆرباشە و جێی دەستخۆشیە بەڕاستی."

عەلی حەمە ساڵح، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند "ئێمە پێشتر کۆمەڵێک پرسیارمان ئاراستەی حکومەت کردووە و هیواخوازین لە چوارچێوەی ئەو دانیشتنانەدا وەڵام بدرێنەوە، ئەگەر پرسیارەکانیش وەڵامیان نەبوو یان هەر سەرنجێکمان بۆ دروستبوو، گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین."

جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری پێی باشە "ئەو کۆبوونەوەیە بگوازرێتەوە و رای گشتی لەو بابەتە ئاگادار بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی راستەوخۆ پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە."

عەلی حەمە ساڵح لەبارەی سەردانەکانی ئەم دواییانەی نێچیرڤان بارزانی بۆ پەرلەمان دەڵێت "ئێمە پێمانوایە هەنگاوێکی زۆر گرنگە کە وەزیرەکان و سەرۆکی حکومەت زووبەزوو بێنە پەرلەمان و گفتوگۆ و راوێژ بکەین پێکەوە و لێپێچینەوە و لێپرسینەوە بکەین ئەگەر پێویستی کرد."


بەڵام شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان، بە پێچەوانەی قسەی پەرلەمانتارەکانی دیکە گوتی "ئەو کۆبوونەوەیە لەسەر داوای ئێمە بوو، داوامانکرد کە وردەکاری و زانیاری پێویستمان پێبدات، نەک ئاوا بێت کە ئێمە لە راگەیاندنەکانەوە ببیستین نەوت دەفرۆشرێت و کەشتی نەوت لەناو دەریادایە و ئایا گەڕاوەتەوە و ئایا رۆیشتووە، لەبەر ئەوەی ئەم زانیاریانە هیچی لەلای ئێمەی پەرلەمانتاران نییە."

شێرکۆ جەودەت پێیوایە هەرێمی کوردستان کەشتییەکە کە هەموومانی تێداین و هەموومان لێی بەرپرسیارین و دەڵێت "داوامانکرد کە بە زووترین کات کۆبوونەوەیەکی تایبەت سازبکەین لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی کاربەڕێکەری هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەو وردەکاریانە بگات بە ئێمە و لە رێگای ئێمەوە بگات بە هاووڵاتیان."

شێرکۆ جەودەت ئاماژە بەوە دەکات کە بەڵێنیان پێدراوە وردەکارییان پێبدرێت و دەڵێت "ناکرێت سەرۆکایەتی لیژنەیەکی گرنگی وەک وزە و سامانە سروشتییەکان ئاگاداری وردەکارییەکانی نەوت و فرۆشتنی و داهاتی نەوت نەبێ، بۆیە بەڵێنمان پێدراوە کە ئەوەی پێویست بێت لە وردەکاری پێمان بدرێت".



## بەغدا جۆی جوتیارانی کوردستان وەرناگرێ




**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی عێراق بودجەی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵی بەغدا تەرخان کردووە کە جۆی جوتیارانی ناوەڕاست و خواروی عێراق بکڕنەوە، بەڵام جۆی جووتیارانی هەرێمی کوردستان ناکڕێتەوە.

ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتی پلان دانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو-ی هەرێمی کوردستان لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند بۆ ئەوەی جوتیارانی هەرێمی کوردستان زەرەرمەند نەبن، هەر کاتێک وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داهاتی نەوت و گازی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بودجەی پێویستی بەدەستهێنا، جۆی جوتیارانی کوردستان دەکڕێتەوە.

# گەشەی ژمارەی هۆتێلەکانی کوردستان لە گەشەی گەشتیاران خێراترە



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**یودیت نیورینک**
**ڕووداو- هەولێر**

> " لەو 5300 ژووری هۆتێلەی لە کوردستان تۆمارکراون، کەمتر لە 5%یان بە هۆتێلی کواڵیتی باش ئەژمار دەکرێن"

> لە حەوت هوتێلی پێنج ئەستێرە ڕەنگە دووانیان بگەنە ئاستی نێودەوڵەتی

"هەرچەندە هێشتا هەرێمی کوردستان وەکو شوێنێکی گەشتیاری نەناسراوە، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەی هۆتێلەکانی بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە. زۆر لە هۆتێلەکان بەدەستی گەشەسەندنی نارێکەوە دەناڵێنن و تەنانەت هەندێکیان بە ئەستەم درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن". ئەمە بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی سێ مانگەی کۆمپانیای IKG Property لە هەولێر.

ڕاپۆرتەکە تەرکیزی کردووەتە سەر یەکەم سێ مانگی ساڵی 2014 لە هەولێر و بارودۆخی هۆتێلەکانی شاری کردووەتە ئامانجی لێکۆڵینەوە. لە ڕاپۆرتەکانی پێشووتری کۆمپانیاکەدا بارودۆخی خانووبەرە و کەرتی ئۆفیس لە هەولێر خرابووە بەر لێکۆڵینەوە.

لە سێ ساڵی ڕابردوودا ژمارەی هۆتێلەکانی هەولێر سێ هێندە زیادیان کردووە. ئێدوارد کارنیگی، بەڕێوەبەری IKG Property دەڵێت ئەو گەشەکردنە بەبێ پلان بووە "لەم وڵاتەدا لێکۆڵینەوە لەبارەی سەرگرتن و سەرنەگرتنی کار ناکرێت. خەڵک بەبێ لێکۆڵینەوە لە بازاڕ هۆتێل دروست دەکەن، زۆرجار لەبەرئەوە دروستی دەکەن کە بینیویانە هۆتێلی برادەرێکیان داهاتی باشی هەیە".

لە حاڵی ئاساییدا گەشەسەندنی لایەنێکی لەم شێوەیەی بازاڕ پەیوەستە بە ڕێژەی بەرهەمی ناوخۆ (GDP) یەوە کە ڕێژەکەی لە کوردستاندا نزیکەی 8%ـە. بەڵام بازاڕی هۆتێل لە چەند ساڵی ڕابردوودا 20% زیادی کردووە. چاوەڕوان دەکرێت لە چەند ساڵی داهاتوودا گەشەی هۆتێلەکان نزیکەی دوو هێندەی گەشەی GDP بێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بەپێی ڕاپۆرتەکە لەو 5300 ژووری هۆتێلەی کە لە هەرێمی کوردستاندا تۆمارکراون، کەمتر لە 5%یان دەکرێت بە هۆتێلی کواڵیتی باش ئەژمار بکرێن. کارنیگی دەڵێت ئەو پێوانەیەی کە لە هەرێمدا بەکاردەهێنرێت هیچ پەیوەندی بە ستانداردی نێودەوڵەتییەوە نییە. "ئەمە بۆ سەردانیکەران باش نییە، ئەوان ئەوەی کە چاوەڕێی دەکەن نایبینن".

لە نێو حەوت هۆتێلی پێنج ئەستێرەی هەولێردا، تەنیا دووانیان: ڕۆتانا و دیوان، ڕەنگە بگەنە ئاستی نێودەوڵەتی هۆتێلی پێنج ئەستێرە.

هەردوو هۆتێلەکە ژمارەیەکی دروستی گەشتیارانیان هەیە. هۆتێل ڕۆتانا بۆ ساڵی سێیەمە کە بە باشترین هۆتێلی عێراق دەستنیشان دەکرێت.

بەڵام دوای هێرشە خۆکوژییەکەی بەردەم ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە هەولێر لە مانگی 9ی ساڵی پار، ژمارەی گەشتیاران کەمی کردووە و ڕێژەی میوانەکانی هۆتێلەکان بۆ نزیکەی 30% دابەزیوە. یەکێک لە خاوەن هۆتێلەکان ڕایگەیاند کە ئاستی میوانەکانی هۆتێلەکەی بۆ 20% دابەزیوە.

شارەزایان پێیانوایە کە لە ژینگەیەکی لەباری بزنسدا، ڕێژەی میوانانی هۆتێلەکان دەبێت لە نێوان 60% تاوەکو 70% بێت.

لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، هۆتێلە دوو ئەستێرە و سێ ئەستێرەکان کە عادەتەن لەلایەن بەڕێوەبەرە ناوخۆییەکانەوە بەڕێوەدەبرێن، زۆرینەی هۆتێلەکان پێکدێنن.

بەپێی داتاکانی IKG لە ڕیزبەندی هۆتێلە چوار و پێنج ئەستێرەییەکاندا 36 هۆتێل لە هەولێر هەن. بەڵام کارنیگی دەڵێت لەبەر نەبوونی داتای پێویست ئەو ناتوانێت ژمارەیەکی وردی بازاڕی هۆتێل بەردەست بخات.

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری IKGـبێت، کوردستان تا ئێستاش بۆ ئەو گەشتیارانە گونجاوە کە بە کۆڵە پشتەکانیانەوە ناوچەکە دەگەڕێن، بەڵام کورستان هێشتا نەکەوتووەتە سەر نەخشەی گەشتیاران".

ئەو لە هەمانکاتدا ئاماژە بە زیادبوونی گەشتی ئاسمانی دەکات و دەڵێت ئێستا ژمارەی گەشتیارانی ئاسمانی بۆ 1.2 ملیۆن گەشتیار لە ساڵێکدا بەرزبووەتەوە. بەڵام دەڵێت "لە گەشتەکاندا ئەوەی من دەیبینم، زۆربەی ئەوانەی لە فڕۆکەکاندان خەڵکی ئێرەن دەگەڕێنەوە، یان بازرگانن، واتە گەشتیاریان زۆر تێدا نییە".

کێشەیەکی دیکەی بازاڕی گەشتیاری هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە بازاڕێکی وەرزییە و لە نەورۆزدا دەگاتە لووتکە و لە هاوینیشدا زۆرتر گەشتیارە عێراقییەکان دێن "تا چەند ساڵێکی دیکەش زۆربەی گەشتیارانی کوردستان گەشتیارانی عێراقی دەبن، لەم ڕووەشەوە پێویستمان بە جۆراوجۆریتی هەیە". کارنیگی وایگوت.

هەرچەندە ئەو گەشە لەناکاوە کێشەی گەورەی دروست کردووە، بەڵام بڕوا وایە کە بەردەوام دەبێت. کۆمپانیای IKG Property پێیوایە کە تا ساڵی 2018، نزیکەی 2500 ژووری دیکەی هۆتێلی چوار ئەستێرەیی و پێنج ئەستێرەیی دێنە دروستکردن و هۆتێلە بەناوبانگەکانی وەکو شیراتۆن و ماریۆتیش دێنە کوردستان. ڕاپۆرتەکە پێشبینی دەکات کە لە ساڵی 2022 ئەم ژوورانە لە بازاڕەکەدا جێی خۆیان دەکەنەوە. هەر لەبەر هەمان هۆکار، ئاستی ڕکابەری زیاد دەکات و بە بڕوای کارنیگی "زیادبوونی ڕکابەری نرخی هۆتێلەکان دێنێتە خوارەوە".

شتێکی دیکە کە کاردەکاتە سەر هاتنە خوارەوەی نرخی هۆتێلەکان، ئەوەیە کە زۆر لە کرێکار و بازرگانەکانی بواری نەوت و گاز کە ئێستا لە هۆتێلەکاندا دەژین، هەوڵدەدەن ئاپارتمێنت بە کرێ بگرن. ئێستا ژمارەیەکی زۆر یەکەی نیشتەجێبوونی ستایلی ئاپارتمێنتی خزمەتگوزاری دروستکراون. بەوتەی کارنیگی کۆی گشتی خواست لەسەر ئەم جۆرە ئاپارتمێنتانە لە ئێستادا نزیکەی 1500 یەکەیە لە هەولێردا.

"کە ئەم ئاپارتمێنتانە دەستەبەر دەبن و ئەو کرێکار و بازرگانانە لە هۆتێلەکان دەچنە دەرەوە، کەسی دیکە جێی ئەوان لە هۆتێلەکاندا پڕ دەکاتەوە؟".

هەرچەندە زیادبوونی ژمارەی هۆتێلەکان لەگەڵ ژمارەی گەشتیاران تەبا نییە، بەڵام هێشتا دەکرێت پلاندانان هەبێت. کارنیگی دەڵێت بۆ نموونە دەکرێت هۆتێلەکان لە نزیک مۆڵەکان و سەنتەری شۆپینەکان دروست بکرێن.

"خەڵکی زۆر لە باشووری عێراق و ئێرانەوە دێن بۆ هەولێر بۆ بازاڕکردن. لە دوبەی دەبینین ئەو هۆتێلانەی کە لە تەنیشت مۆڵەکانەوەن ژمارەی میوانیان زۆرە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە کەسانی بیانی دێن بۆ بازاڕکردن". کارنیگی وا دەڵێت.

## شارەزایەکی بیانی:

# لە 3 ساڵی داهاتوودا هەولێر 700% گەشە دەکات



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**ئەلێکساندەرویتکۆمب**
**ڕووداو- هەولێر**

"لەڕووی بیناسازییەوە، هەولێر لە گەشەکردنێکی خێرادایە". ئێدوارد کارنیگی شارەزا لە بازاڕی زەوی و خانووبەرە لە هەولێر، پێشبینی دەکات لە 3 ساڵی داهاتوودا هەولێر بەرێژەی 700% لە بواری بازرگانی و پیشەسازی و بیناسازی گەشە بکات، لەگەڵ زیادبوونی شوێنی ئۆفیسی بازرگانی بۆ 10 ئەوەندەی ئێستا.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا هەموو ئەم باڵەخانە نوێیانە لە داهاتوودا چۆن دەبن؟ ئایا نرخەکانیان هەروا گران دەبێت؟

بۆ زانینی شتێکی کەم لەسەر ئەم داهاتووە، (ڕووداو) لە پێشانگای بیناسازی 2014ی هەولێر ئامادەبوو. لە پێشەنگاکەدا، کەلوپەلی بیناسازی و ئامێری شارەوانی نیشاندرا. پێشانگای پیشەسازی لەم جۆرە کە تێیدا کۆمپانیاو ئامێرەکان نیشاندەدرێن، شارەکە لە ساڵانی داهاتوودا بەتەواوی دەگۆڕن

بەڵام ئەوەی ئاشکرایە، زۆربەی ئەو ئامێر و کەلوپەلانەی لە دروستکردنی بیناکاندا بەکاردەهێنرێن هاوردەکراون. شتێکی ناوخۆیی ئەوتۆ لە پێشانگاکەدا بەدی نەدەکرا. زۆربەی کۆمپانیاکان تورکی و ئێرانی بوون لەگەڵ هەندێک کۆمپانیای چینی، تایوانی، هیندی، ئیتاڵی، ئەڵمانی، سعودی، ئیماراتی، میسری و فەلەستینی.

هەندێک لە کۆمپانیاکان ئامێری زۆر پێشکەوتوویان لە دەرەوە هێنابوو. هێشتا کوردستان کاتێکی زۆری ماوە لە بنیاتنانی تواناو هێزی کار بۆ دروستکردنی ئەم ئامێرە پێشکەوتووانە، ئەمەش لە ئەنجامی پشتگوێخستن و وێرانکاری چەندین ساڵەی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە.

بەڵام هەلێکی زۆر هەیە بۆ ئامێرە ناوخۆییە سادەکان. وەبەرهێنانی ستراتیژی بە چەند ئامێرێکی سادەی ناوخۆیی دەکرێت نرخی بیناسازی بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزێنێ.

بەر لە وێرانبوونی ژێرخانە پیشەسازییەکەی، عێراق یەکێک بوو لە بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکانی کەرەستەی بیناسازی وەک کاشی، بۆری، خشت و شووشە. بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ و گەچ بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەڵام هێشتا ئەوەندە نییە بەشی پێداویستییەکان بکات. ڕێکخەرانی پێشانگاکە ئاستی داواکاری بۆ خشت لە عێراق بە چوار ئەوەندە زیاتر لە توانای بەرهەمهێنانی ناوخۆیی مەزەندە دەکەن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشنایە بە کێشەکە، بۆیە ڕایگەیاندووە کە گرنگی زیاتر بە پێشکەوتنی پیشەسازی دەدات. کردنەوەی گەورەترین کارگەی دروستکردنی شیش لە دەرەوەی سلێمانی لە مانگی ڕابردوودا هێمایە بۆ ئەو هەوڵانە.

ئەمە هەنگاوێکی ستراتیژیی باشە. ئامێری پیشەسازی و شیشی ناوخۆیی دەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ بیناسازەکان و کڕیارانی کورد. یەکێک لە هۆکارەکانی گرانیی زەوییوزار و خانووبەرە پشتبەستنی زۆرە بە هاوردەکردن. خاوەن کۆمپانیاکان پارەیەکی زۆرتر دەدەن بۆ هاوردەکردنی کەلوپەل و ئامێرەکان، لەبەرئەوەی نرخی تێچوونی گواستنەوە زۆر گرانە و شێوازی دابەشکردن زۆر خراپە. ئەمە جگە لەوەی دواکەوتن لە گەیشتنی ئەو کەلوپەلانە دەبێتە هۆی دواکەوتنی تەواوبوونی بیناکان.

هەروەها توانایەکی کەم هەیە بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییە ناوخۆییەکان، لەگەڵ کەمیی پێشبڕکێ و نەبوونی سەقامگیری نرخ و کواڵیتی کۆنترۆڵ. هەموو ئەم فاکتەرانە هۆکارن بۆ تێکچوونی نرخ و کاریگەریی خراپ لەسەر ئەنجامەکە. بە واتایەکی دیکە پارەیەکی زۆر دەدەی بۆ شوقەیەک کە دڵۆپە دەکات.

پێشبینی مەکە جارێ نرخ دابەزێ. دروستکردنی کارگەی شیش هەنگاوێکی باشە. بەڵام بنیاتنانی پیشەسازیی ناوخۆ و باشکردنی ژێرخانی ئابووری و بنیاتنانی هێزی کار و کەناڵێکی باش بۆ دابەشکردن کاتی دەوێ، لەگەڵ ئەو فاکتەرانەی دیکە کە دەبنە هۆی هەرزانبوونی نرخ.

ڕائید جومعە، لە سووچێکی پێشانگاکەدا دانیشتبوو بە تاسەوە جگەرەی دەکێشا و دەیگوت "شەڕی زۆرم کرد تا ئەم شوێنەم دەستکەوت". کۆمپانیاکەی ڕائید "گاما مێکانیکای ئیتاڵی" شتێک دەفرۆشێت کە ڕوونکردنەوەی بۆ خەڵک ئاسان نییە، تەنانەت ئەگەر گەورە و گران و گرنگیش بێت.

"ئامێری بەرهەمهێنانی مێنەرەڵ ووڵ دروست دەکەین، بۆ ڕێگەگرتن لە دڵۆپەکردن و ئاگر، لەگەڵ ڕێگرتن لە هاتنە ناوەوەی هەوای سارد لە زستان و هەوای گەرم لە هاوین بۆ ناو بیناو خانووبەرە". ڕائید گوتی "تەنیا پێویستم بە فرۆشتنی یەک دانەیە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەموو عێراق". گوتیشی "نرخەکەی زۆر گرانە، نزیکەی 50 ملیۆن دۆلارە".

ڕائید بۆ وەبەرهێنێک دەگەڕێ کە پارەی زۆری هەبێت: یان حکومەتی هەرێمی کوردستان یان چەند کۆمپانیایەک پێکەوە. ئەو بەڵێن دەدات هەر کەسێک ئەو ئامێرە بکڕێت لەماوەی کەمتر لە پێنج ساڵدا پارەکەی خۆی پەیدا دەکاتەوە.

"ئەم ئامێرە بۆ ئابووری ناوخۆی ئێرە زۆر تەواوە. کوردستان هەموو ماددەکانی هەیە بۆ ئەم ئامێرە. وەک بەردی ڕەشی باسۆڵت لە شاخەکان لەگەڵ لمی سیلسیا و غازی LPG کە لە پاڵاوگەی نەوت بەرهەم دێت".

ڕائید ڕێکلامی زیاتر بۆ بەرهەمەکەی دەکات و دەڵێت "هەموو ماڵێک پێویستی بە بەرهەمەکەی ئێمە هەیە. بەرهەمەکەمان بەشێوەیەکی بەرچاو نرخی تێچوونی وزە لە وڵاتێکی گەرمی وەک کوردستان کەمدەکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئینسلەیشن کاری ساردکەرەوەکان کەم دەکاتەوە. ئیمارات چوار وێستگەی گاما مێکانیکای هەیە و هەموو خورییەکانی ناوخۆش بەکاردەهێنێ.

لەگەڵ زیادبوونی پیشەسازی، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی یاسای تایبەت بە کواڵێتی بیناکان، ئەگەر مێنەرەڵ ووڵ لێرە بەرهەمهێنرا، بۆ نموونە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ بیناکانی بە جۆرێک دروست بکات کە پارێزراوبن لەکاتی ئاگرکەوتنەوە و وزەی کەمتریش بەکاربهێنن. بەڵام ئێستا دەبێت پارەیەکی زۆر بدەی بۆ شوقەیەکی سەلامەت و باش.

## بروسک نووری شاوەیس، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی:

# ئەگەر لە سلێمانی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنمان لەبەرچاو نەگرن دەبینە ئۆپۆزیسیۆن



بروسک نووری شاوەیس، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی، باسی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگای سلێمانی دەکات و دەڵێ پێشبینی دەکرد دەنگەکانی پارتی زۆر لەوە کەمتر بێت کە بەدەستیانهێناوە. بروسک نووری شاوەیس لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) پێچەوانەی ئەوانە قسە دەکات کە قسەیان لەسەر دەنگەکانی پارتی هەبوو.

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## یەکێتی لە هەولێر دەسەڵاتی هەیە، بەڵام ئێمە لە سلێمانی بێدەسەڵاتین

**رووداو: نزیکەی دووساڵ لەمەوبەر کە تۆ بەشێوەی کاتی هاتبوویتە سلێمانی، هەڤپەیڤینێکمان کرد و تۆ گوتت کار و پرۆژەی باشمان هەیە بۆ هەستانەوەی پارتی لەسلێمانی، چی کرا؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا گۆڕانکاری زۆر روویدا لە سلێمانی، هەندێک رووداوی نەخوازراو هاتنە پێشەوە و بوونە رێگر لەبەردەم کارەکانی پارتی لە سلێمانی، لەهەمانکاتدا ئێمە لە رێککەوتنی ستراتیژیدااین لەگەڵ یەکێتی و دەبێ هەندێک لە خاڵەکانی کە بەسەرچوون، هەموار بکرێنەوە، هەموو ئەوانە وایان کرد ئێمە نەتوانین ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەین کە دامانناببوو.

**رووداو: بەڵام خۆ یەکێتیش هەروا دەڵێ ئێمە لە هەولێر و دهۆک هیچ بەدەست نین و ناتوانین کار بۆ خەڵکی خۆمان بکەین، کەچی دەنگی باشیان لە هەولێر هێنا؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** جیاوازی هەیە، ئەوان نیوەی وەزارەتەکانیان لە هەولێر بەدەستەوە بووەو بەو هۆیەوە دەسەڵاتیان شکاوە بەسەر زۆربەی فەرمانگەکاندا، چونکە کە وەزیری هەبووە زۆربەی فەرمانگەکان لە ژێر دەسەڵاتی وەزیردایە، بەڵام لێرە هیچ فەرمانگەیەک لە ژێر دەسەڵاتی پارتی نییە لە دوور و نزیک. بۆیە لە بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا پەیامی ئێمە بۆ دەنگدەرانمان ئەوەبوو کە دروستکردنی حکومەتی خۆجێیی لە سلێمانی بەبێ پارتی لەنگ دەبێ.

**رووداو: واتە ئەمجارە لە سلێمانی دەسەڵاتتان دەبێت؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** ئێستا جیاوازی هەیە، ئەگەر بەپێی ئیستیحقاقی خۆت نەچیتە حکومەتەوە، دەتوانی ببیتە ئۆپۆزیسیۆنێکی ئیجابی، دەتوانی ئەوکات قسەی خۆت بکەیت لەسەر پرۆسەی ئیدارە. لایەنێکی دیکەش کە دەمەوێ بیزانن، لەو ماوەیە کە من وەک چاودێرێک سەیری بارودۆخی پارتیم دەکرد لە سلێمانی، دەزگاکانی راگەیاندن لەم شارە، رەنگە لە 100 تاوەکو 120 رۆژنامە و رادیۆ و تەلەڤزیۆن و گۆڤار بە بەردەوامی، 95%یان دژی پارتی قسەیان کردووە و نووسینیان بڵاوکردووەتەوە، ئەوەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر دەروونی خەڵک و دەنگدەر. ئینجا تۆ هاووڵاتیەکیت و خۆت ماندوو کردووە و چاوەڕوانی حیزبەکەت یان حکومەت دەکەیت دابمەزرێیت، کە تەنیا لەبەر ئینتیمای سیاسی دانەمەزرێی، تووشی نائومێدی دەبیت و پەنا بۆ حیزبەکەت دەبەیت. ئەوکات من پێی بڵێم چی؟

**رووداو: حاڵەتی لەو جۆرە زۆر بووە تا ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەی خەڵک لە ئێوە؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** بەڵێ زۆر بووە، بە لیست لەلامە 2 تا 3 هەزار دەرچووی زانکۆ کە پارتین لە سلێمانی زیاتر لە سێ ساڵ چاوەڕوانی دامەزراندنیان کردووە، ئێ خۆ بە بەراورد لەگەڵ ئەو دۆخە هێشتا حاڵی پارتی لە سلێمانی خراپ نییە.

**رووداو: لە بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا پارتی کارتی بەهێزی بەدەستەوە بوو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژۆی بە پارێزگاکردنی هەڵەبجەی کرد، لەلایەکی دیکە زۆربەی پارتەکانی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی ئەو شەڕەی دژی بەغدا تەنیا بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە و گرەوی فرۆشتنی نەوتیشی بردە سەر، کەچی هەموو ئەو کارتانە دەستگیرۆیی نەکردن بۆ بەرزبوونەوەی دەنگەکانتان؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** جارێ دەمەوێ پێت بڵێم پارتی خۆشی دەیزانی کارتی بەهێزی هەیە، بەڵام بڕیارماندابوو باسی مەسەلەی بە پارێزگاکردنی هەڵەبجە نەکەین و وەک منەت بە خەڵکی نەفرۆشینەوە، لەزەمانی بەرەی کوردستانییەوە بەڵێن درابوو هەڵەبجە بکرێتە پارێزگا. تۆ شتێکی ئاساییت پێشکەشی خەڵکی هەڵەبجە کردووە و عەیبە بیکەین بە منەت. بۆ مەسەلەی ململانێ لەگەڵ بەغدا، مەسەلە مالیکی نییە و هەرکەس لە شوێنی مالیکی بێت و وا هەڵسوکەوت بکات، کێشەمان لەگەڵی دەبێت. کێشەکە جێبەجێ نەکردنی دەستوورە و ئێستاش مالیکی بەنیسبەت ئێمە هێڵی سوور نییە. مەسەلەی نەوت فرۆشتنیش، دوای

> **10%ی پۆستەکانی سلێمانیمان دەکەوێ**

> **حکومەتی لۆکالی لە سلێمانی بەبێ پارتی لەنگ دەبێ**

هەڵبژاردن بڕیاردرا.

**رووداو: بەڵام لە هەڵبژاردنی تایبەت دەنگەکانتان لە سلێمانی کەم بوون، لە کاتێکدا لیوای هاوبەشتان هەیە لەم پارێزگایە؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** ئەو دەنگانەی لە لیوا هاوبەشەکان هاتوون لای خۆشمان پێمانوابوو هەر ئەو دەنگانە دەهێنین. ئێمە لە پارێزگای سلێمانی یەک پۆلیسمان نییە، مەگەر پۆلیسێک خۆی بە دزییەوە پارتی بێت یان دەنگ بداتە پارتی. ئەو دەنگانەی کە هاتوون دەنگی لیوا تایبەتەکانن. چونکە یەک پۆلیسمان بۆ دانەمەزرێنراوە.

**رووداو: ئەی بۆ دەنگدانی گشتی؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** ئەسڵەن من وەک خۆم پێموابوو لە 80 هەزار دەنگ کەمتر دێنین، کابرا پارتییە و پێشمەرگەی ئەیلول و گوڵان بووە و لەو کاتەوە نەیتوانیوە هیچ بۆ منداڵەکانی بکات، ئێستا منداڵەکانی دەنگ بە پارتی نادەن، بەڵام خۆشبەختانە دەنگەکان زیادبوون و ئەمجارە خەڵکانێکی خاوەن فکر لە سلێمانی دەنگیان بە پارتی دابوو، دەڵێ من بۆیە دەنگم بە پارتی داوە، چونکە کاری باش دەکات و نایکاتە منەت بەسەر خەڵکەوە.

**رووداو: ئێستا بۆچوونێک هەیە لە نێو پارتیدا کە دروستکردنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگاکان کارێکی باش نەبوو؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** ناتوانی بڵێی هەڵە بوو، خۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگاکان بە بڕیاری کەسێک یان دووان دروست نەبووە، ئەوە بڕیاری کۆنگرەیە و دیراسە کراوە ئینجا بڕیاری لەسەر دراوە. هەر شارێک لەم شارانە تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەبێ بەرنامەی بۆ دابنێی. ئەو برادەرانەی لێرەن من باش لێیان تێدەگەم و پڕبەپڕێتی و باش لە سلێمانی تێدەگەن. ئەم سەرکردایەتییەی ئێرە بەپێچەوانەی هەموو هەڵبژاردنەکانی رابردوو خۆی بەرنامەی داناوە و خۆشی سەرپەرشتی کردووە. هەڵبژاردنی پێشوو جەنابی سەرۆک هاتە سلێمانی، بەڵام ئەمجارە خۆمان سەرپەرشتی هەڵبژاردنمان کرد و تەنانەت نەمانهێشت بەرپرسە سەربازییەکانیشمان بەشداری بکەن.

بەدەر لەوانە، نزیکەی 60 هەزار دەنگدەری پارتیی خەڵکی سلێمانی لە هەولێر و دهۆک دەنگیان داوە، چونکە بەهۆی زرووفێکەوە ئاوارەی هەولێر بوون و لەوێ ماونەتەوە و ناکرێ تۆ بیانهێنیتەوە بەبێ ئەوەی کارێکیان بۆ بدۆزیتەوە. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆچی 5 کەس لە سلێمانی دەرچوون، چونکە یەک دائیرە بووە هەڵبژاردنەکە و ئەوانەی هەولێر و دهۆک دەنگیان داوە بە کاندیدی سلێمانی.

**رووداو: با بچینەوە بۆ لای ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگاکان، ئێستا بڕیار هەیە هەڵبوەشێنرێنەوە؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** ئەگەر مەبەست لە لامەرکەزی بێت من پشتگیری دەکەم بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر بیرۆکراتیەت بێت من دژی دەوەستمەوە. ئێستا راستە بیرۆکراتیەتی تێدایە، بەڵام جۆرێک لە لامەرکەزیەتیشی تێدایە. کۆنگرەش بڕیار دەدات بمێنێتەوە یان نا.

**رووداو: بۆچی لە بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا سەرۆکی پارتی و جێگرەکەی نەهاتنە سلێمانی؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** هەمووکات پێیانگوتووین ئامادەین بێین ئەگەر ئێوە بتانەوێ، بەڵام ئێمە گوتمان با خۆمان هێزی خۆمان تاقیبکەینەوە بزانین چیمان پێدەکرێت، تەنانەت بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیشمان نەگوتووە.

**رووداو: پارتی لەگەڵ سروشتی سلێمانی راهاتووەتەوە؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** پارتی هەرگیز دانەبڕاوە لە سلێمانی، ئەگەر بە جەستەش دوور بووبێت، بە رۆح لەگەڵی بووە، سلێمانیش لەگەڵ پارتی بووە. پارتی خوێندنەوەیەکی تایبەتمەندی هەیە بۆ سلێمانی کە زۆرجار لەسەر هەندێ شت ئیلحاح ناکات و تایبەتمەندی شاری سلێمانی دەزانێ. بەرژەوەندی گشتی دەخاتە پێش بەرژەوەندی تایبەت. لای من گرنگ نییە تەنیا لەسەر دەستی پارتی سلێمانی ئاوەدان بکرێتەوە، گرنگ ئەوەیە سلێمانی ئاوەدان ببێتەوە و من ببمە هۆکاری یارمەتیدەر.

**رووداو: کاتێک کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەکەن لە هەولێر، کە قسە دێتە سەر سلێمانی سەرۆکی پارتی لەبارەی ئیشوکاری پارتی لە سلێمانی چی دەڵێ؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** ئەوان فەخر دەکەن بە هەموو کادیرێکی پارتی لە سلێمانی، پارتی دیموکراتی کوردستان باشترین و چاکترین کادیری هەیە لە سلێمانی.

**رووداو: ئەمە رای ئەوانە؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** رای هەموو سەرکردایەتی پارتیشە.

**رووداو: سەرکردەیەکی یەکێتی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن گوتی ئەگەر سلێمانی وەکو مۆزێکی پاککراو بدەیتە دەست پارتی نایەوێت؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** نەخێر راست نییە و ئەوە بۆچوونی خۆیەتی، ئەوە شەکری شکاندووە و ئەسڵ و ئەساسی نییە، پارتی فەخر بە سلێمانییەوە دەکات، چەند رۆژێکی دیکە 9ی حوزەیرانە، با ئەو کەسەی ئەو قسەیەی کردووە بیر لەو رۆژە بکاتەوە کە ئەو خەڵکە لەسەر کێ وای لێهات، ئەوەتا لە پارکی ئازادی ناوەکانیان دانراوە و مۆنۆمێنتێکیان بۆ کراوە، ئەوە لەسەر کێ بوو؟ لەسەر پارتی وایان لێهات، پێیانگوتن جنێو بدەن بە بارزانی ئەوان قبوڵیان نەکرد، تاوەکو خودی بارزانی هاتە ئێزگەیەک لە ساڵی 1963 خۆی هات قسەی کرد گوتی بارزانی نە پێغەمبەرە و نە خوایە قسەی پێبڵێن کوفر بێت، ئەگەر ژیانی ئێوە بەوە رزگار دەبێت قسەی پێبڵێن، ئینجا ئەوەشیان قبوڵ نەکرد و رازی نەبوون قسەی پێبڵێن.

**رووداو: دوای ئەو هەموو ساڵە پارتی لە هەڵەبجە 700 دەنگ زیادی کردووە پێتوایە ئەوە سەرکەوتنە؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** ئێرە وەکو ئەورووپا نییە، تۆ کۆمەڵێک کار بکەیت و کاردانەوەی خەڵک وەربگیرێ لەسەری، خەڵک پێشوەخت بڕیاری داوە دەنگ بە کێ بدات، دەبێ کارێکی وا بێتە پێشەوە کاریگەری لەسەر دەروونی بکات. لە 3/16 بڕیاری بەپارێزگاکردنی هەڵەبجە دراوە و چەند رۆژێکی کەم پێش هەڵبژاردن ئیمزا کراوە و لەوکاتەدا باسی هەرچی بۆ بکەیت نازانێ چی روویداوە و هیچی نەبینیوە. ئەو هەڵوێستانە خەریکە وردە وردە لای خەڵک دەچەسپێ. ماوەی چەند ساڵێک حەملەیەکی قورس هەبوو لەسەر نەوت، شەفاف نییە و دەدزرێ و وای لێدەکرێ، تەنانەت برادەرانی یەکێتیش، لەکاتێکدا ئەو لیژنەیەی سەرپەرشتی گرێبەستی نەوت دەکات، 2 یان بەهەمیشەیی یەکێتین، لە کۆتاییدا هەموو هاتنە سەر ئەو باوەڕەی شتەکان وانین، خەڵک درەنگ لەو شتانە تێدەگەن.

**رووداو: پێشبینیتان دەکرد ئەمجارە دەنگەکانی یەکێتی بەرز ببنەوە؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** یەکێتی و گۆڕان یەک قاعیدەی جەماوەرییان هەیە، جارێک یەکێتی زیاتر بۆلای خۆی رادەکێشێ و جارێک گۆڕان. یەکێتی حەملەیەکی مونەززەمیان کرد. توانی جەماوەری نیگەرانی خۆی ئاشت بکاتەوە. خەڵک نیسکێنە نییە ئاگر بخەیتە ژێری هەڵبچێ و دواتر دامرکێتەوە.

**رووداو: خۆ یەکێتی لە هەولێریش زیادی کردووە؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** یەکێتی لە هەولێر جەماوەری هەیە، لە هەڵبژاردنی 1992 ئێمە و یەکێتی بە پۆینت جیاوازیمان هەبووە، راستە ئێمە شتێک لە پێشیانەوە بووین، ئێمە لە 2010 پلانێکی شارەزایانەمان هەبوو کە وامان کرد یەک کەسی یەکێتی دەرنەچوو، لە کاتێکدا 15 هەزارێک لەو دەنگانەی ئێستایان کەمتر هێنابوو لە هەولێر، بەو دەنگانەی یەکێتی دەتوانرا 4 یان 5 کەس دەربچن، بەڵام پلانی ئێمە وای کرد کەس دەرنەچوو. ئەمجارە ئەوان پلانی هەڵبژاردنیان بەهێز بوو، ئەمجارە ئێمە لە هەولێر دەنگەکانمان زۆرە، بەڵام پلانی هەڵبژاردنمان لاوازە و کورسییەکانمان کەمن.

**رووداو: ئێستا کێشەی پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگاکان بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی هەیە، یەکلابوونەتەوە لە سلێمانی چی بکەن؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** پارتی تێگەیشتووە ئەم چوار ساڵە دەبێ کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا یەکلایی بکەینەوە، بۆیە هەر لە حکومەتەوە دەستمانپێکرد و بڕوامان وایە دەبێ یەکڕیزیی کورد بەهێزبێت و هەموو بەشداریی بکەن.

> **60 هەزار دەنگدەری پارتیی خەڵکی سلێمانی لە هەولێر و دهۆک دەنگ دەدەن**

لە بانگەشەی هەڵبژاردن ئێمە لەبەرچاومان بوو کەس ناتوانێ بە تەنیا ئیدارەی سلێمانی پێکبێنێ، بۆیە نامانەوێ لە سلێمانی ببینە ئۆپۆزسیۆن و دەمانەوێ بەشداربین لە ئیدارەکەدا.

**رووداو: چاوەڕوانی چین؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** دەبێ ئەنجامی سکاڵاکان یەکلایی ببنەوە، بزانین کورسییەکان 12 بە 11 دەبێ یان 12 بە 12 یان 13 بە 10 دەبێ، ئەگەر لایەنی براوە هەبوو بەپێی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان لایەنی براوە رادەسپێردرێت ئەنجوومەنی پارێزگا پێکبهێنێت. ئەوکات ئەویش لەگەڵ لایەنەکان دەست بە وتووێژ دەکات. ئێمە بەباشی نازانین لایەنی براوە لایەنی دووەم پشتگوێ بخات، چونکە لایەنی دووەم وەزعەکە تێکدەدات و کە دۆخی سلێمانی تێکچوو، دۆخی هەموو کوردستان تێکدەچێ. ئێمە دەبینە هاوکاری یارمەتیدەر بۆ ئەوەی کێشە لە سلێمانی دروستنەبێت.

**رووداو: ئیستیحقاقی خۆتان بەچی دەزانن لە سلێمانی؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** نزیکەی 40 پۆستی ئیداری هەیە لە سلێمانی، دەبێ 10%ی ئەو پۆستانەمان بدەنێ، ئەو پۆستە ئیدارییانە ئەنجوومەنی پارێزگا دیارییان دەکات. خەڵک لە هات و هوت و سەرجادە و خۆپیشاندان ماندوو بووە و ئیدی دەبێ حیزبەکانیش ئەوە لەبەرچاو بگرن. ئەگەر یەکێتی و گۆڕان بیانەوێ خۆیان ئیدارەی پارێزگاکە دروستبکەن، دەبینە ئۆپۆزسیۆنی ئیدارەکە.

**رووداو: بەڵام ئەوانیش مەرجیان هەیە و داوای بەشداری لە ئیدارەی هەولێر و دهۆک دەکەن؟**

**بروسک نووری شاوەیس:** من هەقم بەسەر هەولێرەوە نییە و با بچن لەگەڵ مەکتەبی سیاسی قسە بکەن و خوای دەکرد پارێزگاریان پێدەدان، من لە سلێمانیم و باسی سلێمانی دەکەم.

## کەپڵەکەی مژدێن لە کوردستانە



**میوا سەڵاح – هەولێر**

کچە گۆرانیبێژ مژدێن رایگەیاند کە کەپڵەکەی لە کوردستانە و تەنیا بە سکایپ یەکدییان بینیوە. مژدێن لەبارەی ئەوەی کە بۆچی بەشداری کۆنسێرت و ئاهەنگەکانی کوردی تاراوگە ناکات، بە (رووداو)ی گوت "کوردی تاراوگە تەنیا حەزیان لە هەڵپەڕکێیە و منیش حەز دەکەم کاتێک گۆرانی دەڵێم گوێ لە دەنگم بگرن نەوەک هەڵپەڕن، بۆیە ناچمە کۆنسێرتەکان". مژدێن باسی خۆشەویستە تازەکەی دەکات و دەڵێت "ئەو لە کوردستانە و تەنیا لە رێگای سکایپ یەکدیمان بینیوە، نە من دەتوانم بێمەوە کوردستان نە ئەویش دەتوانێت بێتە ئەوروپا، ئەمەش زیاتر لەبەر نەبوونی پارەیە".

بۆ (رووداو):

# ئەگەر بە کوردی گۆرانی بڵێم نابمە هونەرمەندێکی جیهانی




کچە گۆرانیبێژی کوردی دانیشتووی سوێد، مزگین، یەکەم کلیپی گۆرانی خۆی بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوە و دەڵێت بۆ ئەوەی ببێتە هونەرمەندێکی جیهانی بە ئینگلیزی گۆرانی دەڵێت. کلیپەکەی مزگین بەناوی "شێتی خۆتم بکە"، رۆژی 5/5/2014 لە یوتیوب بڵاوکرایەوە. مزگین لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی ئەو کلیپە و کارەکانی داهاتووی دەکات.

هەڤپەیڤین: ئەڤین سەلاح

**رووداو: دەکرێ بەناساندنی خۆت دەستپێبکەی؟ خەڵکی کوێیت؟**

**مزگین:** ناوم مزگینە. کوردم، خەڵکی قزل تەپەی ناوچەی ماردینم. لە سوید لە دایکبووم و گەورە بووم، هەروەها گۆرانیبێژی پۆپم.

**رووداو: کەی و چۆن بوو بڕیارت دا گۆرانی بڵێیت؟**

**مزگین:** لە تەمەنی هەشت ساڵیدا پەرەم بە خولیای گۆرانیگوتن دا. لەو کاتە بەدواوە بەردەوام بووم لە گۆرانیگوتن.

**رووداو: بۆچی بە ئینگلیزی دەستتکرد بە گۆرانی لەکاتێکدا زمانی دایکت کوردییە؟**

**مزگین:** خەون و ئامانجم ئەوەبوو کە ببمە هونەرمەندێکی جیهانی، ئەوەش بەدی نەدەهات ئەگەر بە کوردی گۆرانیم گوتبا؟

**رووداو: بەڵام بۆچی وەکو سوێدی خۆت ناساند؟ حەزت نەدەکرد وەک کچێکی کورد ناسرابای؟**

**مزگین:** منیش لەبەرئەوە ناوی مزگینم بۆ خۆم هێشتەوە چونکە ناوێکی کوردییە. بەڵام لەبەر ئەوەی لە سوید لەدایکبووم و گەورەبووم کەواتە سوێدیشم.

**رووداو: شێوازی دەرکەوتنت لە کلیپەکانتدا زۆر رۆژئاواییانەیە، لەوە ناترسی رووبەڕووی رەخنە ببیتەوە بەتایبەتی کە ئەم شێوازە لە کەلتووری کوردیدا زۆر قبوڵکراو نییە؟**

**مزگین:** ئەگەر لە رەخنە بترسی ئەوکات ئەمە پیشەیەکی باش نابێت بۆت. هەرچۆنێک بووایە رەخنەم هەر لێدەگیرا کەواتە باشتر بوو ئەو کارە بکەم کە خۆم حەزم لێی بوو. کێشەشم لەگەڵ ئەوە نییە کە هەموو کاتێک هەموو کەسێک حەز لە کارەکانم ناکەن. ناکرێ هەموو شتێکت بۆ خەڵک بێت، دەبێ ئەوە بکەی کە باوەڕت پێیەتی، دواجار ئەمە میوزیکە، ئەمە هونەرە.

**رووداو: پەیامی گۆرانییەکەت چییە؟**

**مزگین:** هەستدەکەم زۆربەی گۆرانییەکان بەو جۆرەن کە پیاوێک زاڵە بەسەر ژنێکدا. بەڵام ئەم گۆرانییەی من بە پێچەوانەوەیە. حەزم لەو بیرۆکەیەیە کە ژنێک نەکەوتبێتە ژێر رکێفەوە. واتا توانابەخشین بە ژن.

**رووداو: لە کۆتایی کلیپەکەتدا بە شێوازێکی پڕ هێز و شانازی دەردەکەوی، پەیامی ئەوە چییە؟**

**مزگین:** بەڵێ، من زیاتر لەوەم لەبارەدا هەیە کە لە ڤیدیۆکەدا دەردەکەوێ. ئاگادار بن، هەروەها ئامادە بن. تازە دەستمان پێکردووە.

**رووداو: گوێ لە گۆرانی کوردی دەگری؟ زۆرتر گوێ لە کێ دەگری؟**

**مزگین:** گوێ لە جوان حاجۆ دەگرم.

**رووداو: ئیلهامت لە هیچ هونەرمەندێک وەرگرتووە؟**

**مزگین:** بەڵێ بێگومان، من لە ساڵانی نەوەتەکاندا پێگەیشتم کە سەردەمێکی مەزن بوو بۆ میوزیک. ئیلهامم لە تی ئێڵ سی، مایکڵ جاکسن، زە فیوجز، دێستنیس چایەڵد، بریتنی سپێرز وەرگرتووە، هەروەها بێگومان لە یەکێک لە گەورەترین هونەرمەندانی ئەمڕۆ کە کانیێ وێستە.

**رووداو: یەکێک لەو کۆمێنتانەی لە یوتیوب بۆ کلیپەکەت نووسراوە لەلایەن ریهاناوەیە کە نووسیویەتی "گۆرانیبێژی گەنجی دڵخوازم".**

**مزگین:** شتێکی باشە! ریهانا هونەرمەندێکی سەرنجڕاکێشە.

**رووداو: هەرگیز لە کوردستان ژیاوی؟**

**مزگین:** لە سوێد لەدایکبوومە و هەرگیز لە کوردستان نەژیاوم. جار بە جار سەردانی کوردستانم کردووە بۆ بینینی دایە گەورە و خزمەکانی دیکەم.

**رووداو: پلانت هەیە لە کوردستان کۆنسێرت بکەی؟**

**مزگین:** ئێستا پلانم نییە، بەڵام حەز دەکەم لە کوردستان کۆنسێرتێک بکەم.

**رووداو: شێوازی دەرکەوتنت لە کلیپەکەتدا پەیام یا واتایەکی تایبەتی هەیە؟**

**مزگین:** بەڵێ، وەک پێشتر گوتم، هەمووی لەبارەی توانابەخشینە بە مێینە لە جیهانی پیاواندا. ویستم یەکەم کلیپم شتێکی جیاواز بێت.

**رووداو: بەتایبەتی بەکارهێنانی سەگێک لە دژی پیاوێک و بەستنەوەی پیاوەکە، ئایا ئەوە رەمزێکە دژ بە جیهانی پیاو؟**

**مزگین:** نا بێگومان نەخێر. ئەمە بەشێکە لە چیرۆکی ڤیدیۆکە و تەنیا بۆ خۆشییە.

**رووداو: مێلی لەڤ، کچە کوردێکی دیکەیە کە گۆرانییەکی ئینگلیزی بڵاوکردەوە و لە کوردستان دەنگیدایەوە. گۆرانییەکەت بیستووە؟ رای تۆ لەبارەی مێلی لەڤ چییە؟**

**مزگین:** نەخێر نەمبیستووە. بەڕاستی جەختی زۆرم لەسەر کارەکانی خۆم بووە و زۆریش گوێ لە میوزیکی دەرەکی ناگرم.

**رووداو: بە کولتووری کوردی ئاشنایت؟ حەزت لە چێشتی کوردییە؟**

**مزگین:** بێگومان، لە خێزانێکی کوردیدا گەورە بووم. هەموو رۆژێک چێشتی کوردی دەخۆم و حەزم لێیەتی!

حەزدەکەم لە کوردستان کۆنسێرتێک بکەم


لە گۆرانییەکەی مندا ژن لەسەر پیاو زاڵە



- بە سوێدی خۆم ناساندووە چونکە لە سوێد لەدایکبووم
- گوێ لە جوان حاجۆ دەگرم
- هەموو رۆژێک چێشتی کوردی دەخۆم

هۆزان دینۆ بۆ (رووداو):

# تورکیا رێگە نادات بگەڕێمەوە باکووری کوردستان



هۆزان دینۆ یەکێکە لەو هونەرمەندانەی زۆرترین گوێگریان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە. پێیوایە میوزیکی کوردی بێ خاوەنە، هەر بۆیە لەماوەی رابردوودا لە رێگەی یوتیوب پەیامێکی بڵاوکردەوە و گوتی "میوزیکی کوردی وەکو شتێکی بێ خاوەنە. دەبێت داو و دەزگاکانی کورد بە پەلە هەنگاو بنێن لە بواری مافەکانی دانەراندا". دینۆ کە خەڵکی باکووری کوردستانە و ئێستا لە هۆڵەندا دەژی، لە ساڵی 2008 ویستی بێتە باشووری کوردستان، بەڵام لە فڕۆکەخانەی هەولێر گەڕێندرایەوە. ئەو دەڵێت ئەگەر ئێستاش رێگەی پێبدەن سەردانی باشووری کوردستان دەکات.

هەڤپەیڤین: ئەرگولەن تۆپراک

## میوزیکی کوردی بێ خاوەنە

**رووداو: چەند ساڵە کاری هونەری دەکەی؟**

**دینۆ:** ماوەی 23 ساڵە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ خەریکی میوزیکم. بەڵام وەکو ئارەزوو لە 9 ساڵییەوە ئامێری ساز دەژەنم. تاوەکو ئێستا چوار ئەلبوومم دەرکردووە. ئێستاش خەریکی ئەلبوومی پێنجەمم. هۆنراوە و ئاوازی هەموو گۆرانییەکانم خۆم دایاندەنێم، بۆیە بەجدی کار دەکەم.

**رووداو: بەم نزیکانە بەرهەمی نوێت دەبینین؟**

**دینۆ:** ئەلبوومم بەرێوەیە. من بەپێی توانا ئەلبووم بەرهەم دێنم و یەکێکیشم لەوانەی لەنێو میوزیکی کوردیدا زۆر گۆرانی دەنووسن. تاوەکو ئێستا کاری زۆرم بۆ هونەرمەندان کردووە. بەڵام بەداخەوە وەکو رابردوو ئەلبووم بازاڕی نییە، بۆیە بەدەستهێنانی خەرجی بۆ ئەلبوومە تازەکە زۆر زەحمەتە. چونکە جیا لە ئەلبووم هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی ئابووریم نییە.

**رووداو: بە هەزاران کەس لەرێی ئینتەرنێتەوە سەیری گۆرانییەکانت دەکەن. ئایا بۆ پاراستنی مافی بڵاوکردنەوە هیچ هەنگاوێکتان نەناوە؟**

**دینۆ:** لە هەموو دونیادا بازاڕی میوزیک لەرێی دیجیتاڵەوە دەگاتە گوێگران. زۆربەی قازانجی میوزیکیش هەر بەم رێگایەیە، بەڵام بەداخەوە میوزیکی کوردی تاوەکو ئێستا بەم شێوەیە نییە. پسپۆڕان و ئەوانەی پەیوەندییان بەم بابەتەوە هەیە دەبێت کار بکەن بۆ دەرکردنی یاسای مافی دانان.

**رووداو: میوزیکی ئەمڕۆی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**دینۆ:** دڵم کەمێک ناڕەحەتە، چونکە بەکارهێنانی زمان لە میوزیکی کوردیدا باش نییە. زۆر لە برادەران بەهۆی نەزانینی زمانەوە زۆرجار هۆنراوەی گۆرانییەکانیان بە وشەی بێ مانا دەنووسن. من لەهەمانکاتدا مامۆستای زمانی کوردیم، بۆیە ئەمە بۆ من خەمێکی گەورەیە. من لەو باوەڕەدام ئاستی میوزیکی کوردی لەو ئاستەی بەرهەم و کواڵێتیدا نییە، چونکە خاوەنی نییە.

**رووداو: ئێوە بەشێوەی گێڕانەوە گۆرانی دەڵێن، بۆچی؟**

**دینۆ:** میوزیک خۆی شێوازێکی پەیوەندیکردنە. بۆ پێشکەوتن و رۆشنکردنەوەی کۆمەڵگە، لەنێو ئامێرەکاندا ئامێرێک زۆر گرنگە. هەندێکجار مرۆڤ ناتوانێت ئێش و ئازارەکانی بدرکێنێت، لەم کاتەدا دەبێت مرۆڤ بێجگە لە دابونەریت هەندێک شتی دیکەش بکات. منیش بەناوی "من بەهیچ زمانێک تێنەگەیشتم" بەرهەمێکم دروست کرد. چونکە پێشتر ئێمە بە کوردی، تورکی و ئینگلیزی گۆرانیمان دەگوت. بەڵام کەس لێمان نەدەگەیشت. بۆیە گۆرانی کوردیم بەشێوەی گێڕانەوە گوت. پێموایە من دووەم کەسم لە جیهاندا کە بەمشێوەیە گۆرانی دەڵێم.

**رووداو: دەمێکە لە دەرەوەی وڵات دەژین، هەستێکی چۆنە؟**

**دینۆ:** ژیانی تاراوگە وەکو ئەوە وایە کە ماسییەک لە ئاو دەربێنی و بیخەیتە نێو ئاوێکی دیکە. تۆ دەتوانی لە هەندەران هەندێک دەرفەت بەکاربێنی و بەلانیکەم چەند ساڵێک هەندێک شت بنووسی و بیلێیی، بەڵام چەند ساڵێک دواتر هەست بە وشکبوون دەکەیت. لەبەر ئەوە دەڵێم هەر کاتێک بارودۆخەکە کەمێک باشتر ببێت زێدی خۆم بۆ من باشترە.

**رووداو: دوا سەردانت بۆ کوردستان کەی بوو؟**

**دینۆ:** دوایین جار لە ساڵی 2008 چوومەوە بۆ کوردستان. یەکەمجار ویستم بچمە باشوور، بەڵام لە فڕۆکەخانە منیان گەڕاندەوە. ئەوە بۆ من بەڕاستی گران بوو. من چاوەڕێی شتێکی لەو شێوەیەم نەدەکرد. من وەکو هونەرمەندێکی ئەم گەلە بیرم دەکردەوە کە لەوێ بەختەوەر دەبم.

**رووداو: بەنیازن جارێکی دیکە سەردانی کوردستان بکەنەوە؟**

**دینۆ:** پارێزەرەکانم ئەمساڵ هەوڵیان دا بچمەوە کوردستان، بەڵام هەوڵەکانیان ئەنجامی نەبوو، بەڵام بۆ باشووری کوردستان هەوڵێکی دیکە دەدەم و پێموایە ئەو هەڵەیە ئەمجارە چارەسەر دەبێت. دوای باشوور دەچمە باکووری کوردستان. گوێگرانی من هەموو رۆژێک لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی پرسیار دەکەن و دەڵێن "بۆچی نایێیت؟ کەی دێیت؟ ئومێدی هەرە گەورەشم ئەوەیە کە بە کۆنسێرت بە گوێگرانم بگەم. پێموایە ناخۆشترین شت ئەوەیە کە تۆ نەتوانی ئاواتی هەوادارنی خۆت بەدی بهێنی.

**رووداو: بێجگە لە میوزیک، هیچ پرۆژەیەکی دیکەتان هەیە؟**


**دینۆ:** پێموایە سینەما زۆر گرنگە بۆ خەباتی نەتەوەیی. بەداخەوە ئەمڕۆ ناتوانین بڵێین ئەوە سینەمای کوردییە. تەنیا هەندێک هەوڵی تاکانە هەیە بۆ ئەوەی بەباشی گوزارشت لە خۆمان و دۆخی خۆمان بکەین. زۆر پێویستە سینەمای کوردی پێشبکەوێ، چیدی بۆ کورد کاری ئارەزوومەندانە ناچێتە سەر، دەبێت ئیدی هەموو شتێک بە پرۆفیشناڵی دروست بکەین. دەمەوێ پێگەم هەبێ لە سینەمای کوردیدا.

دووەم کەسم لە جیهاندا کە بەشێوەی گێڕانەوە گۆرانی دەڵێم



رووداو
تاراوگە
ژمارە (312) دووشەممە 2014/6/2

## دوو کورد دەبنە یەدەگی پەرلەمانی ئەوروپا





**رووداو – ستۆکهۆڵم**

سەرەڕای ئەوەی 6 بەربژێرە کوردەکەی سوێد بۆ پەرلەمانی ئەوروپا هیچیان دەرنەچوون، بەڵام دوو لەوانە نزیک بوون لە دەرچوون و ئێستا وەکو پەرلەمانتاری یەدەگی پەرلەمانی ئەوروپا سەیر دەکرێن. ئەڤین چەتینەر، بەربژێری پارتی سۆشیال دیموکرات، کە 8671 دەنگی هێناوە، زۆرترین دەنگی هێناوە لە نێو بەربژێرەکانی پارتەکەی، بۆیە هەر کاتێک پەرلەمانتارێکی حیزبەکەی لە پەرلەمانی ئەوروپا بکشێتەوە، ئەو دەچێتە شوێنەکەی. بەهەمانشێوە کوردۆ باکسی بەربژێری پارتی ژینگەی سەوز زۆرترین دەنگی بەربژێرە دەرنەچووەکانی حیزبەی هێناوە کە 3415 دەنگ بووە.

## ژنێکی کورد دەبێتە سەرۆکی شارەوانی کۆڵن

# ئەڵمانیا.. 11 بەربژێری کورد لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەرچوون

**رووداو– دویسلدۆرف**

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئەڵمانیا 11 بەربژێری کورد دەرچوون و پارتی سەوزی ئەڵمانیاش بەڵێن بە یەکێکیان دەدات بیکاتە سەرۆکی شارەوانی کوێلن.

ڕۆژی 25ی مانگی رابردوو لە ئەڵمانیا و هەموو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپا، هەروەها لە هەندێک هەرێمی دیکەشدا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی بەڕێوەچوو. لە یەکێک لەو شارانەی ئەڵمانیا ژمارەیەک بەربژێری کورد دەرچوون.

لە شاری دویسبورگی سەر بە هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن، لە کۆی شەش بەربژێری کورد کە لەسەر لیستی پارتی سەوز بوون، چواریان دەرچوون.

بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجی میدیاکانی ئەڵمانیا و کوردی ئەو وڵاتەی راکێشا، بڕیارێکی پارتی سەوزی ئەڵمانیا بوو کە بڕیاری داوە ژنێکی کورد بکاتە سەرۆکی شارەوانیی کوێلن.

بێریڤان ئایماز، سیاسەتوانی گەنجی کورد کە لە شاری کۆێلن بووە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی، ئاشکرای کرد کە لەلایەن حیزبەکەیەوە دەستنیشان کراوە بۆئەوەی ببێتە یەکێک لە سەرۆکەکانی شارەوانیی کوێلن و ئەویش رازی بووە. بەمەش بێریڤان ئایماز دەبێتە یەکەمین سەرۆکی شارەوانی بەڕەگەز کورد لە شارێکی ئەڵمانیا.

ژمارەی دانیشتووانی شاری کوێڵن یەک ملیۆنە و بەسەر چوار یەکەی ئیدارییدا دابەشکراوە کە هەر یەکەیەک سەرۆک شارەوانییەکی هەیە، دەستنیشان کردووە.

بێریڤان ئایماز ئەوەی بۆ (رووداو) پشتڕاست کردەوە و ئاشکرای کرد کە لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی شارەوانی دەکرێت و ئەو کەسانەی لەلایەن پارتەکانەوە وەکو سەرۆک شارەوانی دەستنیشان دەکرێن لەلایەن ئەنجوومەنی شارەوانییەوە دەنگیان پێدەدرێت.

ئایماز ساڵی 1972 لە شاری چەولیگی باکووری کوردستان لەدایکبووە و لە ساڵی 1978ەوە لە ئەڵمانیا دەژیت. لەساڵی 2009وە ئەندامی پارتی سەوزە. ئێستاش قوتابیی زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی (Duisburg-Essen).

بێریڤان ئایماز کچی سیاسەتمەداری کورد، سەعید ئایمازە کە ساڵی 1973–1977 سەرۆکی شارەوانی چەولیگ بووە و ئێستا لە کوێلن دەژیت.

پارتی سەوز لە شاری دویسبۆرگ شەش کوردی بەربژێر کردبوو، دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەرکەوت چوار لەو بەربژێرانە بوونەتە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی ئەو شارە.

هەرچەندە 6 کورد لە هۆڵەندا و سوێد بەربژێر بوون بۆ پەرلەمانی ئەوروپا، بەڵام هیچ کام لەوان دەنگی پێویستیان نەهێنا. لە خولەکانی رابردوودا ژنە سیاسەتمەداری کورد فەلەکناس ئۆجا، توانی بە دەنگی دەنگدەرانی کورد لە ئەڵمانیا، کە ژمارەیان نزیکەی ملیۆنێک دەبێت، بگاتە پەرلەمانی ئەوروپا.




بەمەش چوار سەرۆک شارەوانی هەڵدەبژێردرێن لە چوار حیزبی براوەی ئەو هەڵبژاردنە. یەکێک لە شارەوانییەکانی کوێلن دەدرێتە پارتی سەوز کە 19.5%ی دەنگەکانی ئەو شارەی بەدەستهێناوە و سێیەم حیزبی ئەو شارەیە. ئەویش ژنێکی کوردی بۆ ئەو پۆستە

### ئەو 11 بەربژێرە کوردەی دەرچوون:

- بێریڤان ئایماز، لەسەر لیستی پارتی سەوز لە شاری کوێلن
- سەعید کەلەش، لەسەر لیستی پارتی سەوز لە شاری دویسبۆرگ
- نازان شیرین، لەسەر لیستی پارتی سەوز لە شاری دویسبۆرگ.
- بیرسەل کاتورمان، لەسەر لیستی پارتی سەوز لە شاری دویسبۆرگ
- ڤەلی ئایدن، لەسەر لیستی پارتی سەوز لە شاری دویسبۆرگ.
- یاسین کوت، لە شاری لودینشاید.
- ئەحمەد تۆڵون، لە شاری رێس.
- بەهیە ئۆجا (خوشکی فەلەکناس ئۆجا) لە شاری سێلە.
- جیگدەم کایا، لە شاری دینسلاکین.
- فەوزی دلبەر لە شاری بۆن.
- ساهین کارائاسلان، لە شاری لایمێن
- یەڵماز گولتەکن، لە شاری ئێسن.

## دەوڵەت پشتگیریان دەکات

# ئێزدییەکانی ئەرمینیا دژی "کوردبوون" خۆپیشاندان دەکەن

**دەنیز سێرنجی**
**رووداو– ئەرمینیا**

ئێزدییەکانی ئەرمینیا تووڕەن: یەکەم لەوەی کە هێرش دەکرێتە سەر هاوئاینەکانیان لە عێراق، دووەم لەسەر ئەوەی کە پێیاندەگوترێت ئەوان کوردن.

هەفتەی رابردوو ئێزدییەکانی ئەرمینیا خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە یەریڤانی پایەتەختی ئەرمینیا رێکخست بۆ پرۆتیستۆکردنی هێرشی سەر ئێزدییەکان لە عێراق.

خۆپیشاندانەکە لەلایەن یەکێتی ئێزدیانی ئەرمینیاوە رێکخرابوو، ئەو یەکێتییە بەوە ناسراوە کە پێیوایە ئێزدییەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردەوە نییە.

بەڕێوەبەری یەکێتی ئێزدیانی ئەرمینیا، عەزیز تامۆیان دەڵێت "ئێمە کورد نین. ئەوان کوردی قسە دەکەن، ئێمە ئێزدیکی قسە دەکەین. ئەوان خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، ئێزدییەکان بابلیی کۆنن".

نزیکەی 40 هەزار ئێزدی لە ئەرمینیا هەن. ئەوان لە کاتی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لە سەدەی نۆزدە، وەکو پەنابەر روویان لە ئەرمینیا کردووە. ئێزدییەکان لە تورکیاوە چوونەتە ناوچەی قەفقاسیا، زۆربەیان لە ئەرمینیا و ئازەربایجان و جۆرجیا دەژین.

بەلای تامۆیانەوە گرنگە کە ئێزدییەکان شوناسی تایبەت بەخۆیان هەبێت جیاواز لە کورد. هەرچەندە ئەم بۆچوونەی تامۆیان زۆر بڵاو نییە، بەتایبەت لە نێو ئەکادیمی و مێژوونووسەکاندا ئەم بۆچوونەی تامۆیان رەتکراوەتەوە.

ئێزدییەکان کەمینەیەکی ئاینیی نەتەوەی کوردن، هەربۆیە ناوبەناو رووبەڕووی هێرشی توندڕەوەکانی عێراق دەبنەوە.

تامۆیان پەنجە بۆ لاپەڕەی یەکەمی ژمارەیەکی رۆژنامەی ئێزدیکایا درێژ دەکات کە یەکێتی ئێزدیان دەریدەکات و تێیدا نووسراوە "نەتەوەی من ئێزدییە، زمانی من ئێزدیکییە، ئاینی من شەرەفەدینە".

ساڵی 2002 لەسەر داوای گرووپێکی ئێزدی کە تامۆیان سەرکردایەتی دەکردن، پەرلەمانی ئەرمینیا ئێزدییەکانی وەکو گرووپێکی ئێتنیکی جیاواز ناساند و زمانەکەیانی بە زمانی ئێزدیکی ناساند.

لە زانکۆکانی ئەرمینیادا کوردی و ئێزدیکی وەکو دوو زمانی جیاواز دەگوترێنەوە. هەروەها ئێزدییەکان ئاڵای تایبەت بەخۆیان هەیە کە لە رەنگی سوور و سپی و خۆرێک لە ناوەڕاستی ئاڵاکەدایە و زۆر لە ئاڵای کوردستان دەچێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە رەنگی سەوزی تێدا نییە. ئێزدییەکان رەنگی سەوز بە هێما بۆ ئیسلام دەزانن.

کوردناس، گارنیک ئاساتریان، لە زانکۆی دەوڵەتیی یەریڤان پشتگیری لە پرۆژەکەی ئێزدیکایا دەکات بۆ نکۆڵیکردن لە شوناسی کوردیی ئێزدییەکان "ئێزدی و کورد دوو شوناسی تەواو جیاوازن. زمان پێوەرێکی یەکلاکەرەوە نییە. هەندێک گەل لە ئەفریقا بە ئینگلیزی قسە دەکەن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەوان بەریتانین".

بەڵام نارەزایی لەسەر ئەم بۆچوونە هەیە، بەتایبەت چونکە ئێزدیکی بەتەواوی هاوشێوەی دیالێکتی کرمانجییە. فیلیپ کرێیەنبرۆک، مامۆستا و بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە لەسەر ئێران لە زانکۆی گۆتینگن لە ئەڵمانیا دەڵێت "ئاشکرایە کە ئێزدییەکان کوردن. زمانی ئەوان، بە زمانی تێکستە پیرۆزەکەشیانەوە، کوردیی کرمانجییە. ئێزدیەکان بە رەچەڵەک خەڵکی ناوچەی لالشی کوردستانن".

بارزوو ئێلیاسی، لێکۆڵەر لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە بەریتانیا هاوڕایە لەگەڵ فیلیپ و دەڵێت "گومان لە کوردبوونی ئێزدییەکان نییە. کوردبوون مانای یەکڕەنگیی ئەو گەلە نییە. تورک و هەندێک کورد دەستیان لە جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا هەبوو لە ساڵی 1915، لەبەرئەوە لە دۆخی ئەرمینیادا، بۆ ئەوەی خۆیان لە دووجار لۆمە بپارێزن، ئێزدییەکان خۆیان لە ناساندن وەکو موسڵمان و کورد دوور دەگرن".

ئەمە رای زۆر لە چاودێرانی رەوشی کوردی ئەرمینیاشە کە پێیانوایە ئێزدییەکان بەهۆی هەڵمەتی نزیکەی 100 ساڵی رابردووی میدیا و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە لەدژی موسڵمانانی کورد و تورک وەک ئەنجامدەری رەشەکوژییەکەی ساڵی 1915 لەسەردەستی دەوڵەتی عوسمانی، خۆیان لە شوناسی کوردی بەدوور دەگرن.

بەڵام ئەمە هەموو هۆکارەکە نییە.

ماتیس بۆرنلوند، مێژوونووس و نووسەری چەندین کتێب دەربارەی ئەرمینیا دەڵێت، لە کاتی شەڕی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباخ لە ساڵانی 1991–1994، ئێزدییەکان کەوتنە ژێر فشاری زۆرەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە کورد کە زۆرینەیان موسڵمانە بەدوور بگرن.

تیتالێ کەرەم، ئیدیتۆری رێیا تازە، یەکێک لە کۆنترین رۆژنامە کوردییەکان کە لە ساڵی 1932 لە ئەرمینیا دامەزراوە، خۆی وەکو "بە نەتەوە کورد، بە ئایین ئێزدی" پێناسە دەکات.

"بێگومان ئێمە کوردین. کوردی قسە دەکەین. بەڵام زۆر ئێزدی نایەنەوێت خۆیان وەکو کورد بناسێنن بەهۆی ئەو کۆمەڵکوژییەی کە لەلایەن کوردە نا ئێزدییەکانەوە لە بەرامبەر ئەوان و ئەرمەن کراوە".

لە دەرەوەی ئەرمینیا، زۆر لە دەزگا و رێکخراوە ئێزدییەکان لەگەڵ ئەم بۆچوونەی هاوئاینەکانیان لە ئەرمینیا نین.

یلماز یلدز، سەرۆکی کۆمەڵەی کەلتووریی ئێزدی لە دانیمارک دەڵێت "ئێزدییەکان لە رابردوودا و ئێستاش بەشێک بوون لە بزووتنەوەی بەرەنگاریی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا. ئەوان خۆیان بە کوردی رەسەن دەزانن و بەشێکن لە نەتەوەی کورد".






## لە ئەڵمانیا..

# دوو کورد بەشداری ئینتیگراسیۆن دەکەن

**رەشاد ئۆزجان**
**رووداو– میونشن**

لەسەر بانگهێشتی ئایدان ئۆزۆگوز، وەزیری دەوڵەت و نوێنەری حکومەتی ئەڵمانیا بۆ کاروباری کۆچ و پەنابەران و ئینتیگراسیۆن، ئەندامانی لیژنەی راوێژکاری ئینتیگراسیۆن کۆبوونەوە کە دوو نوێنەری کوردیش تێیدا بەشداربوون.


لەو کۆبوونەوەیەدا کە رۆژی 2014/5/21 لە تەلاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێوەچوو، هەریەک لە عەلی ئەرتان تۆپراک بەناوی جڤاتا کورد لە ئەڵمانیا و محەممەد تانریڤەردی، سەرۆکی هەڤگرتنی کاری فیدراڵ بۆ کۆمەڵەی کۆچبەران بەشدارییان کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە 2 سەعاتی خایاند، سەرۆک و نوێنەرانی رێکخراوانی کۆچ و کۆچبەران داواکاری و بیروبۆچوونەکانیان ئاراستەی نوێنەری حکومەت کرد. هەروەها داوای هاوکاری و پشتیوانییان لە حکومەتی تازەی ئەڵمانیا کرد بۆ مەبەستی پەرەپێدان بە مەسەلەی ئینتیگراسیۆنی کۆمەڵایەتی و مافی بیانیان و کۆچبەران لە ئەڵمانیا.

ئایدان ئۆزۆگوز، بەرپرسی ئینتیگراسیۆن و کۆچبەری لە حکومەتی فیدراڵی ئەڵمانیا کە ئەندامی پارتی سۆسیال دیموکرات (SPD)یەو بەرەچەڵەک تورکە، باسی سیاسەت و رێککەوتنی هاوپەیمانی و حکومەتی تازەی کرد کە لە هاوپەیمانیی هەردوو پارتی (CDU) و (CSU) لەگەڵ (SPD) پێکهاتووە.

محەممەد تانریڤەردی، جێگری سەرۆکی جڤاکا کورد و سەرۆکی (BAGIV) بە (رووداو)ی گوت "کۆبوونەوەکە بە باشی و رێکوپێکی بەڕێوەچوو. تێیدا وێڕای یەکتر ناسین هەروەها باسی ئینتیگراسیۆن، کۆچبەری و بەرنامەی حکومەتی تازەشمان کرد. هەروەها دانوستاندنمان کرد لەسەر هەندێک بابەتی دوارۆژیش. باسی دوارۆژی لیژنەی ئینتیگراسیۆنیشمان کرد و سوپاسی حکومەتی فیدراڵمان کرد بۆ ئەو هاوکارییەی پێشکەش دەکات."

بەپێی هەندێک ئاماری نافەرمی نزیکەی یەک ملیۆن کورد لە ئەڵمانیا دەژین. بەڵام لەبەر ئەوەی کورد دەوڵەتی نییە ئەوان لە ئامارەکانی ئەڵمانیادا وەکو کورد تۆمارناکرێن، بەڵکو وەکو تورک، عێراقی، ئێرانی و سووری ئەژمار دەکرێن.


FALCON GROUP
Falcon Group is a wholly owned and operated Iraq corporation focused on the reconstrction of the Kurdistan region and maintenance of critical infrastructures. Falcon Group is comprised of several companies, including
Falcon Security
Falcon Construction
Falcon Agriculture
Falcon Oil & Gas
Falcon Batch Plant
Falcon Demining
Falcon German Trading
Falcon Transportation
Falcon Logistics
Full Service
Brayati Construction
Quesco Turbo Machinery Services
Contact Us:
iraq-erbil empire world
empire business complex c3
Email: info@falconiraq.com
Tel: 00964 66 258 6008 - 00964 66 258 6009


تاوەرە بازرگانییەکانی ئیمپایر
نووسینگەی نایاب
ئێستا ئامادەیە
بۆ فرۆشتن
Empire
Building the Future World
Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com



## کچێک 100% سووتا

رووداو- قەڵادزێ

نیوەڕۆی 2014/6/1 لە شارۆچکەی قەڵادزێ کچێک بە هۆی سووتانەوە گیانی لە دەستدا. لەگەڵ سووتانەکەیدا ئاگر لەماڵیان بەرزبووەوە، تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە گەیشتە ماڵیان. ئەو کچە کە ناوی (ن.ح.ر) بوو، تەمەنی 39 ساڵ بوو. بەپێی زانیارییەکانی نەخۆشخانەی تازەی قەڵادزێ "ئەو کچە بە رێژەی 100% سووتا و هەر لەو شوێنی رووداوەکە گیانی لە دەستدا، تەرمی ئەو کچە رەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کرا". هێشتا هۆکاری سووتانەکەی دیار نییە.

رووداو
ژنان
ژمارە (312) دووشەممە 2014/6/2

بە 14 ساڵی شووی کردووە

# ژنێک لە نێو خانوویەکی چۆڵدا خۆی دەسووتێنێ

ئەڤین سەلاح
رووداو- هەولێر

هەڵبژاردنی شوێنی خۆسووتاندنەکەی شنۆ کە خانوویەکی چۆڵ بوو لە تەنیشت ماڵەکەیان، بووە هۆی ئەوەی زوو خەڵک فریای نەکەون و هەر لەوێ گیان لەدەست بدات. وەک کەسوکاری دەڵێن، ئەو ژنە بەر لەوەی خۆی بسووتێنێ بەناوی هێنانەوەی ماکسی لەلای بەرگدروو چووەتە دەرەوە. بەڵام دواتر لاشەی سووتاوی لە نێو خانوویەکی چۆڵدا هێنرایە دەرەوە.

سەعات 5ی ئێوارەی رۆژی 2014/5/28 ژنێکی تەمەن 16 ساڵ بە ناوی (شنۆ.ئە.ع)، دانیشتووی گەڕەکی کورانی مەخمووری شاری هەولێر، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا.

### خەسووەکەی دەڵێت نەخۆش بووە

ماڵی خەسووی ئەو ژنە دەڵێن (ش) هیچ کێشەیەکی نەبووە، بۆیە نازانن لەسەرچی خۆی سووتاندووە.

بەپێی قسەی نەزیفە ئیسماعیل، خەسووی شنۆ، ئەو ژنە هیچ کێشەیەکی نەبووە جگە لە "نەخۆشیی دەروونی". نەزیفە بە (رووداو)ی گوت "ماوەی ساڵ و نیوێکە شنۆمان هێناوە، کچێکی زۆرباش بوو دڵی کەسی نەشکاندووە، بەڵام کەمێک تووڕە بوو".

وەک نەزیفە گوتی "شنۆ پێشتر زوو زوو نەخۆش دەکەوت و هەردوو دەستی رەق دەبوو، چەند جارێک بردمانە لای شێخ و مەلا بۆ چارەسەری".

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە ماوەی سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ئاگر 88 ژنی سووتاندووە (64 ژن سووتاون و 24 ژنیش خۆیان سووتاندووە)، بەڵام دیار نییە چەند لەو ژنانە گیانیان لەدەستداوە.

هەروەها بەپێی ئامارێکی پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێر لە چوار ساڵی رابردوودا تەنیا لە شاری هەولێر 585 ژن کە خۆیان سووتاندووە یان سووتاون، گیانیان لەدەستداوە.

### بەنیازی سەیران بوون

کەسوکاری شنۆ قەت لەو باوەڕەدا نەبوون شنۆ خۆی بسووتێنێ، چونکە بەر لە رووداوەکە هیچ ئاماژەیەکیان لێ نەبینیوە و بگرە شنۆ سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بووە بۆ سەیران.

ئاوات سابیر، کە دشی شنۆیە، بۆ (رووداو)ی گێڕایەوە کە بە نیازبوون هەینی بچن بۆ سەیران "بۆیە شنۆ چوو بۆ ئارایشگا، کە گەڕایەوە زۆر ئاسایی بوو وەک رۆژانی دیکە خۆی جوان کرد و جلی سووری لەبەر کرد".

وەک ئاوات باسی کرد، شنۆ بەر لەوەی خۆی بسووتێنێ داوای لێکردووە لەگەڵی بچێتە ماڵی دراوسێیەکیان کە بەرگدرووە، بۆ ئەوەی ماکسییەکەی بهێنێتەوە، بەڵام ئاوات لەگەڵی نەچووە.

ئاوات دەڵێت "گوێمان لە دەنگێکی گەورە بوو، کە چووینە دەرەوە بینیمان براژنەکەم لە خانوویەکی چۆڵ کە ئەویش خانووی خۆمانە، لەوێ خۆی سوتاندبوو، هەر لەوێش مرد".

### خانووەکەی لەگەڵ خۆی سووتاند

دووکەڵی ئەو ئاگرەی شنۆی سووتاند، ژوورەکەی تەواو رەش کردووە، هەروەها سەر پەنجەرە و دەرگاکانی ژوورەکە رەش داگەڕابوون. کەسوکاری شنۆ دەڵێن، شنۆ نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لەخۆی بەرداوە.

رائید کاروان عەبدولکەریم، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر دەڵێت هەر دوای ئاگادارکردنەوەیان گەیشتوونەتە شوێنی رووداوەکە. ناوبراو بە (رووداو)ی گوت "خانووەکەش لەگەڵ ژنەکە ئاگری گرتبوو، تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە کۆنترۆڵی ئاگرەکەیان کرد".

لەسەر خۆسووتاندنی شنۆ کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە. رائید کاروان دەڵێت دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە بۆ زانینی هۆکاری خۆسووتاندنی شنۆ.



ئەو خانووەی کە شنۆ خۆی تێدا سووتاند (فۆتۆ: رووداو)

### بە نەخۆشیی دەروونی دایدەپۆشن

پێشتر هەر ژنێک بە ئاگر بسووتابا دەگوترا بەهۆی تەقین یان گڕگرتنی پەرەمێز سووتاوە، بەڵام بەهۆی کەمبوونەوەی پەرەمێز، ئێستا دەڵێن ژنەکە یان کچەکە نەخۆشیی دەروونی هەبووە. شنۆ یەکێکە لەو قوربانیانەی گوایە نەخۆشیی دەروونی هەبووە.

سیروان عەبدوڵڵا، پسپۆڕی چارەسەری دەروونی پێیوایە مەرج نییە هەر ژنێک خۆی سووتاند نەخۆشیی دەروونی هەبێت "بەڵام زۆرجار کەسوکاری کچەکە یان ژنەکە دەڵێن قوربانییەکە نەخۆشیی دەروونی هەبوو، بۆیە خۆی سووتاند یان خۆی کوشت، بۆ ئەوەی رووبەڕووی سزا نەبنەوە".

لە چوار ساڵ و سێ مانگی رابردوودا

# 483 پیاو لە دادگاکانی کوردستان ژنی دووەمیان مارە کردووە



ئەڤین سەلاح
رووداو- هەولێر

کوشتنی دنیا لە 22ی ئایاری رابردوو، چیرۆکێکی تاڵی لەپشتە کە چیرۆکی ژن بەژنە و هێنانی ژنی دووەمە وێڕای سنووردارکردنی بەگوێرەی یاسایەک کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە. دنیا بەو تەمەنە کەمەوە کە تەنیا 15 بەهاری تەواو کردبوو، دووجار بەشوو درابوو، یەکەمجار ژن بەژنەی پێکرا، بەڵام بەر لە گواستنەوەی تەڵاق درا، دووەمجاریش سەر بەهەوێ شووی بەپیاوێکی تەمەن 45 ساڵان کرد و لە دەرەوەی دادگا مارە کرا.

بەپێی ئاماری دادگاکانی کوردستان، لە ماوەی سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە هەرێمی کوردستان رێگە بە 14 پیاو دراوە زیاتر لە ژنێکیان هەبێت (7 پیاو لە هەولێر، 4 لە سلێمانی، 2 لە دهۆک و یەکێکیش لە گەرمیان).

بەپێی یاسای باری کەسیی عێراق، مارەکردنەکەی دنیا چەند سەرپێچییەکی یاسایی تێدایە، لە 14 ساڵیدا و لە دەرەوەی دادگا مارە کراوە. کوشتنیشی ناچێتە ژێر بەندی هیچ یاسایەکی مەدەنی و رێسایەکی ئاینی.

پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2008 دا هەندێک لە بڕگە و ماددەکانی یاسای باری کەسیی عێراق، ژمارە 188ی ساڵی 1959ی هەموار کردەوە. هەموارکردنەکە هێنانی زیاتر لە ژنێکی قەدەغە نەکرد، ئەگەرچی ئەوە داخوازیی زۆربەی رێکخراوەکانی ژنان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو، بەڵام بە چەند مەرجێک سنووورداری کرد.

هەرچەندە دانانی ئەو مەرجانە، رێپێدانی بە هێنانی ژنی دووەم کەمکردووەتەوە، بەڵام نزیکی نەکردووەتەوە لە سفر. دوای هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە لە ماوەی 4 ساڵی رابردوودا زۆرترین رێپێدان بۆ هێنانی ژنی دووەم لە ساڵی 2010 تۆمار کراوە کە 297 حاڵەت بووە. بەڵام ساڵەکانی دواتر لە نێوان 50 تاوەکو 60 حاڵەتدا بووە.

ئاینی ئیسلام رێگە بە هێنانی تاوەکو چوار ژن دەدات، بەڵام بەو مەرجەی پیاوەکە بتوانێت دادپەوەر بێت لە نێوان ژنەکاندا کە بەدیهێنانی ئەو مەرجە بەلای شارەزایانی ئیسلامەوە لە مەحاڵ نزیکە. ئەوکات هەندێک لە پەرلەمانتاران پێیانوابوو کە قەدەغەکردنی فرەژنی دژی ئاینی ئیسلامە، بۆیە دواجار پەرلەمان نەیتوانی بە یەکجاری قەدەغەی بکات.

سەرەڕای مەرجدارکردنی فرەژنی، بەڵام هەندێک لە پیاوان کە یاسا رێگەیان پێنادات زیاتر لە ژنێک بێنن، رێگەی دیکەیان دۆزیوەتەوە بۆ هێنانی ژنی دووەم و زیاتریش. ئەویش پەنابردنە بۆ دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی دادگاکانی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کە بە یاسا کۆنەکانی عێراق کار دەکەن. لە یاسای باری کەسیی عێراقیدا، هیچ رێگرییەک دانەنراوە بۆ هێنانی ژنی دووەم و پیاوان بەبێ هیچ رێگرییەک دەتوانن ژنی دووەم لە دادگا مارە بکەن.

بەپێی ئامارێکی نافەرمی، ساڵی رابردوو 600 پیاو لە هەرێمی کوردستان لە رێگەی دادگاکانی کەرکووک و مەخموورەوە ژنی دووەمیان مارە کردووە. بەپێی ئەو یاسایەی عێراق کە پەرلەمانی کوردستان هەمواری کردووەتەوە، هەر کەسێک ئەو مەرجانەی یاساکەی تێدانەبێ و ژنی دووەم بهێنێ سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە 6 مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێکیش زیاتر نەبێت، هەروەها بە 10 ملیۆن دیناریش سزا دەدرێت.

هەندێک لەوانەی ژنی دووەم دێنن، هیچ پاساوێکیان نییە، بەڵکو زۆرجار پاڵنەری کەلتووری وای لێدەکات بیر لە ژنی دووەم بکاتەوە.

ئەو ژنانەی بە ژن بە ژنە شوو دەکەن، زۆرجار دووجار دەبنە قوربانی، بە تایبەتی کاتێک کێشە دەکەوێتە نێوان یەکێک لەو خێزانانەی ژن بە ژنیان پێکراوە.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، رۆژی 2014/5/17 پیاوێکی دانیشتووی ناحیەی کەسنەزان لە رۆژهەڵاتی هەولێر بە ناوی (ح.ف) کە ژنی یەکەمی بە ژن بە ژنە هێناوە، ژنی دووەمی مارە کردووە.

هاووڵاتییەکی ئەو ناحیەیە کە ئاگاداری ژن مارە کردنەکە بووە، گوتی "ئەو کەسەی کە خوشکی (ف)ی هێناوە، لە ماوەی رابردوودا ژنی دووەمی هێناوە. (ف)یش وەک تۆڵەکردنەوەیەک کە ژنیان بەسەر خوشکی هێناوە، ژنی دووەمی مارە کردووە".

زۆربەی ژنان رازی نین ژنیان بەسەر بێت، بەڵام زۆرجار لە ژێر هەڕەشەی تەڵاق و گوشار زیادکردن لەسەریان، رازی دەبن بەوەی ژنیان بەسەر بێت.

سەعیدە خالید، کە ژنی بەسەردا هێنراوە، دەڵێت "هەستم بە گۆڕانی هەڵسوکەوتی پیاوەکەم کرد، چاودێریم کرد و بۆم دەرکەوت ژنێکی دیکەی هێناوە بەبێ ئاگاداری من". سەعیدە سەرەتا بە نیازبووە سکاڵا لەسەر مێردەکەی تۆمار بکات، بەڵام وەک خۆی گوتی مێردەکەی بەڵێنی پێدا ئاڵتوونی بۆ بکڕێت و هاوسەنگیش لە نێوانیان رابگرێت، بۆیە لە سکاڵاکەی پەشیمان بووەتەوە.

زۆر لەو ژنانە لە دەرەوەی دادگا لەلای مەلا مارە دەکرێن. کوشتنی دنیا جارێکی دیکە مەسەلەی قەدەغەکردنی ژن مارە کردنی لەلایەن مەلایانەوە هێنایەوە گۆڕێ. بەو پێیەی دنیا لە دەرەوەی دادگا تەنیا لەلایەن مەلایەکەوە مارە کرابوو. ئەمەش ناڕەزاییەکی زۆری لێکەوتەوە و بەو هۆیەشەوە دادگا بۆ یەکەمجار بڕیاری دەستگیرکردنی ئەو مەلایەی دەرکرد کە دنیای مارە کردبوو.

لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا رێپێدراوی شەرعی هەیە بۆ مارەکردنی ژنان کە لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە دیاری دەکرێن، بەڵام لە کوردستان سەرەڕای داواکردنی، هێشتا ئەو رێپێدراوە شەرعییانە دانەنراون.

## مەرجەکانی رێپێدان بە هێنانی ژنی دووەم بەپێی یاسای باری کەسیی هەموارکراو:

- 1- وەرگرتنی رەزامەندی ژنی یەکەم لەلایەن مێردەکەی لە بەردەم دادگا.
- 2- تووشبوونی ژنەکە بەنەخۆشی درێژخایەن کە رێگە لەکاری سەرجێیی ژن و مێردایەتی بگرێت. یان ژنەکە نەزۆک بێت.
- 3- پیاوەکە توانای دارایی وای هەبێت کە بەشی پتر لە بەڕێوەبردنی ژنێک بکات.
- 4- بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان هەردوو هاوسەرەکە لە هەموو روویەکی ماددی و مەعنەوی.
- 5- نابێ ژنەکە ئەو مەرجەی لە گرێبەندی هاوسەرگیریدا دانابێ، کە هەوێی بەسەر نەیەت.

## ئاماری رێپێدان بە هێنانی ژنی دووەم لە چوار ساڵی رابردوودا:

| پارێزگا | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 (3 مانگ) | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 50 | 34 | 21 | 39 | 7 | 151 |
| سلێمانی | 22 | 10 | 18 | 16 | 4 | 70 |
| دهۆک | 24 | 12 | 14 | 1 | 2 | 53 |
| گەرمیان | 201 | 1 | 0 | 6 | 1 | 209 |
| کۆی گشتی | 297 | 57 | 53 | 62 | 14 | 483 |

## یەکێتی زانایان داوای مەئزونی شەرعی دەکات



**رووداو-هەولێر**

دوای ئەوەی ژنێکی 15 ساڵان لە ناحیەی کەڵەکچی کوژرا، رەخنە لەو مەلایە گیرا، کە ئەو کچەی لە پیاوێکی خێزانداری تەمەن 45 ساڵان مارەکردووە، بۆیە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە روونکردنەوەیەکدا دەڵێت "لە کاتی مارەبڕین زۆرجار کەسانی ناشارەزا ئەو کارە دەکەن. هەر بۆ رێگری لەو کارە و رێکخستنی مارەبڕین، 3 ساڵە پرۆژەی مەئزوونی شەرعیمان داوەتە پەرلەمان، داوا دەکەین بکرێتە یاسا و مارەبڕین بە یاسا رێک بخرێت".

رووداو کۆمەڵایەتی
ژمارە (312) دووشەممە 2014/6/2

## تەنیا شەشیان گیراون

# لەسەر کوشتنی کچ و کوڕێک فەرمانی گرتن بۆ 17 کەس دەردەچێت



**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- چەمچەماڵ**

کچ و کوڕێک پێکەوە هەڵدێن، کەسوکاری کچەکە هێرش دەکەنە سەر ماڵی کوڕەکە و کچێکی ئەو ماڵە بە بارمتە دەگرن، پاشان کچەکەی خۆیان و کوڕەکە پێکەوە دەکوژن. پۆلیسی چەمچەماڵ و قەرەداخ لەسەر ئەو تاوانە فەرمانی گرتنی بۆ 17 کەس دەرکرد، بەڵام تائێستا تەنیا 6 کەسیان گیراون. رێکخراوێکی ئافرەتانیش دەڵێت "لەسەر کوشتنی کچ و کوڕەکە کەسیان لە زیندان نەماون".

رۆژی 2013/7/11 تەرمی ئەو کوڕ و کچە لە گوندی دێلێژەی سەر بە ناحیەی بازیان دۆزرایەوە. کوڕەکە ناوی (هاوڕێ) بوو، تەمەنی 16 ساڵ بوو، کچەکەش ناوی (شاجوان) بوو کە تەمەنی تەنیا 14ساڵ بوو. ماڵی شاجوان و هاوڕێ لە ناحیەی شۆڕشی سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ بوون، ئەوانە ماڵیان لە یەکتر نزیک بوو. ئەم کوڕ و کچە هەردووکیان لە پۆلی 7ی بنەڕەتی بوون، بەڵام لە دوو قوتابخانەی جیاواز دەیانخوێند.

دوای هەڵاتنی ئەو کوڕ و کچە، کەسوکاری کچەکە خوشکێکی کوڕەکە بە بارمتە دەگرن و دوو شەو لەلای خۆیان دەیهێڵنەوە. پاشان خەڵک دێتە نێوانیان و کچەکە ئازاد دەکەن. هێشتا بنکەی پۆلیسی چەمچەماڵ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە دەکات.

نەقیب جەلال محەممەد، گوتەبێژی پۆلیسی چەمچەماڵ بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "لەسەر رفاندنی ئەو کچە فەرمانی گرتنی 11 کەس دەرچوو کە هەموویان کەسوکاری کچە کوژراوەکە بوون، 7 کەسیان دەستگیر کران، بەڵام چوار کەسیان هەڵاتوون، دادگا دوای ماوەیەک یەکێک لە تۆمەتبارەکانی ئازاد کرد چونکە بێتاوان دەرچوو، ئێستا 6 کەسیان لە زیندانن".

بەپێی زانیارییەکانی نەقیب جەلال، ئەو کەسانە هێشتا هیچیان حوکم نەدراون "دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرا لەسەر رفاندنی کچەکە، دۆسیەکەیان رەوانەی کوشتن دەکرێت، واتا لە دوو رووەوە لێکۆڵینەوە دەکرێت، رفاندنی کچێک و کوشتنی کچ و کوڕەکە".

لەبەر ئەوەی تەرمەکان لە بازیان فرێدرابوون، بنکەی پۆلیسی قەرەداخ لێکۆڵینەوەی لە کوشتنەکە کردووە، موقەدەم لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان، بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "فەرمانی گرتن بۆ 6 کەس دەرچوو، تەنیا چوار کەسیان دەستگیر کران، ئەوانیش ئازاد کران، لەبەرئەوەی بەڵگە نەبوو لەسەریان، دوو تۆمەتباری سەرەکیش نەگیراون".

رێکخراوی راگەیاندن و روناکبیریی ژنان (رێوان) لە بانگەوازێکدا رایگەیاندووە کە رۆژی 2014/5/18 ئەو چوار کەسەی تۆمەتبار بوون بە کوشتنی ئەو کوڕ و کچە ئازاد کران، ئەو رێکخراوە داوا دەکات "نابێت لەم نادادپەروەرییە بێدەنگ بین، دەبێت هەڵوێستمان هەبێت".

### چۆنیەتی کوشتن و رفاندنەکە

یەکێک لە دراوسێکانی ماڵی شاجوان بۆ (رووداو) باسی لەوە کرد، ئەو کچ و کوڕە لە رێگەی قوتابخانە یەکدییان بینیوە و خۆشەویستی لە نێوانیان پەیدا بووە "بەڵام کەس بەو رووداوەی نەزانیوە، هەتا رەدووکەوتن، دەڵێن پێشتر کوڕەکە داخوازی کچەکەشی نەکردووە".

ئەو هاووڵاتییە دەڵێت "دوای رەدووکەوتنی کچەکە، ماڵی شاجوان هێرشیان کردە سەر ماڵی هاوڕێ و کچێکی ئەو ماڵەیان برد و دوو شەو لە ماڵیان مایەوە، لە بری شاجوان لای خۆیان هێشتیانەوە، بەڵام پیاو ماقوڵان هاتنە نێوانیان و کچەکەیان ئازاد کرد، بۆ رۆژی پاشتر ئەو کچ و کوڕەیان کوشت".

تەرمی هاوڕێ و شاجوان دوای سێ رۆژ لە رۆیشتنیان، لەلایەن هاووڵاتییەکەوە دەدۆزرێنەوە و پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکات، بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) تەرمی هەردووکیان لە یەک شوێن بووە، بەڵام نزیکەی 50 مەتر لە دووری یەکدی فڕێ درابوون.

وەک ئەو دراوسێیەی ماڵی شاجوان باسی کرد، لەبەر ئەوەی کچ و کوڕەکە تەمەنیان بچووک بووە، نەیانتوانیوە بۆ شوێنێکی دوور بڕۆن "هەردووکیان بە کلاشینکۆف کوژراون و یەکی نزیکەی 10 گوللەیان لێدراوە، تەرمی هەردووکیان برانەوە بۆ شۆڕش، هەر یەکەیان لە گۆڕستانێک نێژران و پرسەشیان بۆ دانەنرا".

## لە 5 مانگی رابردوودا

# 57 ژن لە دهۆک گیراون

### سێیان سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە



**کاروان عەلی**
**رووداو- دهۆک**

لە ماوەی پێنج مانگی رابردوودا لە سنووری پارێزگای دهۆک 57 ژن بە تاوانی جیاجیا دەستگیرکراون، دوای یەکلاکردنەوەی دۆسیەی هەندێکیان 3 لەو ژنانە بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی ژنان و منداڵان لە پارێزگای دهۆک، لە ماوەی پێنج مانگی رابردوودا لە سنووری ئەو پارێزگایە 57 ژن بە تۆمەتی جیا جیا دەستگیر کراون.

دوو لەو ژنانە کە هەوێ بوون، لەگەڵ مێردەکەیان بە تۆمەتی کوشتنی دوو منداڵ لە سنووری قەزای زاخۆ دەستگیر کران، دوای دادگایی کردنیان بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو.

زەکی ساڵح، بەڕێوەبەری چاکسازی و منداڵان لە پارێزگای دهۆک، وردەکاری دەستگیرکردنی ئەو ژنانەی بۆ (رووداو) باسکرد و گوتی "لە ماوەی 5 مانگی رابردوودا 57 ژن دەستگیر کراون، کێشەی هەندێک لەو ژنانە کۆتایی هاتووە و ئازاد کراون، ئێستا 24 ژن لە نێو زیندانی چاکسازی ئافرەتان ماون".

سەبارەت بە دۆسیەی ئەو 24 ژنەش، زەکی ساڵح گوتی "لەو 24 ژنە، 12یان راگیراون و تاوەکو ئێستا دۆسیەکەیان لە دادگا یەکلایی نەبووەتەوە، هەروەها 12ەکەی دیکەش دادگایی کراون، سزای جۆراو جۆریان بۆ دەرچووە، کە سێ لەو ژنانەی حوکم دراون، بەپێی مادە 406 لە یاسای سزادانی عێراق، سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە".

هەرچەندە ئەو سێ ژنە و زۆر ژن و پیاوی دیکەش هەن سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە، بەڵام سزاکەیان بەسەردا جێبەجێ ناکرێت، چونکە لەساڵی 2008ەوە جێبەجێکردنی ئەو سزایە بەکردەوە راوەستاوە ئەگەرچی دادگاکان بەردەوامن لە کارکردن بە یاساکە.

# لەسەر ژنی دووەم سێ کەس دەکوژرێن



**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- کەرکووک**

لە شەڕی نێوان دوو خێزاندا لە کەرکووک کە لەسەر هێنانی ژنی دووەم بووە و کەسوکاری ژنی یەکەم رێگرییان لە پیاوەکە کردووە، سێ کەس کوژران و چوار کەسی دیکەش بریندار بوون.

ئەو رووداوە شەوی 2014/5/31 لە گەڕەکی رەحیماوەی کەرکووک لەنێوان دوو خێزاندا روویدا کە ئامۆزای یەکدین. ئەوەی دەیویست ژنی دووەم بهێنێ ناوی (س. ئـ)ەو کاسبکارە. لە شەڕەکەدا کە چەکی تێدا بەکارهات باوک و برای (س) کوژران و خاڵی ژنەکەشی کوژرا. شەڕەکە لە کاتی سوڵحکردن لەنێو ماڵی خەزووری (س) روویداوە.

یەکێک لە دراوسێکانی ماڵی خەزووری (س) باسی لەوە کرد کە (س) ماوەی 7 ساڵە ژنی هێناوە، بەڵام "منداڵیان نەدەبوو، بۆیە (س) ویستی ژنی دووەم بێنێت، رەزامەندی کەسوکاری ژنەکەشی وەرگرت و ژنی مارە کرد، بەڵام دواتر کەسوکاری ژنی یەکەم پەشیمان بوونەوە و رێگرییان لێکرد بیگوازێتەوە".

کەسوکاری هەردوولا کۆدەبنەوە بۆئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، هەموویان دەچنە ماڵی خەزووری (س) لە رەحیماوە کە گەڕەکێکی کوردنشینی میللییە. ئەو دراوسێیەیان گوتی "دەمەقاڵێیەکی زۆریان کرد، پاشان چەکیان بەکارهێنا و بووە شەڕە تەقە، لە ئەنجامدا سێ کەس کوژران، لەماڵی پیاوەکە باوک و برای (س) و لەماڵی ژنەکەشی خاڵی ژنەکەی، هەروەها چوار کەسیش بریندار بوون، ئەوانە هەموو کەسوکاری یەکترن، مام و ئامۆزا و خاڵی یەکترن، بریندارەکانیش باوک و مامی ژنەکەن".

تەرمی سێ کەسەکە رەوانەی پزیشکی دادی کەرکووک کرا، بریندارەکانیش رەوانەی نەخۆشخانەی ئازادیی کەرکووک کران کە برینی یەکێکیان سەختە و مەترسی لەسەر ژیانی هەیە. دراوسێکەیان دەڵێت "ئەوان لە رووی ماددییەوە رەوشیان باشە، هەرچەندە چەکدار نین، بەڵام هەموویان چەکیان لە ماڵەوە هەیە، چونکە لە کەرکووک چەک بە پێویستی ماڵ دەزانن و زۆربەیان چەکیان هەیە".

پۆلیسی کەرکووک بڵاویکردەوە کە هێشتا لەسەر ئەو رووداوە کەس نەگیراوە، بەڵام دراوسێکەیان دەڵێت "دوو کەس گیران، کە کەسوکاری ژنەکەن، بەڵام (س) نەگیراوە و برینداریش نەبووە، دوای رووداوەکە پۆلیس هاتنە گەڕەکەکە و نەیانهێشت کێشەکە لەوە زیاتر گەورە بێت".

لە کەرکووک هێشتا هەر کار بە یاسای کۆنی باری کەسێتی دەکرێت کە بەشێوەیەکی ئاسایی مافی هێنانی زیاتر لە ژنێک دەداتە پیاو.

ڕووداو
ژمارە (312) دووشەممە 2014/6/2



مەلا یاسین وەرتی

# تاوانبار لە مارەبڕینی ژنە 15 ساڵییەکەدا




کوشتنی ژنە 15 ساڵانەکەی کەلەکچی بە هەموو پێوەرێکی شەرعی و یاسایی و ئینسانی کارێکی دڕندانە بوو، ئەوانەشی کە لەپشتیەوەن پێویستە سزای شایستەی خۆیان وەرگرن، هەروەها دووجار بەشوودانی ئەو ئافرەتە لەو تەمەنە کەمەدا پرسیاری زۆر هەڵدەگرێ و پێویستی بە لەسەر وەستان و دۆزینەوەی ئەوانە هەیە کە بەشداربوون لە ڕوودانیدا.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، هەر کات ڕووداوێکی فرە ڕەهەندو فرەبکەری لەوجۆرە ڕوودەدات، زوومی قسە و لێدوان و تۆمەتبارکردن پێش هەمووان ئاراستەی مامۆستایانی ئایینی دەکرێ، بەتایبەت لە مەسەلەی مارەکردن و تەلاق و باری کەسیدا. من نامەوێ پاکانە بۆ مامۆستایانی ئایینی بکەم و کەمتەرخەمی و هەڵەکانیان بپۆشم، بەڵکو دەمەوێ تاوانبار و بەشداربوویەکی باسنەکراوی ئەو تاوانە دیاری بکەم، ئەویش پەرلەمانی کوردستانە.

هەمووومان دەزانین خەڵکی موسڵمانی کوردستان ئامادە نین کچەکانیان بەشوو بدەن بەبێ مارەبڕینی شەرعی لەلای مامۆستای ئایینی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

**یەکەم:** پابەندیی بەهێزی خەڵکی کوردستان بە ئیسلامەوە.

**دووەم:** پەیڕەونەکردنی مارەبڕینی شەرعی بەهەموو مەرجەکانیەوە لەلایەن دادوەر و دادگاکانی کوردستان.

لەولاوە خەڵکێکی زۆر لەوانەی خوێندەواری دینییان هەیە — کە زۆربەشیان مەلای تەواو نین— کاری مارەبڕین دەکەن، ئەوەش زۆر جار کێشەی لێ دەکەوێتەوە.

بۆ ڕێگرتن لەو بێ سەروبەرییە و ڕێکخستنی ئەو بابەتە، یەکێتی زانایان ساڵی 2011 پڕۆژە یاسایەکی لەژێر ناوی ڕێپێدراوی شەرعی (مەئزونی شەرعی) ئامادەکرد و پێشکەشی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستانی کرد.

بەپێی پڕۆژە یاساکە، لەهەر شارو شارۆچکەیەک تەنها چەند مامۆستایەک (نەک هەموو مامۆستایان) بۆیان هەبوو لە چوارچێوەی یاسادا مارە ببڕن، ئەویش دوای بینینی خولی تایبەت و ڕەچاوی چەندین مەرجی توند لە کارەکەیاندا.

کەچی کاتێک پڕۆژەکە پێشکەشی پەرلەمان کراو خرایە گفتوگۆوە، پەرلەمانتارە بەڕێزەکان (جگە لە ژمارەیەکی کەم کە نەدەگەیشتنە 10 کەس) هەموویان دژی وەستانەوە و تەنانەت بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین و گاڵتەئامێزەوە کەوتنە پێکەنین و سووکایەتی بە پڕۆژە یاساکە.

ئەو پێکەنین و دژوەستانەوەیە لەلایەن پەرلەمانتاران و ئەوانەی خۆیان بە پارێزەری مافی ئافرەت دەزانی، لەبەر ئەوەبوو کە بیرۆکەی پڕۆژەکەیان بەلاوە دواکەوتووانە و نەگونجاو بوو لەگەڵ سەردەمدا، بەڵام من دڵنیام زۆرێک لەوانە نەیانتوانیوە لە پڕۆژە یاسایەکە تێبگەن، ئەوەی کردیان تەنها دژایەتییەکی کوێرا نەبوو (لەگەڵ ڕێزم) جگە لەوەی سووکایەتی بوو بە خاوەنی بیرۆکەی پڕۆژەکە کە یەکێتی زانایانە.

بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر لەوبارەوە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ وتارێکی ئەوکاتی گوتەبێژی یەکێتی زانایان بەڕێز مامۆستا مەلا جەعفەر گوانی لەو لینکەی خوارەوە:

http://www.zanayan.org/articles.php?id=841&eid=47


من دڵنیام ئەگەر ئەوکات ئەو پڕۆژە یاسایە پەسەند کرابا، زۆر بە ئاسانی مەسەلەی مارەبڕینی ئافرەت لەلایەن مامۆستایانی ئایینییەوە کۆنتڕۆڵ دەکراو کەسانی ناشایستەو نەزان نەیاندەتوانی دەست وەربدەنە ئەو کارە، ئەوەش هەم کار ئاسانی دەبوو بۆ هاووڵاتیان و هەم دادگاکانیش دەیانزانی لەگەڵ کێ هەماهەنگی بکەن، لە ئەنجامیشدا ڕێگری دەکرا لە زۆر لەو ڕووداوە کۆمەڵایەتیانەی ڕوویانداوە و ڕوودەدەن.

لەسەر ئەو بنچینەیە، بەوپەڕی متمانەوە دەڵێم سەرجەم ئەو فراکسیۆن و پەرلەمانتارانەی خولی پێشووی پەرلەمان کە پڕۆژەکەیان ڕەتکردەوە و کەمتەرخەمییان نواند لە تێگەیشتنی، پشکی سەرەکی ئەو تاوانە و هەر تاوانێکی دیکەی لەو جۆرەیان (لەدنیاو دواڕۆژدا) دەکەوێتە ئەستۆ.

بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە بە پەرلەمانی ئێستاش دەڵێم:

هیوادارم ئێوە خۆتان ئەمجارە بچن داوای ئەو پڕۆژە یاسایەی یەکێتی زانایان بکەن و لە زووترین کاتدا پەسەندی بکەن، تا ئەوکات نابێت گلەیی لە هیچ مامۆستایەکی ئاینی بکەن کە بۆچی لەدەرەوەی یاسا ژن مارە دەکات، من یەکێکم لەوانەی کاری مارە بڕینم ئەنجامداوەو بەردەوامیشم لەسەری، هەر موسڵمانێک لە سنوورەکەی خۆم پێویستی بە من بێت و مەرجی شەرعی تێدا بێتەدی، ئامادەم ژنی لێ مارە بکەم، چونکە ئەگەر وا نەکەین پرۆسەی هاوسەرگیری دەوەستێ.

هیوادارم بەزووترین کات ئەو یاسایە دەربچێت و مارەبڕینی شەرعی لەچوارچێوەی یاسادا ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی کارەساتی لەو جۆرە نەبینینەوە.



کامیل عومەر*

# کێ یەکەمی بۆ ڕکابەرە؟

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە "ڕووداو"، لەڕووی تەکنیک و تەکنەلۆژیاوە قەڵەمبازی بە میدیای بینراوی کوردی داو تا ئاستێکی باش میدیاکانی دیکەی تێپەڕاند. هەروەها کەناڵێکە پڕ لە کاری ڕۆژنامەوانی و پڕ بەرنامە، بەڵام ئایا یەکەمی بۆ ڕکابەرە؟

ڕەخنەو سەرنجی ئێمە بۆ ئەو میدیایە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە بەخۆیان دەڵێن "یەکەمی بۆ ڕکابەر". هەرچەندە ئەمە لە دروشمێکی سیاسی دەچێت نەک پەیامێکی میدیایی، بەڵام دەپرسم بە چ پێوەرو پێودانگێک ئەم بڕیار و داوەرییە، ئەم مارکەیە، ئەم شوناسە بەخۆتان دەبەخشن؟، بە کام داتاو ئاماری دەزگاو کۆمپانیای باوەڕپێکراوی تایبەت بە ڕاپرسی؟ کام دامەزراوەی ئەکادیمی لەبواری توێژینەوە ئەم دادوەرییەی کردووە؟.

بە بەراورد بە کەناڵە ئاسمانیەکانی دیکەی کوردستان، ڕەنگە زۆربەمان نکۆڵی لەوە نەکەین کە "ڕووداو" لەڕووی بەکارهێنانی تەکنیک و تەکنەلۆژیای گەیاندنەوە، بێ ڕکابەرە؟ بەڵام ئایا ئێمە هەروا بە سانایی دەتوانین لەڕووی پەیام و ناوەڕۆک و سیاسەتی کارکردنی ئەم کەناڵەوە ئەم حوکمە بدەین؟ بێگومان، نەخێر.

پێم سەیرە لە سەرەتای دامەزراندن و لە ساڵیادی دامەزراندنیدا، "ڕووداو" کۆمەڵێک سیاسی دەدوێنێ تاوەکو هەڵیبسەنگێنن و پیایدا هەڵبدەن، کە نەک ئەوە ئیش و پسپۆڕیی ئەوان نییە، ڕەنگە ئەوانە هەر سەیری میدیای کوردی نەکەن. لەوەش سەیرتر ئەوەیە، ئەم کەناڵە نووسەری بەناوبانگی تورک "ئیسماعیل بێشکچی"یان کردووەتە هەڵسەنگێنەر، لەکاتێکدا ناوبراو زمانی کوردی نازانێ، تا سەیری میدیای کوردی بکات و "ڕووداو" هەڵبسەنگێنێ!.

دیارترین ڕەخنەو پرسیار کە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەیەو بێ وەڵامە، لێڵی و شاراوەیی سەرچاوەی دارایی ئەم کەناڵەیە کە تا ئێستا کەس نازانێت لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت و چۆن خەرج دەکرێت. تەنها ئەوە دەزانرێت کە بەڕێز "نێچیرڤان بارزانی" خاوەنی کەناڵەکەیە، ئەی ئەو بەڕێزە لەکوێی هێناوە؟. باشە ئەم میدیایە چۆن دەتوانێت چاودێر بێت بەسەر کۆی دەسەڵاتەکانی ترەوە، لەکاتێکدا خۆی پێویستی بە چاودێری هەیەو شەفاف نییە؟!.

کێشەی گەورەتری ئەم کەناڵە، لە پەیامەکەیدایە، پەیامێک پڕ لە سیاسەت و لە لایەنگیری و تاڕادەیەک خاڵی لە هاوسەنگی و بابەتیبوونە. کە دەڵێیین پڕە لە سیاسەت و لایەنگیری. مەبەست لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی کەناڵ نییە، مەبەست لەوەیە ئەم کەناڵە سیاسەت لە بەرژەوەندی هێزێک لە دژی هێزێکی دیکە دەکات. بۆ نموونە پێ بەپێی سیاسەتی هێزێکی باشووری کوردستان، دژایەتی هێزە کوردییەکانی باکوور و خۆرئاوای کردووە. هەروەها هێندەی گرنگی بە کەمپینی هەڵبژاردنی ئەردۆغان و حیزبەکەی داوە، نیو هێندەش گرنگی بە کەمپینی هەڵبژاردنی لایەنە کوردییەکانی وەک بەدەپە و هەدەپە نەداوە و تەنانەت پەراوێزیشی خستوون.

کە ئێژین تاڕادەیەک خاڵیە لە هاوسەنگی و بابەتیبوون. ئەم کەناڵە وەک پێویست نەیتوانیوە بابەتیانە ڕوومالی ڕووداوەکان بکات. بۆ نموونە بە گرنگییەوە ڕوومالی باس و خواس و کۆبوونەوەی هەموو ئەو لایەنە سیاسیانە دەکات لە باشوور و باکوور و خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی کوردستان کە لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نزیکن. هەروەها میوانێک دەهێنێت کە کادیری چالاک و بەئاگای هێزێکی سیاسییە و لەبەرامبەردا میوانێکی لاواز و بێ ئاگا دەهێنێت و دەیدوێنێت کە تاڕادەیەکی زۆر بێ ئاگایە لە بابەتەکە.

سەرباری ئەوانەش، ئەم کەناڵە لە ڕوومالی ڕووداو و بابەتەکانی شارەکانی باشووری کوردستاندا تا ئەندازەیەکی زۆر نابابەتی و ناهاوسەنگە. بۆ نموونە فۆکەسی ئەم کەناڵە لەسەر شاری سلێمانیە، بەڵام فۆکەسێکی نەرێنی. وەک (لەشفرۆشەکانی سلێمانی، پارتی هاوس لە سلێمانی، تاتۆی زیندووکردنەوەی نازیزم لە سلێمانی، ڕووداوەکانی کوشتن و بڕین لە سلێمانی). ئەم دیمەنانە بەشێوەیەک دەخرێنەڕوو کە هەڵگری دنیایەک گومانە، لەکاتێکدا شاری هەولێر پڕ ڕووداوترە، پڕ لە کێشەی سیاسی و کێشەی کۆمەڵایەتی و کێشەی کەلتووری (ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چیرۆک و ڕۆمانەکانی شێرزاد حەسەن و فەرهاد پیربال زۆر بابەتی سەیرتر هەیە). وەکچۆن شاری دهۆکیش دنیایەک کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە. ئەمەش نەک نابابەتیبوونە، بەڵکو ناڕاستگۆییشی تێدایە.

لەسەرەتای دامەزراندنیەوە هاوکارانمان لە "ڕووداو"، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەم کەناڵە لۆکاڵیبوونی میدیای کوردی تێدەپەڕێنێت (کە تا ئێستاش پێمونایە میدیای کوردی تەنیا بە تەکنیک و پەخش ئاسمانییە نەک بە پەیام)، بەڵام ئەم کەناڵەش لەو ڕووەوە دڵخۆشی نەکردووین و بووەتە ژمارەیەکی زیادکراوی میدیای لۆکاڵی کوردی. بۆ نموونە ئەم کەناڵە تەنیا لە باکووری کوردستان نووسینگەی هەیە، ئەویش بە حوکمی پەیوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا. ئیدی ناتوانێ ڕوومالی ڕووداوەکانی شارەکانی دیکەی کوردستان بکات. تەنانەت لۆکاڵیبوونی ئەم کەناڵە بە ئاستێکە، ڕوومالی هەندێ کێشەی بچووکی خزمەتگوزاریی گەڕەکێک دەکات، لەکاتێکدا ئەوە ئیشی ئەو هەموو کەناڵەیە کە بە تەکنیک لۆکاڵن.

لەگەڵ ئەوانەشدا، تێبینی ئەوە دەکەین کە ڕۆژانە ڕووبەرێکی زۆری ئەم کەناڵە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی داگیری کردووە، بە پێویست و نا پێویست بە گرنگ و ناگرنگ، سەردان و لێدوان و گەشت و کۆبوونەوە و مەراسیمەکانی کاک نێچیرڤان. ئەوە ڕاستە ناوبراو خاوەنی ئەم کەناڵەیە، بەڵام ئەم جۆرە مامەڵەیە بێلایەنیی ئەم کەناڵە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بە هەموو ئەم سەرنج و تێبینیانەی لەسەر "ڕووداو" هەیە، نامانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە ئەم کەناڵە "بێ ڕکابەرە"، بەتایبەت لەڕووی پەیامەوە. هەرچەندە ئەم میدیایە هێندە توانای دارایی و توانای مرۆیی باشی تێدایە، دەکرێ لەڕووی پەیامیشەوە یەکەمی چۆنێتیانە بێ ڕکابەر بن و تا ئاستێکی باش بابەتیانەو بەرپرسیارانە مامەڵە بکەن و تەنها چەندێتیانە ژمارەیەکی زیادکراو نەبن بۆ میدیای کوردی.

***مامۆستای ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی**



زانا بەهرام
zana_bahram@yahoo.co.uk

# هەواڵی ئابووری لە میدیای کوردیدا

لە دنیای ڕۆژنامەوانیی ئەمڕۆی جیهاندا هەواڵی ئابووری شانبەشانی هەواڵی سیاسی گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، بە جۆرێک ئەگەر سەیری میدیاکانی جیهان بکەین، دەبینین کە هەواڵی ئابووری دەبێتە مانشێت و سەردێڕی هەواڵەکانیان و لە پێش هەواڵە سیاسییەکانەوە دێت، جگە لەوەی کە لەناو درێژەی هەواڵەکانیشدا چەندان ڕاپۆرتە هەواڵ و ریپۆرتاژ سازدەکرێن دەربارەی ڕووداوە ئابوورییەکانی ڕۆژ. بەڵام ئەوەی جێی داخە لەناو میدیایی کوردیدا، هەواڵە ئابوورییەکان بێ بایەخترن لە هەواڵە سیاسییەکان، بۆیەش کەمترین بایەخیان پێدەدرێت و وەکو بەشێکی جیاواز دادەنرێن لەگەڵ هەواڵە وەرزشییەکان.

سەدەی 21 سەدەی یەکلاکردنەوەی شەڕە سیاسییەکانە لەڕێی ئابوورییەوە. بۆیەش میدیاکانی دنیا گرنگییەکی یەکجار زۆر بە هەواڵە ئابوورییەکان دەدەن. ئەوان پێیانوایە ئیتر سیاسییەکان دەبێت شارەزاییان لە ئابووری زیاتر بێت تاوەکو سیاسەت، تا بتوانن بە زمانی ئابووری قسە بۆ خەڵک بکەن و پشتگیری و دەنگی خەڵک بەدەستبێنن، چونکە بە شێوەیەکی گشتی ئیتر خەڵک بێزار بوون لە سیاسەت و پڕۆژەی سیاسی کە زۆرجار لە جیاتی هێنانی بەختەوەری و نانی سەر سفرە بۆ ماڵەکان، کەچی ماڵوێرانی و گرانی و دووبارەکردنەوەی ڕابردووی تاڵ دەهێننەوە بۆ کۆمەڵگا. بۆیەش ئەگەر سەیری کەمپینی پارت و هێزە سیاسییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و تەنانەت زۆر وڵاتی تریش لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و لە تورکیاش بکەین لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، دەبینین ئەو هێزانە دێنە پێش و دەسەڵات دەگرنە دەست کە دەتوانن چارەسەری قەیرانی ئابووری بکەن، یان لانیکەم ئومێد و مژدەی باشترکردنی ژیانی خەڵک دەدەن لە ڕێگەی پڕۆژە ئابوورییەکانیان.

بۆیە شتێکی سەیر نییە کە هەموو ئەو کێشانەی لە وڵاتانی دنیا بەتایبەتی لە کیشوەری ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدەن و چەندان شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەرییان بەدوای خۆیاندا هێنا، لە بنەڕەتدا هۆکارە ئابوورییەکەی هاندەر و هەوێنی ئەو ڕووداوە سیاسیانە بوون کە بوونە هۆی ئەوەی خەڵک ڕاپەڕن و داوای چاکسازی و باشترکردنی ژیانیان بکەن. لە وڵاتێکی وەک میسر، ئەوە بەتەنها دیکتاتۆربوونی حوسنی موبارەک نەبوو کە ئەو شۆڕشە جەماوەرییە سەریهەڵدا، بەڵکو ئەوە بێکاری و نەبوونی دەرفەتی یەکسان بوو لە ڕووی ئابوورییەوە کە هەژار و توێژی گەنجان داوای ئایندەیەکی باشتریان دەکرد. هەروەها لە وڵاتانی ئەوروپا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین کابینەی حکومەت ڕووخان بەهۆی قەیرانی ئابوورییەوە، وەک یۆنان، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، پورتوگال و... تەنانەت لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا پارتێکی ڕاستڕەوی وەک پارتی سەربەخۆیی بەریتانیا کە هیچ قورساییەکی سیاسی و مێژوویی نەبوو تا دوای سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری لە ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپا، ئەم پارتە هۆکاری کورتهێنانە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتەی خستە ملی خەڵکانی بیانی لەو وڵاتەدا و توانی لەڕێگەی کەمپینێکی دژ بە خەڵکی بیانی لە بەریتانیا سەرنجی خەڵکی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی 2013 ڕابکێشێ و نزیکەی 100 کورسی ئەنجومەنی شارەوانییەکان بباتەوە.

هەر ئەو کاریگەرییە ئابوورییەیە کە وای لە کەناڵ و ڕۆژنامە جیهانییەکان کردووە زۆرترین بایەخ بە ئابووری بدەن لە هەواڵەکانیدا، هەر بۆیەش دەبینین بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین بە چەند سەنتێک دەبێتە مانشێت و سەردێڕی هەواڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەو وڵاتەدا و دەیان شرۆڤە و ڕاپۆرتە هەواڵی لەسەر دروست دەکەن، تەنانەت سەرۆک وەزیر و وەزیری پەیوەندیدار بانگ دەکەن بۆ ستۆدیۆی تەلەڤیزیۆنەکان، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە لە کوردستاندا، ئەوەیە کە تەنانەت ڕاکێشانی بۆریی نەوتیش بۆ وڵاتانی وەک ئێران و تورکیا و هەموو ئەو قەیرانە ئابووریانەی لەم هەرێمەدا ڕوودەدەن و چارەنووسی نەتەوەیەکیان لەسەر بەندە، وەک پێویست گرنگییان پێنادرێت. تەنانەت بۆ هەندێک لە کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆن زۆر گرنگترە بەلایانەوە کە هەواڵی گردبوونەوەی چەند کەسێک لە بەردەمی پەرلەمان و قسەی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێک لە حیزبەکان بکەنە سەردێڕی گرنگترین هەواڵەکان و چەندان جار دووبارەی بکەنەوە لە ڕۆژێکدا، بەڵام دەیان پڕۆژەی ئابووریی ستراتیجی و دەیان کەموکورتیی ئابووری هەیە لە کوردستاندا کە ژیانی هەزاران و بگرە تەواوی کۆمەڵگای لەسەر بەندە، پشتگوێی دەخەن. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا بەڕاستی بەڕێوەبەرانی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانە لە بێخەبەری و لە سۆنگەی ئەوەی کە وا ڕاهاتوون هەواڵە سیاسییەکان گرنگترن بۆ ژیانی خەڵک و پاشەڕۆژی کۆمەڵگا بەو جۆرە کار دەکەن؟ یان دەستکەوتی مادی لە هەواڵە سیاسییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان حیزبەکان زیاترە بۆ ئەوان؟

ئەوەی ئەمڕۆ لەناو میدیای کوردی دەگوزەرێت، نەک هەر حاڵەتێکی سروشتی نییە و نەخوێندنەوەی کۆمەڵگا و کێشەکانی کۆمەڵگایە بۆ ئەو دەزگایانە، بگرە بێزارکردنی بینەر و خوێنەری کوردیشە بەو هەموو هەواڵە سیاسی و لێکدانەوە سیاسیانەی کە ڕۆژانە چەندبارە دەبنەوە، کارەساتەکەش لەوەدایە تەنانەت لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیشدا ئەگەر سەرنجت بدابایە، کەمترین بایەخی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە پڕۆژە و بەرنامەی ئابووریی حیزب و لیستەکان بوو!

وەک چۆن هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کەمترین بایەخ بە پڕۆژەی ئابووری و چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی کوردستان دەدەن، میدیاش لە کوردستان ڕۆڵی کاریگەری خۆی لێ ون بووە و نەیتوانیوە هەوڵی شرۆڤەکردن و گەنگەشەکردنی لایەنی ئابووریی کوردستان بدات، تا خەڵک زانیاریی تەواوی هەبێت لەسەر نەوت، کشتوکاڵ، بازرگانی، بەرهەمی ناوخۆ، داهاتی ئەو وڵاتە دەچێت بۆ کوێ و بە چی دەدرێت، گرنگیی ڕاکێشانی بۆری نەوت چییە لە هەرێمەوە بۆ وڵاتان، بۆچی بەغدا بودجەی خەڵک دەبڕێت، پڕۆژە بازرگانییەکانی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان و لێکۆڵینەوە لەوەی چۆن لەپڕێک هەندێک ئاوا دەوڵەمەند بوون، خەڵکی بیانی چۆن سەیری کوردستان دەکات لە ڕووی ئابوورییەوە، ئەوانە و دەیانی پرسی ئابووریی دیکە، بۆ نموونە: ئایا لە ئەگەری جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق دەتوانین لەڕووی ئابوورییەوە پشت بەخۆمان ببەستین؟ بە بڕوای من شیکردنەوە و دانی زانیاری لەوبارەیەوە بە خەڵکی کوردستان پێویستە یەکێک بێت لە بابەتە گرنگەکانی ڕۆژانەی میدیای کوردی تا ئیشی لەسەر بکات لەمەودوا.



## دەروون گۆرانی بۆ بلاک درێس دەڵێت

**ڕووداو- هەولێر**

نوێترین گۆرانی هونەرمەندی لاو دەروون بەناوی بلاک درێس کلیپ دەکرێت. هەردی عومەر وێنەگری ئەم کلیپە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کارەکانی ئەم کلیپە لە سوید وێنەگیراوە و گۆرانییەکە لەڕووی ستایل و گوتنەوە جیاوازە لەکارەکانی پێشووتری، ئەویش لەبەرئەوەی ئەم گۆرانییەی بە زمانی ئینگلیزی گوتووە و پێدەچێت دەنگدانەوەیەکی باشی هەبێت". ئەم کلیپە نوێیەی دەروون کۆمپانیای music produs i Play production بەرهەمی هێناوە و هەردی عومەر مۆنتاژی کردووە. هەروەها لەلایەن (Terry Mcleod) کاری دەرهێنانی بۆ کراوە، کچە نمایشکارێکی هیندیش لەم کلیپەدا ڕۆڵی بینیوە.




## کوردێک خەڵاتی شا قوستەنتین وەردەگرێت

**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو لە فێستیڤاڵی یادی شا قوستەنتین لە سربیا، خەڵاتی شا قوستەنتین بەخشرایە هونەرمەند ڕزگار ڕەنجەڕۆ.

ڕزگار ڕەنجەڕۆ لە پەیجی تایبەتی خۆی لە فەیسبووک نووسیویەتی "ئەوە دووەمین جارە لە هەندەران خەڵاتی هونەریم پێ ببەخشرێ".

ڕەنجەڕۆ لە ساڵی 1988 لە فێستیڤاڵی گۆرانی سیاسی لە سۆکۆلۆڤ، خەڵاتی شەرەفی گۆرانی سیاسی جیهانیی پێ بەخشرا. ناوبراو ئەندامی ئەکادیمیای زانیاریی سربیایە.

شا قوستەنتین ناودارترین شای ئەوروپایە، بۆیە ساڵانە فێستیڤاڵێک بەناوی ئەو دەکرێت و تێیدا خەڵات دەدرێتە هونەرمەند و کەسایەتییەکانی جیهان.

## دۆکیومێنتارییەک لەسەر نیزامەددین ئارچ بەرهەمدێت

**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

لە درێژەی کارە دۆکیومێنتارییەکانی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)، ئێستا کامەران باتاسی دەرهێنەر سەرقاڵی فیلمێکی دۆکیومێنتارییە لەسەر ستران بێژ و میوزیکژەن و سینەماکار نیزامەددین ئارچ.

کامەران لەوبارەوە ڕایگەیاند "ئێستا لە قۆناغی کۆتایی فیلمی دۆکیومێنتاری هونەرمەندی کورد نیزامەددین ئارچ داین و بەم زووانە تەواو دەبێت". نیزامەددین 35 ساڵە لە ئەڵمانیا دەژیت و بەردەوامە لە کاری هونەری. کامەران گوتیشی "75%ی کارەکە لە ئەڵمانیا وێنەگیراوە و 25%یشی لە تورکیا و کوردستان، ئەم کارەش یەکێکە لە زنجیرە دۆکیومێنتارییەکانی تۆڕی میدیایی ڕووداو".



## ئەلبوومێکی سالار مەحموود بە دوێت

**ئەڤین سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند سالار مەحموود لەگەڵ ئاوازدانەر عەتا ئەحمەد ئەلبوومێکی گۆرانی بەرهەم دێنن کە لە 8 تراک پێکهاتووە، بەڵام تا ئێستا ناویان بۆ دانەناوە.

سالار مەحمود بە (ڕووداو)ی گوت "من و ئاوازدانەر عەتا ئەحمەد سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ئەلبوومێکین، کاک عەتا پێشتر هەر وەک ئاوازدانەر بەشداری لە ئەلبوومەکانی من و کەمال محەممەد دا دەکرد، بەڵام ئەمجارە وەک گۆرانیبێژیش بەشداری کردووە". سەرجەم ئاوازەکانی ئەلبوومەکە لەگەڵ تێکستی 6 گۆرانی لەلایەن عەتا ئەحمەدەوە دانراون، 2 تێکستی دیکەیان لەلایەن ئەنوەر باجگرەوە دانراون. جگە لەو ئەلبوومە سالار مەحمود دوو گۆرانی سینگڵی کلیپ کردووە بە ناوەکانی (گیانە تۆ ڕۆیشتی) و (خولیای خەمت بووم).



## لەیدی گاگا خۆی ڕووت دەکاتەوە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی گۆرانی پۆپی ئەمریکی لەیدی گاگا پێش دەستپێکردنی کۆنسێرتێکی گۆرانی، لەبەردەم خەڵکی خۆی دەگۆڕێت و بەتەواوی خۆی ڕووت دەکاتەوە.

بەپێی هەواڵەکان، لەیدی گاگا سوور بووە لەسەر ئەوەی نەچێتە ژووری خۆگۆڕینی دواوەی تەختی شانۆی کۆنسێرتەکە و لەبەردەم خەڵک خۆی بگۆڕێت و جلەکانی کۆنسێرت لەبەر بکات، ئەمەش وەک بەشێک لە نمایشکردنی لەش و لاری خۆی بەڕووتی بووە.

لەیدی گاگا بە کچە شێتەکە ناسراوە، بۆیە لەهەر کۆنسێرتێکدا کارێکی وا دەکات کەس نەیکردبێت و بینەران و ئامادەبووان سەرسام دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا گاگا بەوە ناسراوە جلوبەرگی زۆر سەرنجڕاکێش و دەگمەن دەپۆشێت.

لەیدی گاگا ناوی تەواوی ستیڤانی جوان ئەنجلینا جیرمانوتایە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئیتاڵیایە، بەڵام لە نیویۆرک لەدایکبووە، بەپێی ڕاپرسیەکی گۆڤاری فۆربس چوارەمین ئافرەتی کاریگەری جیهانە.




## گرووپی لێ دنێ دەچنە ئەفریقا

**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بەمەبەستی تۆمارکردنی کلیپێک، گرووپی لێ دنێ دەچێتە ئەفریقا و لەگەڵ سەماکارانی ئەوێ کلیپەکە وێنەدەگرن.

ڕەوان ڕێکۆ، ئەندامی گرووپەکە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە بۆ ئەوەی گۆرانی سێیەمی ئەلبوومەکەمان کە بەناوی تۆبەیە کلیپ بکەین، ئەفریقامان هەڵبژارد بۆ ئەوەی لەو وڵاتە وێنەی بگرین، چونکە گۆرانییەکە ڕیتم و تام و چێژی ئەفریقایی هەیە، لەبەر ئەوە ویستمان لە نزیکەوە لەگەڵ سەماکار و خەڵکی ئەو وڵاتە کلیپەکە جێبەجێ بکەین". ڕەوان گوتیشی "هەوڵدەدەین تێکهەڵکێشیەک لەگەڵ میوزیکی کوردی و ئەفریقایی بکەین، بۆ ئەوەی کارێکی ناوازەو تازە لە نێو میوزک و گۆرانی کوردی جێبکەینەوە".



## داهاتی ریهانا لە خولەکێکدا 300 دۆلارە

**ڕووداو- ئەڵمانیا**

بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان، ریهانای گۆرانیبێژ بۆ هەر نمایشێکی جلوبەرگ 100 هەزار دۆلار وەردەگرێت کە هەفتانە دەگاتە 3 ملیۆن دۆلار و بۆ هەر خولەکێک دەکاتە نزیکەی 300 دۆلار.

بەشێکی زۆری کۆمپانیا و دیزاینەرانی جلوبەرگی جیهانی کێبڕکێ دەکەن لەسەر نیشاندانی نوێترین مۆدیلی جلوبەرگ لە ڕێگای ئەستێرەکانی هۆلیوود و گۆرانیبێژان، ریهاناش بەهۆی ئەو هەموو هەوادارەی هەیەتی شانسی ئەوەی هەبووە زۆرترین ریکلامی جلوبەرگی مارکە بکات، بەو هۆیەشەوە داهاتێکی زۆری کۆکردووەتەوە.



## بەختی ڕووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی**
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
چەند بەرنامەیەکی کاری باشت ئامادەکردووە، ئەگەر بە باشی جێبەجێیان بکەیت دەگەیتە مەبەستەکانت، بەڵام عینادی لەگەڵ کەسانێک مەکە کە شارەزاییان لەتۆ زیاترە. لەناختاندا هەست بە بێهیوایی دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان مژدەبەخشن.

**گا**
هەموو هێز و توانات لەکارێکی نوێدا بەکار دەهێنیت بۆ سەرکەوتن، بە ڕاراییەوە هەنگاو مەنێ چونکە توانایەکی باش و زۆرت هەیە و دەتوانی کۆنترۆڵی تەواو بکەیت. هەرچەندە سۆزداری ئاسوودەت دەکات، بەڵام ئەنجامەکە بەو شێوەیە نییە کە هەست بەدڵنیایی بکەیت.

**جمک**
مەهێڵە هەندێک بەربەستی بچووک ببێتە خەمی گەورە لە کاتێکدا دەزانیت کە لە کۆتاییدا دەتوانی هەنگاو بەسەر گرفتەکاندا بنێی. لەگەڵ سۆزدارەکەت خاڵی هاوبەشی زۆرتان هەیە. پێویستتان بەسۆز و خۆشەویستی هەیە. بەڵێنی شتێک مەدە کە بۆت جێبەجێ ناکرێت.

**قرژاڵ**
ململانێ بەردەوامەکانت ناتگەیەنێتە هیچ ئامانجێک، هەتا زیاتر لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بگونجێی ئەگەری سەرکەوتنت زیاتر دەبێت. گرنگییەکی زیاتر بەپلەوپایەی کۆمەڵایەتیتان بدەن. لەتوانای خۆت بڕوانە و هەوڵ بدە کارەکانت ڕێکبخەیت.

**شێر**
خۆشی لەم کەشە نوێیەی کارکردن وەربگرە و مەگەڕێوە بۆ گومان و ڕاڕایی، کارەکان لەوە خێراتر بەڕێوەدەچن کە پێشبینی دەکرا. گرفتی ئەم ماوەیە کورتخایەن دەبێت و بەئاسانی چارەسەری دەکەن. بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن.

**گوڵەگەنم**
تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و سەردانەکان هەندێک لە دڵتەنگییەکانت کەمدەکەنەوە.
کارەکانت دوا مەخە. کاتێکی باشە بۆ بڕیاری گرنگ. بەئاگادارییەکی زۆرەوە کارەکانتان ڕێکبخەن. هەندێک لە کارەکانت کاتی زیاتریان پێویستە.

**تەرازوو**
بەهۆی دیدار و پەیوەندییەکان و بەڵێنەکانەوە هەست بەئاسوودەیی دەکەیت، بیرکردنەوەکانت ڕاستن، چونکە هەموو شتەکان لەگەڵ کاتدا دەگۆڕێن و باش دەبنەوە. لەماڵدا خۆشەویست دەبن و کاتێکی باشە بۆ چارەسەری گرفتە سۆزدارییەکان، دەبێت سۆزدارەکەت دڵنیا بکەیتەوە.

**دووپشک**
کاتێکی باشە بۆ تەواوکردنی کارێک کە دواکەوتووە. هەرگیز لەئەنجامدانی کارێکی باش پەشیمان مەبەوە. باری دەسکەوت چەند زیاد دەکات ئەوەندەش خەرجییەکان زیاد دەبن، بەڵام دەتوانن پێویستییە گرنگەکان پڕ بکەنەوە. ژیانی سۆزداری باش بەڕێوەناچێت.

**کەوان**
هەنگاوە نوێیەکانی ژیانت دەبێتە کلیلی کردنەوەی چەند دەرگایەکی نوێی بەختەوەری، ڕەنگە سوود لە گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوە وەربگرن. سۆزداری کەشێکی لەباری بۆ ڕەخساندوون و پێویستە دڵنیایی بدەنە بەرامبەرەکانتان. گرنگی بە تەندروستیتان بدەن.

**کارژۆڵە**
هەوڵ بدە کارەکانت بەشێوەیەکی گونجاو ڕێکبخەیت و کەمتەرخەمی تێدا نەکەیت، سەرکەوتنت دەبێتە تاقیکردنەوەی تواناکانت کە ئەوەش دەرگای نوێت بۆ دەکاتەوە. هەر کارێک پەیوەندی بەدەسکەوت و دەرامەتەوە هەبێت سەرکەوتنی تێدا بەدەست دەهێنن.

**سەتڵ**
گرنگی بە هەنگاوەکانی خۆت بدەیت باشترە لەوەی خۆت بەراورد بە کەسانی دیکە بکەی. لەدوای هەموو ناخۆشییەک خۆشییەکی گەورەی دێت. کاتێکی باشە بۆ خوێندنەوە و نووسین. چەند خۆت لەگرفتەکان بپارێزیت ئەوەندە لەسەرکەوتن نزیک دەبیتەوە، پێویستە گوێ لەداوای بەرامبەرەکانتان بگرن.

**نەهەنگ**
ئیهمالکردنی هەندێک لەکارە گرنگەکان، ڕووبەڕووی قەیرانی زیاترت دەکاتەوە، هەوڵ بدە کارەکانت لەکاتی گونجاو بەئەنجام بگەیەنە. پەیوەندییەکانتان زۆر دەبێت، بەڵام دیدارە گرنگەکان دوا دەکەونەوە. سەردان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بکەن.

**بەکشتی:**

هەواڵە ناخۆشەکان کتوپڕ دێن و ئاسوودەییمان تێکدەدەن. تیشکی هەتاو لەبورجی دووانەیە کە ئەمە کاتێکی باشە بۆ ئاشتکردنەوەی ئەوانەی لێمان زویر بوون، یان دروستکردنی پەیوەندییەکی گرنگ. هێشتا دەبێت ئاگاداری خۆمان بین و کۆنترۆڵی بیرو هۆشمان بکەین، ئەم ماوەیە بەهەموو شتێک بێزار دەبین و خێرا هەڵدەچین و تووڕە دەبین، دەبێت کەمێک خۆمان هێور بکەینەوە، ڕێگە نەدەین کۆنترۆڵمان لەدەست دەربچێت و بەدەستی خۆمان گرفتێک دروست بکەین. نهێنی سەرکەوتن لە هەرکارێک گەشبینییە، بۆیە بەدیدێکی پڕ لە هیواوە بڕوانە ژیان. ئەگەر بەوردی بیر بکەینەوە ئەوا بەئاسانی ڕێگەیەک دەدۆزینەوە بۆ دەرچوون لە قەیرانەکان.

# ڕێککەوتنی ڕووسیا و چین لەسەر گاز و هەلێک بۆ کوردستان

عومەر ئەحمەد*

ڕووسیا بەردەوامە لە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئۆکراینا. سەرچاوەکانی وزەی خۆی وەک ئامرازێکی سیاسی بەکاردێنێ و لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوروپا وەک خەنجەری دامۆکلیس بەکاری دەهێنێت. نوێکردنەوەی دۆستایەتی لە نێوان ڕووسیا و چین دەتوانێت ژیان بۆ ئەورووپییەکان لە بواری وزەدا زیاتر ئەستەم بکات، بەڵام هەلی زۆریش لەبەردەم هەرێمی کوردستان دەکاتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە گەورە کۆمپانیای گازپرۆمی ڕووسی دابینکاری 50%ی گازی سروشتیی ئەوروپایە، بەڵام گازپرۆم بە توندی گرێدراوی حکومەتی ڕووسیایە و ناچارە ئەوە بکات کە لەلایەن سیاسەتوانەکانی ڕووسیاوە پێیدەگوترێ، تەنانەت ئەگەر لە قازانجیشی نەبێت. ئەوەش بە ڕوونی لە هەڕەشەکانی ئەو کۆمپانیایە لە ئۆکراینا بەدیاردەکەوێت کە بەردەوام دەڵێت گازی لێدەبڕێت، سەرەڕای ئەوەی کە گازپرۆم دەزانێت ئەو کارە زۆر بە زیانی خۆی لە بازاڕی ئەوروپا دەشکێتەوە.

ڕەوشی ئەوروپا دژوارتر دەبێت، پاش ئەوەی کە هەفتەی ڕابردوو ڕووسیا گرێبەستە درێژخایەنەکەی لەگەڵ کۆماری چین واژووکرد. کاریگەرییەکانی ئەو ڕێککەوتنە زۆر لە سەرووی لایەنە داراییەکانەو ئەوروپا ناچاردەکات چاوخشاندنەوەیەکی جددی بە ستراتیژی ئاسایشی وزەی خۆیدا بکات.

لەو کاتەی کە ئەوروپا و ڕووسیا ڕووبەڕووی کێشەیەکی وا گەورەی وزە بوونەتەوە، کۆماری چین دێتە ناو گۆڕەپانەکە و لەگەڵ ڕووسیا ڕێککەوتنێکی 400 ملیار دۆلاری واژوودەکات، ئەوەش وادەکات ڕووسیا بە ئاسانی پشت لە بازاڕی ئەوروپا بکات. ڕێککەوتنی نێوان ڕووسیاو چین دەستی ڕووسیا لە دەستێوەردان لە کاروباری ئۆکراینا ئاوەڵاتر دەکات.

ئەگەر ڕووسیا دەست بکات بە بارکردنی یەکەم گازی سروشتی بۆ چین، ئەوروپا دەبێتە هاووڵاتی پلە دوو. ئەوکات ناچار دەبێت بەدوای سەرچاوەی نوێی وزەدا بگەڕێت. ئەوەش بە مانای سووتاندنی خەڵووزی زیاتر و بەکارهێنانی نەوتی زیاترە، سەرەڕای ئەوەش ناوچەی یۆرۆ ناتوانێت بازبدات و کڕینی گازی سروشتی ڕاگرێت. هەربۆیە ناچارە چاو ببڕێتە گازی سروشتیی ئازەربایجان و هەرێمی کوردستان و گازی لیتەیی ئەمریکا. تا ئەو کاتەی کە ڕووسیا دەست دەکات بە هەناردەکردنی گاز بۆ چین کە بڕیارە لە ساڵی 2018 بێت، بەختەوەرانە کێڵگەکانی گازی هەرێمی کوردستان دەگەنە بەرهەمهێنانی ئەو ڕێژەیە لە گازی سروشتی کە بتوانێت پشکێکی باش لە پێویستی گازی ئەوروپا لە ڕێی لکاندنییانەوە بە هێڵی گازی ترانس ئاناتۆلی و هێڵی ترانس ئادریاتیک دابین بکەن.

جێی سەرسوڕمان نییە کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژێرخانی هەناردەکردنی گاز و نەوت لەم کاتەدا گونجاو نییە، لەبەر ئەوەی کە بۆ ماوەی 40 ساڵ دەڕوات هەناردەکردنی نەوت و گاز بۆ دەرەوەی ئەمریکا پاش گەمارۆ نەوتییەکەی وڵاتە عەرەبییەکان لە ساڵی 1973 قەدەغەکراوە. سەرەڕای ئەوە، داواکارییەکان لەلایەن کەرتی نەوت و گازی ئەو وڵاتەوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆ لادانی ئەو بڕیارە لە ئەمریکا بەرزبووەتەوە بۆ ئەوەی لە ئەگەری بڕینی گازی ڕووسیا، ئەو وڵاتە بتوانێت گاز ڕەوانەی ئەوروپا بکات.


AFP

چەندین ساڵە وڵاتە ئەورووپییەکان بیریان لە دۆزینەوەی سەرچاوەکانی دیکەی وزە بەدەر لە ڕووسیا کردووەتەوە، هاندەریشیان بڕینی گازی ڕووسیا بوو لە زستانی ساڵی 2006 کە ئەوروپای بەرەوڕووی قەیرانێکی گەورە کردەوە.

ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو بەتایبەت کێشەکانی نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا و گرێبەستی 30 ساڵەی ڕووسیا بۆ دابینکردنی گازی چین، گرینگی سەرچاوەکانی گازی سروشتیی ئازەربایجان و هەرێمی کوردستان زیاتر زەق دەکاتەوە.

هەرێمی کوردستان چەندین ساڵە گازی سروشتی کێڵگەکانی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ دابینکردنی سووتەمەنی وێستەگانی کارەبا، بەو دواییانەش گازی سروشتی لە کێڵگەی سمێلەوە گەیاندە وێستگەی کارەبای دهۆک و ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لە چەند ساڵی داهاتوودا دەگاتە ئاستی زیاتر لەوەی کە لە ناوخۆ پێویستی پێدەبێت و ناچارە هەناردەی بکات.

بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییەی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ساڵی ڕابردوو واژووکرا، هەرێمی کوردستان ئەو ساڵەی کە ڕووسیا دەست دەکات بە هەناردنی گاز بۆ چین، دەتوانێت ساڵانە 10 ملیار مەتری سێجا گازی سروشتی هەناردەی تورکیا بکات. ڕێککەوتننامەکەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان کەمتر نییە لە ڕێککەوتنی نێوان چین و ڕووسیا و قەبارەی ئەو گازەش کە بڕیارە لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردە بکرێت، لەسەرەتادا زیاترە لە یەک لەسەر چواری ئەو قەبارەیەی کە بڕیارە ڕووسیا بیداتە چین.

هەرێمی کوردستان بە هەناردەکردنی ساڵانە 10 ملیار مەتری سێجا دەتوانێت دەستبەجێ 5%ی گازی ئەوروپا دابین بکات، ئەوە لە کاتێکدا ئەو ڕێژەیە لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەکرێت بۆ دوو بەرابەر زیاد بکرێت.

گازی هەرێمی کوردستان تەنانەت لە نەوتەکەی بۆ تورکیا و ئەوروپا گرینگترە، بۆیە تورکیا بۆ بەدەستهێنانی دڵی هەرێمی کوردستان ئامادەیە مەترسی تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق قبووڵ بکات. ئەوروپاش ڕۆژ بەڕۆژ بایەخی زیاتر بە هەرێمی کوردستان دەدات و لە سەردانەکانی سەرکردەکانی کورد بۆ ئەو وڵاتانەو چۆنیەتی پێشوازیکردن لێیان و لە ئاڵای کوردستان، دەردەکەوێ ئەوروپا ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی هەم لەڕووی سەقامگیریی سیاسی و هەمیش لەڕووی ئابووری و وزەوە بە جددی وەرگرتووە.

*ماستەر لە نەوت

# پەیڕەوکردنی کارتی زیرەک بۆ پترۆدۆلار و کەرکووک بە نموونە

د.بێوار خنسی

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە سەرەتای ساڵی 2010 پڕۆژەی (پشکی پترۆدۆلار)ی بۆ پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت پەسەند کرد، بەو پێیەش بڕیاری دا (یەک دۆلار لەبری بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت) بۆ ئەو پارێزگایانە تەرخان بکات. ئێستاش ئەو یەک دۆلارە بۆ (2 تاوەکو 3 دۆلار) زیاد دەکرێ، بۆ چارەکردنی ئەو زیانانەی بەرهەمهێنانی نەوت بە ژینگە و تەندروستیی گشتی دەگەیەنێ. هاوکات بۆ پشتگیریکردن و پەرەپێدان و پێشخستنی کەرتەکانی (پەروەردە، کارەبا، ئاو، شارەوانی و...هتد)ی پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت.

بڕی نەوتی خاوی بەرهەمهێنراو لە پارێزگای کەرکووک لە ساڵی 2011 گەیشتە نزیکەی 166 ملیۆن بەرمیل و هەر بەرمیلێکی ئەو نەوتە بە 106 دۆلار فرۆشرا، بۆیە داهاتی کەرکووک لە بەرهەمهێنانی نەوت لە 2011 گەیشتە نزیکەی (17 ملیار و 596 ملیۆن دۆلار). داهاتی کەرکووک لە پترۆدۆلار لە هەمان ساڵ گەیشتە نزیکەی (351 ملیار دینار) بە بەراورد لەگەڵ نزیکەی (278 ملیار دینار) لە ساڵی 2012دا، لەکاتێکدا پشکی کەرکووک لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە ساڵی 2012 گەیشتە (247 ملیار دینار). بەڵام پشکی کەرکووک لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵانی 2013 و 2014 هێشتا ئاشکرا نەکراوە.

## گرفتەکانی پترۆدۆلار

1- پشکی پارێزگاکان لە پترۆدۆلار ڕاستەوخۆ خەرج ناکرێ، بگرە وەزارەتی پلاندانانی بەغدا سەرپەرشتی خەرجکردنی دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانەی لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە پێشکەشی دەکرێن، ئەمەش ئاستەنگێکە لە پێش جێبەجێکردنی پڕۆژەکان لە پارێزگاکان، جگە لەوەی ئەگەر هەر پارێزگایەک نەتوانێ هەموو پڕۆژە پێشنیازکراوەکانی جێبەجێ بکات پشکی لە پترۆدۆلار دەبڕدرێ.

2- سەرەتای هەموو ساڵێک پشکی پارێزگاکان لە پترۆدۆلار ئاشکرا دەکرێ و تەنیا لەو ساڵەش بۆ پارێزگاکان خەرج دەکرێ، بۆ نموونە ئەگەر ئەنجوومەنی هەر پارێزگایەک نەتوانێ پڕۆژەی پێویست پێشنیاز بکات و لەو ساڵە جێبەجێی بکات لەبەر هەر هۆیەک بێ، وەک (پلاندانان، ئاسایش، دابینکردنی کەرەستە پێویستەکان بۆ پڕۆژەکان، ئامادەکردنی گرێبەستەکان و هەر هۆیەکی دیکەی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان)، پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە بەشێکی گەورەی پشکیان لە پترۆدۆلار بێبەش دەکرێن. ئەو بەشەشی دەمێنێتەوە ناخرێتە سەر پشکی ئەو پارێزگایە بۆ ساڵی داهاتوو.

3- لاوازی و ڕۆڵی دامودەزگاکان چ (کارگێڕی یان دارایی و چاودێری یان یاسایی) و دواکەوتنیان لە ئامادەکردنی بەرنامەی پەرەپێدان و پێشخستنی پارێزگاکان کە دەبێتە هۆی دەستگرتنە سەر پڕۆژەکان لەلایەن چەند کۆمپانیایەکەوەو ئاڵوگۆڕکردن بە گرێبەستی پڕۆژەکان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی کوالێتی جێبەجێکردنی پڕۆژەکان و قووڵبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی لە پارێزگاکە.

4- گرنگی نەدانی حکومەتی بەغدا بە پڕۆژەکانی پەرەپێدان لەو پارێزگایانەی ناوچە دابڕاوەکان لەخۆدەگرن وەک (دیالە، کەرکووک، موسڵ) کە فشاری زیاتر دەخاتە سەر پڕۆژەکانی پترۆدۆلار.

5- پشتبەستن بە پسولەی خۆراک وەک بنەمایەک بۆ دابەشکردن و دیاریکردنی پشکی هەر پارێزگایەک لە (پشکی پترۆدۆلار) دەبێتە هۆی نادادپەروەری لە دابەشکردن و ڕەچاونەکردنی بڕی نەوتی بەرهەمهێنراو لە پارێزگاکان و قەبارەی ئەو زیانەی بە ژینگە و تەندروستی ئەو پارێزگایانە دەگات.

6- پشکی پترۆدۆلار تەنیا لە بڕی (بەرهەمهێنانی نەوتی خاو) خەرجدەکرێ، لەکاتێکدا دەبووایە هەموو بوارەکانی پیشەسازیی بەرهەمهێنانی نەوتی بگرتایەوە، چ پاڵاوتن بێت یان غازی سروشتی یان پیشەسازی پترۆکیمیاوی.

7- نەبوونی یاسایەک (تایبەت بە پترۆدۆلار) لە عێراق و هەرێمی کوردستان کە تاکە ڕێگەیە بۆ (دروستکردنی داهاتی پترۆدۆلار)، دەبێ کارگێڕییەکی سەربەخۆ هەبێ بۆ سەرپەرشتیکردن و دابەشکردنی پشکی پترۆدۆلار بەسەر پارێزگاکاندا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و باشتر لە ڕووی (پیشەیی و دادپەروەری و بەرهەمهێنان و تایبەتمەندیی پارێزگاکان).

8- لاوازی یان نەبوونی نوێنەرانی پارێزگاکان و هەرێمەکان (هەرێمی کوردستان) لە کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)، جگە لە نەبوونی هیچ ڕۆڵێکی ئەو نوێنەرانە لە سندووقی داهاتی نەوتی عێراق لە ئەمریکا (DFI) کە هۆکارێکە بۆ ئاشکرا نەبوونی بڕی ڕاستەقینەی ئەو نەوت و غازەی ڕۆژانە لە پارێزگاکان بەرهەم دەهێنرێن، بۆیە ئەستەمە بە وردی بزانرێ پشکی پترۆدۆلاری هەر پارێزگایەک بە کەرکووکەوە چەندە.

9- بۆچوونە جیاوازەکان لەبارەی چۆنێتی دابەشکردنی داهاتی پترۆدۆلار لە بوارەکانی (جێبەجێکردنی پڕۆژەی ژێرخان لە پارێزگاکان، چارەکردنی بێکاری، پاراستن و پاککردنەوەی ژینگە و شارەکان، قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی جەنگ و ئەنفال و ئاوارەکان، دابەشکردنی داهاتی پترۆدۆلار بەسەر دانیشتووانی پارێزگاکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دادپەروەرانە).


(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

## چارەسەری کێشەکانی پترۆدۆلار

1- دارشتنی یاسایەکی تایبەت بە پرسی پترۆدۆلار لە عێراق و هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە ئامانجی پەسەندکردنی، بۆ ئەوەی ڕێڕەوی دروستی خۆی بگرێتەبەر و بەردەوامی جێبەجێکردنی پڕۆژەی پشکی پترۆدۆلار لە ئایندەدا مسۆگەر بکات.

2- دەستەیەکی پسپۆڕ و ئەستۆپاک هەبێ بۆ سەرپەرشتیکردنی سندووقی داهاتی پترۆدۆلار، نوێنەری پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و غازی سروشتی (هەرێمە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و غازی سروشتی-هەرێمی کوردستان) لەخۆ بگرێ.

3- جێبەجێکردنی یاسای پترۆدۆلار بەسەر هەموو کەرتە پیشەسازییەکانی نەوت، وەک (نەوتی خاو، غازی سروشتی، کبریت، پاڵاوگەکان، کارگەکانی پترۆکیمیاوی).

4- زیادکردنی پشکی پترۆدۆلار بۆ 3 تاوەکو 5 دۆلار لە بڕی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت، بەتایبەت دوای ئەوەی نرخی بەرمیلێک نەوتی خاو بۆ سەرووی 100 دۆلار بەرزبووەوە.

5- کارکردن بۆ پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان لە هێرشی تیرۆریستی (ناوچەکانی بەرهەمهێنان، بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوت و غازی سروشتی، پاراستنی پاڵاوگەکان) کە هۆکارێکە بۆ ڕێکخستن و بەردەوامی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە ئێستا و لە ئایندەشدا. هەر هەڕەشەیەک یان وەستانێک لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردن کاریگەری نەرێنی لەسەر بودجەی عێراق و پشکی پترۆدۆلار دەبێ.

6- پەلەکردن لە بەکارهێنانی پێوەری نەوتی لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردن، بۆ ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆدانی سامانی گەل و کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی کە بەهۆی خراپیی بەڕێوەبردنی کەرتی پیشەسازی نەوت ڕوو لە هەڵکشان دەکات.

7- دەبێ پشکی پترۆدۆلار بۆ هەر پارێزگایەک یان هەرێمێک بە تەواوی خەرج بکرێ و ئەگەر هەر ساڵێک بەشێکی بەهۆی (دواکەوتن لە ئامادەکردنی پڕۆژەکان، ڕەوشی ئەمنی یان هەر ئاستەنگێکی دیکە) مایەوە دەبێ بخرێتە سەر پشکی ئەو پارێزگایە یان ئەو هەرێمە بۆ ساڵی داهاتوو.

8- پەلەکردن لە ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی لە عێراق، بۆ دیاریکردنی ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکان و هەرێمەکان بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و بێگەردی لە دابەشکردنی بودجەی عێراق و پشکی پترۆدۆلار.

## بەکارهێنانی کارتی زیرەک بۆ دابەشکردنی پشکی پترۆدۆلار:

فرە نەتەوەیی و پێکهاتەیی و ئاینی و ڕۆشنبیری و ئەوستەمەی دانیشتووانی پارێزگای کەرکووک ڕووبەڕووی بوونەتەوە (گۆڕانکاری دیمۆگرافی، ئاوارەکردن، شاڵاوەکانی ئەنفال، کۆمەڵکوژی، زیندانیکردن لە بەندیخانەکان، جێبەجێکردنی سیاسەتی سووتاندنی خاک لەلایەن ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و بە بەڵاکردنی سامان و نەوت و غازی کەرکووک لەسەر دانیشتووانی پارێزگاکە). ئێستا دەرفەت هەیە هاوکێشەکە بە تەواوی پێچەوانە بکرێتەوە و، هەوڵی چاککردنەوە و بە سروشتیکردنی ڕەوشەکە بدرێ و وەک جاران بگەڕێتەوە. ئەویش بەڕێگەی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق بە سوودوەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە بەشێکی کەمی داهاتی نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی پارێزگای کەرکووک بە ناونیشانی (پشکی پترۆدۆلار). ئەمەش خزمەتگوزاری و قازانجی ئابووری و کۆمەڵایەتی مسۆگەری بەدواوەیە، ئەگەریش ئاشتی کۆمەڵایەتی بەدی بێت، پڕۆژەکانی پترۆدۆلار و پاراستنی ژینگە و تەندروستی کەرکووک مسۆگەر دەبێت.

بەکارهێنانی کارتی زیرەک لە دابەشکردنی پشکی پترۆدۆلار ساڵانە و ڕاستەوخۆ بەسەر دانیشتووانی کەرکووک دادپەروەری و بێگەردی مسۆگەر دەکات و متمانە بە ئیدارەی پارێزگاکە لای کەرکووکییەکان دروست دەکاتەوە. هەروەها کاریگەری ئەرێنی دەبێ لەسەر هەماهەنگی و کاری هاوبەش لە نێوان هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووک.

دادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتەکان بەسەر دانیشتووانی پارێزگاکە لەو داهاتەش (پشکی پترۆدۆلار) دەبێتە سەرچاوەی بەدیهێنانی سەقامگیری و پێکەوە ژیانی ڕاستەقینە لە نێوان پێکهاتەکانی پارێزگای کەرکووک، جگە لەوەی کە دانیشتووانی کەرکووک دەکاتە گەورەترین و بەهێزترین سەرچاوەی پشتگیری لە ئیدارەی پارێزگاکە و کەرتە جیاوازەکانی.

## چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتی پترۆدۆلار

1- دابەشکردنی ڕاستەوخۆ و ساڵانەی پشکی پترۆدۆلار بەسەر دانیشتووانی پارێزگاکە بەڕێگەی بەکارهێنانی کارتی زیرەک.

2- سەرپشککردنی بانکێکی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی سەربەخۆ بۆ سەرپەرشتیی دابەشکردنی داهاتی پترۆدۆلار بەسەر هاووڵاتیانی پارێزگاکە بە ڕێگەی بەکارهێنانی کارتی بانکی بۆ ئاسانکردنی وەرگرتنی پشکی پترۆدۆلار لەلایەن هاووڵاتیانەوە، ئەمەش ڕێگەیەکی سەرکەوتوو دەبێ بۆ خۆلادان لە ڕۆتین لە کەرتی سیستمی بانکی.

3- وەبەرهێنانی بەشێکی داهاتی پترۆدۆلار بەشێوەی (پشکی هاووڵاتیان) بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی پەرەپێدان، وەک (کارگەی دروستکردنی چیمەنتۆ، پڕۆژەکانی نیشتەجێکردن، گەشتیاری و ...هتد) هەر پڕۆژەیەک بێ بە قازانجی خەڵکی بشکێتەوە و بەهای پشکی هاووڵاتیان بەرزبکاتەوە بە ڕێگەی قازانجی ئەو پڕۆژانە.

4- بۆ ڕێزگرتن لە کەسوکاری (قوربانیانی ئەنفال و شەهیدان و ڕاگوازراوان) دەبێ (کارتی زیرەکی تایبەتیان) پێ ببەخشرێ و جیاواز بێ لەو کارتەی بە هاووڵاتیانی دیکە دەدرێ.

5- زیاتر بەشداركردنی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و شەهیدان و ئاوارەکان لە پڕۆژەکانی پیشەسازی نەوتی و پاراستنی دامەزراوەکانی نەوت و غاز لە پارێزگای کەرکووک.

6- پشتگیری و بەشداركردنی کەرتی تایبەت بەشێوەیەکی گشتی لە پەرەپێدانی پارێزگاکە بەتایبەت ئەو کەرتانەی ڕاستەوخۆ خزمەتگوزاری پێشکەشی کەسوکاری (ئەنفالکراوان، شەهیدان، ڕاگوازراوان)ی ئەو گوندانە دەکەن کە پێشتر دووچاری شاڵاوەکانی ئەنفال و ڕاگواستن بوونەتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆیەکی دیکە بۆ باشترکردنی ئەو خزمەتگوزارییەی حکومەتی ناوخۆیی کەرکووک بۆ هاووڵاتیانی پارێزگاکەی دابین دەکات.

7- زیاتر بەکارهێنانی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ئاشناکردنی هاووڵاتیان بە پرسی پترۆدۆلار، ئەمەش باشترین ڕێگایە بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری هاووڵاتیان و پتەوکردنی متمانە، جگە لە کەمکردنەوەی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی پترۆدۆلار دەبنەوە.

رووداو
ژمارە (312) دووشەممە 2014/6/2



دکتۆر ئیکرام حوسێن
Ikram_dent@yahoo.com

## جگەرەکەی پەرلەمان

یاسایەک ئەگەر جێبەجێ نەکرێ، بوون و نەبوونی بۆ خەڵک چ جیاوازییەکی هەیە؟ لەوانەیـە لـە رێککەوتنـی ستراتیژیی نێـوان یەکێتی و پارتیـدا، خاڵێک تایبەت کرابێت بە جێبەجێنەکردنی یاسـای ژمارە (31) ی سـاڵی 2007ی پەرلەمانـی کوردستان کە تایبەتە بە بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان. پارتی و یەکێتی، یان زۆنی زەرد و سەوز هەرگیز لەسەر جێبەجێکردن یان پێشـێلکردنی هیچ یاسـایەک هێندەی پێشـێلکردنی یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی جگەرەکێشـان کـۆک نەبوون. لە سـایەی ئەوانـدا رێـژەی جگەرەکێشـان بەپێـی بەدواداچوونـی کۆمەڵـەی نەهێشـتنی جگەرەکێشـان گەیشـتووەتە سـەرووی 40%.

سـاڵی رابـردوو بـۆ ئامادەکردنـی راپۆرتێـک رووم لە نەخۆشـخانەیەک کرد لە هەولێر، باسـی نێوبانگی پزیشـکێکیان بۆ کردم نەک لەسـەر ئاسـتی کوردستان، بگـرە لەسـەر ئاسـتی عێراقیـش. کاتێک رۆیشـتمە ژوورەکەی دووکەڵی جگەرەکەی نەیدەهێشـت بەباشـی روخسـاری ببینم، خـۆ ئەوە هەر لەو نەخۆشـخانەیە وا نییە، لـە سـەرجەم دەزگاکانـی دیکەشـدا هەر وایـە، ئیتر بـا پەرلەمان هـەر بۆخۆی لە ماددەی دوازدەی یاسـا تەپوتۆزاوییەکەیدا بڵێ لەسـەر ئەنجومەنی وەزیـران و لایەنە پەیوەندیدارەکانـە ئـەو یاسـایە جێبەجێ بکەن.

لە ماددەی هەشتەمی یاساکەدا کۆمەڵێک شـوێن دیاریکـراون کـە نابـێ جگەرەیان تێدا بکێشـرێت، بـەڵام ئەگەر لـە هەندێ لەو شـوێنانەدا باسـی ئەو یاسایە بکەیت، لەوانەیە فیکەت بۆ لێبدەن، یان بە هەزەلیت تێبگەن، بۆ نموونە لە چاپخانەیەکدا بەوەی تەنیشتت بڵێی جگەرە مەکێشە.

دەڵێن ئـەو جگەرەیەی لە کوردسـتان هەیـە جۆرەکەی باش نییـە، وەکو ئەوەی جگەرەی شـوێنەکانی دیکە زۆر باش بێت، وەزارەتی تەندروستی فەرمانبەری لە مەرزی شوشـمێ نییە تا خۆراک بپشکنێت، دەبێ بیبەنە باشماخ، جا وەرە ئامێری پشکنینی کواڵیتـی جگـەرەی هەبێت، یـان لەوانەیە لـە پزیشـکە جگەرەکێشـەکانەوە هەواڵی باشـی و خراپیـی جـۆری جگـەرەی پێ بگاتـەوە، چونکە بەپێی داتـای کۆمەڵەی نەهێشتنی جگەرەکێشان 20%ی پزیشکان جگەرەکێشن.

هـەر لەو یاسـایەی کە دەبـوو لە 31ی مانگی ئایاری 7 ساڵ لەمەوبەرەوە جێبەجێ بکرایەو لەو سـاڵەوە ئەندام پەرلەمانەکان پـارەی خانەنشـینی لەسـەر وەردەگـرن، چەنـد ئەرکێک کەوتووەتە سـەر وەزارەتی تەندروسـتی، بـەڵام ئەلفی لـێ جێبەجێ نەکردووە، نە هۆشـیاریی بـڵاو دەکاتەوەو نـە رێنمایی پێویسـتیشـی دەرکـردووە بۆ ئاسانکاری، ئەوە وەزارەتی پیشەسازیش بە هەمان شێوە.

ئاسـانترین خاڵـی یاسـاکە کـە دەبوو جێبەجـێ بکرێ، نووسـین بوو بـە زمانی کـوردی لەسـەر پاکەتەکان، کـە ئەوە لە هەمـوو دنیا هەیە، ئەگـەر پاکەتی جگەرە لەسـەری بووایە جگەرە دەتکوژێ، جگەرە بە گەنجی تووشـی شـێرپەنجەت دەکات، مەهێڵـە منداڵەکەت لە ژەهری جگەرەکەت هەڵمژێ، ئەوانـە تەنها بە ئینگلیزی هەن، لەوانەیە حکومەت بیەوێ لەو رێگەیەوە هانی خەڵک بدا تا خۆیان فێری ئینگلیزی بکەن.

چەنـد جۆرێکـی سـزا دیاریکـراوەو ئاسانترینیان سزادانی خەڵکە بە 10 هەزار دینار، بەڵام تا ئێستا کەس بە فلسێک سزا نەدراوە.

ئەوە بازرگانەکان و حیزبەکان خەریکی پارە پەیداکردنن و یاسـا دەشکێنن، بەڵام دەرهێنـەری وامان هەیە کە قسـە دەکات خۆی بە ژان ژاک رۆسۆ ناگۆڕێتەوە، کەچی لە دراماکانیدا بە چەندین شـێوە ریکلام بۆ جگەرە دەکات و بە هاوڕێی تەنگانەو دەرد رەوێنی دەناسێنێ.

بە کوردیەکەی یاساکەی پەرلەمان تەنیا لە وێبسایتەکەی پەرلەماندا هەیە، ئەویش بە نووسراوی، جا ئەگەر یاسا دەرکردن هێندە ئاسـان بێت، خۆ مەلا مەعازی ناوباخانیش دەتوانێ لە پەرلەمان زیاتر یاسا دەربکات.

وێڕای داخوازیی WHO

# کوردستان باجی سەر جگەرە زیاد ناکات



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

**سەروەر سالار**
**رووداو- سلێمانی**

لـە رۆژی جیهانیـی بەرەنگاربوونـەوەی جگەرەکێشـاندا (31ی مایـس) رێکخـراوی تەندروسـتی جیهانی داوای کرد بۆ کەمکردنەوەی جگەرەکێشـان، باج لەسـەر جگەرە زیاد بکرێت. بـەڵام لـە کوردسـتان هیـچ پلانێـک نییـە بـۆ کەمکردنەوەی جگەرەکێشان. چەند ئاماژەیەکیش هەن کە جگەرەکێشـان لە کوردستان ستانداردی جیهانیی تێپەڕاندووە.

رێکخراوی تەندروسـتی جیهانی دەڵێت ئەگەر بەرێژەی 50% باج لەسـەر جگـەرە زیاد بکرێت، ئەوا لە سـێ سـاڵی داهاتوودا ژمارەی کەسـانی جگەرەکێـش 49 ملیۆن کـەم دەکات و ژیانی 11 ملیۆن کەس لە مردن رزگار دەکرێت.

کەچـی لـە هەرێمی کوردسـتان باجی سـەر جگـەرە نەک زیاد نەکراوە، بەڵکو نزیکەی نیوەی ئەو باجەیە کە حکومەتی عێراق لەسەر جگەرەی داناوە.

دکتـۆر خاڵـس قـادر، گوتەبێـژی وەزارەتی تەندروسـتی لە هەرێمی کوردسـتان جگە لەوەی جەختـی کـردەوە کە ئەمسـاڵ لەسـەر ئاسـتی وەزارەت هیچ چالاکییەکی تایبەتیان نییە بۆ رۆژی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان، بە (رووداو)یشی گوت "پێشـتر داوامان کردبوو باج لەسەر جگەرە زیاد بکرێت، بەڵام کاری لەسەر نەکرا".

بەرپرسـی راگەیاندنـی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی تەندروستی سـلێمانیش کەمی چالاکییە حکومییەکانـی ئەمسـاڵ بـۆ رۆژی جیهانـی بەرەوڕووبوونەوەی جگەرەکێشان بۆ گرفتی دارایی دەگێڕێتەوە "سـاڵی پار بۆ هەموو رۆژە جیهانییە تەندروسـتییەکان بـە گشـتی و رۆژی جیهانـی بەرەنگاربوونـەوەی جگەرەکێشـان بـە تایبەتی چالاکیمـان هەبوو، بەڵام ئەمسـاڵ بەهۆی گرفتی داراییەوە نەمانتوانی هیچ بکەین". سیامەند خەلیل وای بە (رووداو) گوت.

بەهـۆی قەیرانـی بودجـەوە، چالاکییەکانـی رۆژی جیهانـی بەرەوڕووبوونەوەی جگەرەکێشـان لە سـلێمانی تەنیا لەسەر ئاسـتی بەڕێوەبەرێتی خۆپاراستنی تەندروستی بەڕێوەچوو.

ئیبراهیم ئەحمەد، بەرپرسی بەشی پتەوکردنی تەندروسـتی لـە بەڕێوەبەرێتـی خۆپاراسـتنی تەندروسـتی سلێمانی بە (رووداو) گوت "هەندێک بڵاوکراوەی چاپکراومان ئامادە کردبوو، چەند کۆڕ و کۆبوونەوەیەکیشمان هەبوو".

### لە کوردستان بڵاوترە

بەپێـی ئامارە جیهانییەکان، لە سـاڵی 2010 دا ژمـارەی جگەرەکێشـەکان 1،45 مليـار کەس بـووە، ئەگەر ژمارەی دانیشـتووانی جیهان بە 6 ملیار هەژمار بکەین، ئەوا رێژەی جگەرەکێشەکان دەکاتە 24%.

بـەڵام ئامـارە نافەرمییـەکان لە کوردسـتان دەریدەخـەن رێژەی جگەرەکێشـەکان لە ئاسـتە جیهانییەکە بەربڵاوترە.

بەپێـی توێژینەوەیەکی کۆمەڵەی نەهێشـتنی جگەرەکێشـانی کوردستان کە تشـرینی دووەمی ساڵی پار بڵاوبووەتەوە، بەگشتی 40%ی خەڵکی هەرێمی کوردسـتان جگەرە دەکێشن، لەنێویاندا 20%ی پزیشکەکان، 35%ی فەرمانبەرانی دیکەی تەندروستی و 18%ی خوێندکارانی زانکۆ.

### لە کوردستان باجی سەر جگەرە کەمترە

ئاژانسـی هەواڵی ئەنادۆڵی تورکـی دەڵێت بە گوتـەی چەنـد بازرگانێکـی جگـەرە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچاو حکومەتی فیدراڵی بەغدا برێکی کەمتر پارەی گومرگی جگەرە وەردەگرێت. ئـەو بازرگانانە گوتوویانە حکومەتی بەغدا بۆ هەر کارتۆنێکی جگـەرە 30 دۆلار گومرگ وەردەگرێت، کەچی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا 16 دۆلار وەردەگرێت. ئەمەش وایکردووە بازرگانیی جگەرە لە کوردستان دەستکەوتێکی ماددی زیاتری تێدابێت و زیاتر روو لە کوردستان بکات.

رێکخراوی تەندروسـتی جیهانـی دەڵێت ئەگەر باجی سەر جگەرە زیاد بکرێت و گران بکرێت ئەوا توێژی گەنجان و چینی هەژار لە هەمووان زیاتر لە جگەرەکێشان دوور دەکەونەوە.

بـەڵام د.رێکـەوت حەمەرەشـید، وەزیـری تەندروسـتی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان وای نابینێـت زیادکردنـی بـاج بەهێزتریـن هـۆکاری کەمکرنەوەی جگەرەکێشان بێت "گرنگترین هۆکار بـۆ کەمکردنـەوەی جگەرەکێشـان بەرزکردنەوەی ئاسـتی هۆشـیاریی جەماوەرییە، چونکـە ئەگەر خەڵکی هۆشـیار نەبن، جگەرە گرانیش ببێت هەر دەیکێشن".

رێکخـراوی تەندروسـتی جیهانـی دەڵێـت زیادکردنی باج لەسـەر جگەرە بە بڕی 50%، جگە لە کەمکردنەوەی کێشـانی، بڕی 101 ملیار داهات لەسـەر ئاسـتی جیهان بەدەستدێنێت کە دەکرێت لە بواری باشکردنی تەندروستی مرۆڤایەتیدا بخرێتە گەڕ.

### تاکە سوودەکەشی بۆ کوردستان نییە

تاکـە سـوودی جگـەرە داهاتـە ماددییەکـە و دروسـتکردنی هەلـی کارە لەڕێگـەی کارگـەی دروسـتکردنی جگـەرەوە. بـەڵام لـە هەرێمـی کوردسـتاندا ئەو تاکە سوودەشی نییە، چونکە لە دەرەوە هاوردە دەکرێت.

کارگەی جگەرەی سلێمانی گەورەترین کارگەی جگەرەیە لە کوردسـتان، بەڵام زیاتر لە 10 سـاڵە لەکار کەوتووە.

لەسـاڵی 2008 ەوە یاسای ژمارە 31ی تایبەت بـە بەرەنگاربوونـەوەی جگەرەکێشـان لەلایـەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، بەڵام لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا رەنگی نەداوەتەوە.

#### هۆکارێکی گرنگی مردنە

بەپێی ئامارێکی رێکخراوی تەندروستی جیهانی، ساڵانە 6 ملیۆن کەس بەهۆی جگەرەکێشانەوە دەمرن کە 600 هەزاریان جگەرەکێش نین، بەڵکو دووکەڵی کەسـانی جگەرەکێش هەڵدەمژن. ئەگەر تا سـاڵی 2030 رێوشـوێنی پێویسـت نەگیرێتە بەر، ئەوا ژمارەی قوربانیانی سـاڵانەی جگەرە بۆ 8 ملیۆن بەرز دەبێتەوە.

لە ئەمریکا ژمارەی ئەو کەسانەی بە جگەرەکێشان مردوون، 10 هێندەی هەموو ئەوانەیە کە لە سەرجەم جەنگەکانی ئەمریکادا گیانیان لەدەستداوە.

لە هەرێمی کوردسـتانیش داتایەکی ورد نییە هۆکارەکانی مردن بە جگەرە روون بکاتەوە، بەڵام ئەم داتایانەی سـاڵی 2013ی تەندروسـتی سلێمانی هەندێک لەو نەخۆشییانە روون دەکەنەوە کە هۆکارێکی سەرەکییان جگەرەکێشانە:

**9856** کەس بەهۆی نەخۆشییەکانی دڵ داخڵی نەخۆشخانە کراون.

**1944** کەس تووشی شێرپەنجە بوون.

**2234** حاڵەتی جەڵتەی مێشک

**2567** کەس قەستەرەی بۆرییەکانی خوێنیان بۆ کراوە.

**1529** کەس باڵۆنی بۆرییەکانی خوێنیان بۆ دانراوە.

**279** کەس نەشتەرگەری دڵیان بۆ کراوە.

# جگەرەکێشان رووبەڕووی گوللە



**دکتۆر زانیار نوری عوسمان**

رۆژی وەستاندنی جگەرەکێشانم بە دەرفەت زانـی بۆئـەوەی بیرخسـتنەوەیەک بـۆ خۆم و ئێوەش بنووسـم لەسـەر جگەرە، کە وەک گوللەیەک وایە دەربچێت و بەرەوڕووی تۆ بێت.

جگـەرە پێکدێـت لـە کۆمەڵێک مـاددەی کیمیایی، لە هەمووی مەترسیدارتر تووتنە کە ئەوەش وا دەکات چێژ لە جگەرەکە وەربگریت و خولیـای ببیت و ئەوەشـە کە دەبێتە هۆی شێرپەنجە، جەڵتەی دڵ و مێشک و هەوکردنی درێژخایەنی سییەکان.

مێژوو: تەنیا لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا بوو کـە خەڵک هەسـتی بە مەترسـییەکانی جگەرەکێشـان کـرد، ئەویـش بەهـۆی ئـەو بانگەشـە زۆرەوە بـوو کە میدیاکانـی رۆژئاوا کردیان بۆ وەسـتاندنی جگەرەکێشان لە پاش زیادبوونی رێژەیەکی بەرچاو لە تووشبووان بە شێرپەنجەی سییەکان. لە کوردستانی ئێمە زۆر باو بـوو، تەنانەت لە جەژنانـدا جگەرە وەکو شتێکی بە نرخ بۆ میوان دادەنرا.

ئەمڕۆمـان: پزیشـکان وایاندەزانـی بـە بڵاوبوونـەوەی ئەو بەڵگە ئاشـکرا و روونانە، خەڵکـی دەسـتبەجێ واز دەهێنـن لـە جگەرەکێشان، بەڵام نا! کۆمپانیاکانی جگەرە دوو ئەوەنـدەی بودجەی تەندروسـتیی وڵاتان پـارە خـەرج دەکەن بۆ راکێشـانی خەڵک بۆ کێشانی جگەرە. ئەوان بازاڕی نوێیان دۆزییەوە وەکـو چیـن و هیندسـتان و میللەتانی وەکو ئێمە بۆ زیاتر بڵاوکردنەوەی جگەرە. لای ئێمە گەنجان وەکو نیشانەی باڵغبوون یان هێمایەک بۆ سەرنجراکێشـان تەماشـای جگەرەکێشان دەکـەن. کاتێـک مەترسـییەکانی جگەرە بۆ کەسێک باس دەکەیت، ئەو نموونەی نامەنتقی دەهێنێتـەوە و دەڵێـت باپیرم تا 70 سـاڵی جگەرەی دەکێشـا و عەیبی نەبوو تا بێدەنگ مـرد! بەڵام ئاوڕێـک ناداتەوە لەو کەسـانەی رۆژانە لە نەخۆشخانەکان دەخەوێندرێن بەهۆی جگەرەوە.

چـۆن واز دەهێنی: ئەگەر لەو کەسـانەیت کـە زیاد لە 10 جگەرە دەکێشـن لە رۆژێکدا، ئەوا بێ سەردانی پزیشکی هەناو واز نەهێنیت، چونکە وەسـتاندنی بێ چاودێری دەبێتە هۆی ناڕەحەتیی دەروونی و کۆکە و بەڵغەم و سنگ ئێشە.

1- پلانێک دابنێ لەگەڵ پزیشـکەکەت بۆ دوو هەفتە بۆ وەستاندنی جگەرە.

2- ئیـرادەت هەبێـت، کـە جارێکی دیکە نەگەڕێیتەوە بۆ کێشانی جگەرە.

3- زۆر کات پزیشـک تووتـن لـە جـۆری بنێشـت یان لەزگەی پێسـت دەنووسێت بۆت تا وا بکات ئەندامەکانت داوای جگەرە نەکەن.

4- هەندێکجـار دەرمـان دەنووسـرێت بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی ئەو کەسە تا داوای جگەرە نەکاتەوە.

بـە هیـوای ماڵئاوایـی یەکجـاری لـە جگەرەکێشان.

*** پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو**

# "300 نەخۆشیی هاوبەش لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا هەیە"

**ئیکرام حوسێن و چۆمان مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

گرووپێک لە خوێندکارانی کۆلێژی ڤێترنەری لە سـلێمانی لە رێگای پرۆژەیەکەوە دەیانەوێت منداڵان بە زانسـتی تەندروستیی ئاژەڵان ئاشنا بکەن و هۆشـیاریان بکەنەوە. ئەو خوێندکارانە داوادەکـەن چیدی منداڵان بە سـەگ و پشـیلە نەترسـێنرێن و هـەر لـە باخچەی ساوایانەوە، ئاشـنایەتییان لەگەڵ ئاژەڵان و زانسـتەکەیاندا هەبێت.

منداڵانـی باخچـەی سـاوایانی گوڵـی، لەو مەیمـون و بەچکە قاز و کەروێشـک و بولبولانە کۆبووبوونـەوە کـە لەلایـەن گرووپەکـەوە بـۆ باخچەکە بردرابوون.

ئـەو گرووپـە لـە 14 خوێنـدکاری کـوڕ و کچـی کۆلێژی ڤێترنەری سـلێمانی پێکهاتوون، پرۆژەکەیـان لـە باخچـەی سـاوایانەوە دەستپێدەکات.

لانـە مەکی، خوێنـدکاری قۆناغـی دووەمی کۆلێـژی ڤێترنەری بـە (رووداو)ی گوت "یەکەم چالاکیمان لە باخچەی ساوایانی گوڵی نموونەییە، دەمانەوێ نێوانی منداڵان و ئاژەڵان ئاشتبکەینەوە، چونکە لە وڵاتی ئێمە وەک پێویسـت گرنگی بە ئاژەڵ نادرێت، هەرچەندە پەیوەندی راستەوخۆی بە تەندروستی مرۆڤەوە هەیە".

زانستی ڤێترنەری زانستێکی فراوانە و چەندین بەشـی وەک زانسـتی ئاژەڵ و ماسـی و هەنگ و خۆراکـی لێدەبێتـەوە، گرووپەکـەی کۆلێژی ڤێترنـەری زانکۆی سـلێمانی ناویـان لە خۆیان ناوە گرووپی خوێندکارانی هۆشیاریی ڤێترنەری و هەوڵ دەدەن پەروەردە و تەندروسـتی پێکەوە ئاشـتبکەنەوە، ئـەوان دەیانەوێـت لـە رێـگای پەروەردەوە نەوەیەکی هۆشیار دروستبکەن.

ئەحمەد حەمە فـەرەج، خوێندکاری قۆناغی دووەمی کۆلێژی ڤێترنـەری و خاوەنی بیرۆکەی پرۆژەکە، گوتی "سـەرەتا ئێمە هـەوڵ دەدەین ناوی پزیشکی ڤێترنەری بە منداڵان ئاشنا بکەین، چونکـە بەداخـەوە خەڵکی ئێسـتا ئاژەڵێکیان نەخـۆش دەبێت یان سـەری دەبـڕن، یان وازی لێدەهێنـن تـا دەمرێت، بەڵام ئێمـە دەمانەوێت لـە ئێسـتاوە منـداڵان فێربکەین پێـش ئەوەی ئاژەڵـەکان مردارببنـەوە ببرێنە لای پزیشـکی ڤێترنەری".

ئەحمـەد دەڵـێ ئاژەڵەکانیـش وەک مرۆڤ هەسـتیان هەیـە، ئـازار دەچێژن، بـەڵام تاکە جیاوازییان ئەوەیە کە ناتوانن قسە بکەن. ئاژەڵان پەیوەندییەکـی فراوانیان لەگەڵ مرۆڤدا هەیە، چ وەک بەخێوکردن بێت بۆ جوانی یان هاوڕێیەتی مرۆڤ، یان سوودوەرگرتن لە بەرهەمەکانی، یان بەکارهێنانی گۆشـتەکەی بێـت، لە نێوان ئاژەڵ و مرۆڤیشدا چەندین نەخۆشیی هاوبەش هەن.

دکتۆر عوسـمان جەمال، مامۆستای کۆلێژی ڤێترنـەری سـلێمانی دەڵێـت "نزیکـەی 300 نەخۆشیی هاوبەش هەیە کە دەشێ لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ بگوازرێنەوە، کۆنترۆڵکردن و لەناوبردنی ئەو نەخۆشیانەش ئەرکی پزیشکی ڤێترنەرییە، ئێمە هـەوڵ دەدەین نەخۆشـییەکە چارەسـەر بکەین پێش ئەوەی بۆ مرۆڤ بگوازرێتەوە".

بەپێـی راپۆرتێکـی رێکخراوی تەندروسـتی جیهانـی، 72%ی نەخۆشـییە درمەکانی مرۆڤ سـەرچاوەکەی لـە ئاژەڵەوەیـە، ئێسـتاش لە کوردستان رێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئاژەڵ لە نێو ماڵەکانیاندا بەخێو دەکەن.

دکتۆر فەرەیدون عەبدولسـتار، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی ڤێترنەری زانکۆی سلێمانی گوتی "لە سەگ و پشیلەوە زۆر نەخۆشی هەن بۆ مرۆڤ دەگوازرێنەوە، وەک دەردە پشیلە کە زیاتر بـۆ خانمانـی دووگیان دەگوازرێتـەوە، هەروەها هاریی سەگ و توورەکەی ئاوی و تای ماڵتا".

گرووپـی هۆشیاریی ڤێترنـەری لـە رێگای شـانۆگەرییەکەوە بـۆ منداڵانـی باخچەکەیـان روونکردەوە چۆن ئاگایان لە تەندروستی خۆیان و ئـەو ئاژەڵانە دەبێت کـە بەخێویان دەکەن لە ماڵەوە.

دەربارەی مەرجە تەندروسـتیەکانی راگرتنی ئاژەڵ لەنێو ماڵدا، دکتۆر فەرەیدون عەبدولستار، گوتـی "لـە رووی بایۆلۆژییـەوە هـەر ئاژەڵێک وەک منداڵ پێویستی بە گرنگیپێدان هەیە، هەر کەسێک ئارەزووی بەخێوکردنی ئاژەڵێکی هەیە، بۆ نموونە سـەگ، دەبێت شوێنێکی تایبەتی بۆ تەرخـان بکات و رەچاوی گەرماو سـەرمای تێدا بکرێ، دەبێت ئەو کەسـانە سـەردانی پزیشکی ڤێترنەری بکەن و ئامۆژگاری وەربگرن لە بارەی خۆراک و تەندروستییەوە".

ئەو دکتۆرە ئامـۆژگاری هاووڵاتیان دەکات و دەڵێت "ئاژەڵەکە هەر جۆرێک بێت، نابێت بچێتە چێشتخانەی ماڵ، یان شوێنی خەوتن و دانیشتن، یان ماچ بکرێت لە لایەن منداڵەوە، چونکە باش نییـە و بەپێی توێژینەوەکان نزیکەی 18 بۆ 19 جۆری بەکتریا لە لیکی سەگدا هەیە".

لەنێـو ماڵەکانـدا منداڵان لە هەمـووان زیاتر هۆگـری بەخێوکردنی ئاژەڵن، هەر بۆیە گرووپی هۆشـیاریی ڤێترنـەری لە باخچەی سـاوایانەوە دەسـتیان بـە هۆشـیارکردنەوە کـردووە، دیما شێرکۆ، تەمەن 5 سـاڵ، گوتی "ئارەزوو دەکەم کەروێشکێکم هەبێت، ئەمڕۆ فێربووم کە ئاژەڵان دەبێ ببرێنە لای پزیشـکی ئاژەڵان". بەڵام رۆما محەمـەد فاتیـح، تەمـەن 5 سـاڵ، گوتی "من حەزدەکەم سـەگێکی گەورەی پۆلیسیم هەبێت، ئەگەریش نەخۆش بکەوێت دەیبەمە لای پزیشکی ئاژەڵان".



## کۆمەڵ لە گۆڕانەوە نزیکترە، یەکگرتوو ساخ نەبووەتەوە و پارتی بێلایەن دەمێنێتەوە

# ئیدارەی پارێزگای سلێمانی چاوی لە کۆمەڵ و یەکگرتووە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەو شێوەیە نەکەوتەوە کە لایەنێک بتوانێ بەبێ لەدەرگادانی لایەنەکانی دیکە دەست بە پێکهێنانی ئیدارەی نوێی پارێزگای سلێمانی بکات. بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی لە هەوڵی بەدەستهێنانی نزیکایەتی زیاتری یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیدان بۆ ئەوەی بتوانن ئیدارەی پارێزگاکە پێکبهێنن، هەرچی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، دەیەوێ جارێ وەک تەماشاوانی یارییەکە بمێنێتەوە.

لەسەر زۆربەی بەرزە پرد و شوێنە بەرزەکانی سەر شارێگەکانی سلێمانی، یەکێتی بە تابلۆی سەوز و گەورە سوپاسگوزاریی خۆی بۆ دانیشتووانی سلێمانی نووسیوە بۆ دەنگدانیان بەوان، ئەو حیزبە پێیوایە بەدەستهێنانی 11 کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بەمانای ئاشتبوونەوەیەتی لەگەڵ دانیشتووانی ئەو پارێزگایە، بەڵام ناوەڕۆکی ئەو خۆشحاڵییەی یەکێتی، زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەو ئەنجامە چیدی بزووتنەوەی گۆڕان دەنگ دلێرەکەی پێش هەڵبژاردن نییە تاوەکو بێمنەتانە پارێزگاری سلێمانی دابنێ، هەرچەندە گۆڕان بە یەک کورسی لە پێشە، بۆیە ئێستا چاوەکان لەو دوو حیزبەوە پەڕیونەتەوە بۆ سەر دوو حیزبە ئیسلامییەکە کە ئایا چۆن گرێ سیاسییەکەی سلێمانی دەکەنەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لە سەرکردەیەکی کۆمەڵی ئیسلامییەوە دەستیکەوتوون، تاوەکو ئێستا هەڵوێستی کۆمەڵی ئیسلامی زیاتر هەڵبژاردنی دۆستایەتیی گۆڕانە "ئێمە ئەزموونمان لەگەڵ یەکێتی هەیە، بەڵام لەگەڵ گۆڕان نیمانە، رەنگە ئەو 4 ساڵەی داهاتوو گۆڕان تاقیبکەینەوە و بچینە پاڵ ئەوەی پارێزگار بۆ گۆڕان بێت".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دۆخەکەی بە هەستیار ناوبرد بەو پێیەی هێشتا دانوستاندنی فەرمی لایەنەکان لەو بارەیەوە دەستی پێنەکردووە. بەڵام نەیشاردەوە کە ئەوان تارادەیەک ساخ بوونەتەوە لە نێوان گۆڕان و یەکێتیدا، گوتیشی "هێشتا یەکگرتوو یەکلایی نەبووەتەوە، وادەردەکەوێ یەکگرتوو بەهۆی ئەوەی د.هەڤاڵ بەشێک لە دەنگەکانی ئەوانی برد، رێککەوتنیان لەگەڵ گۆڕان هەندێک ئەستەم بێت، لەوانەشە ئەگەر رای ئیسلامییەکان ببێت بە دووبەشەوە، پارتی لە سلێمانی مەسەلەکە یەکلایی بکاتەوە".

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان هەفتەی رابردوو دوو کۆبوونەوەی جیاوازی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان سازکرد، یەکەمیان بە ئاشکرا و دووەمیان دوور لە چاوی کامێراکان. د.موسەننا ئەمین، ئەندامی سەکردایەتی یەکگرتوو رەتیدەکاتەوە یەکگرتوو دوودڵ بێت و دەڵێ راستە لەگەڵ گۆڕان پاکێجی چاکسازیمان هەبووە "بەڵام مەرجیش نییە لەسەر ئەو بنەمایە لەلایەنێک نزیک ببینەوە، با بزانین ئاراستەکان بەرەو کوێ دەڕۆن و بەرژەوەندی خەڵکی سلێمانی چۆن بێت ئاوا بڕیار دەدەین".

ناوبراو پێیوایە لە کۆتاییدا یەکگرتوو هەر رێگایەک هەڵبژێرێت "رای سەربەخۆیانەی خۆی دەبێت و ناشمانەوێ لایەنگری گۆڕان بین دژی یەکێتی و لایەنگری یەکێتی بین دژی گۆڕان، ئەگەر بشزانین بەرژەوەندی خەڵکی سلێمانی لەوەدایە لایەنگری لەگەڵ لایەنێکیان پێویست بێت، بێگومان دەیکەین".

ئیدارەی پارێزگای سلێمانی لە نزیکەی 40 پۆستی ئیداری پێکدێت بە بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقامەکانەوە. پارێزگار 2 جێگری هەیە و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاش 1 جێگری هەیە. بەبڕوای ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵ، ئەگەر ئەوان بڕیار بدەن پارێزگار بۆ گۆڕان بێت، ئەوا دەبێ "یەکێتیش لە ئیدارەکەدا بێت و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای بدرێتێ، چونکە ناکرێت ئیدارە بەبێ یەکێتی پێکبهێنرێت". گوتیشی "پێشبینی دەکەین هەردوو جێگرەکەی پارێزگار بۆ یەکگرتوو و کۆمەڵ بێت و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاش بۆ پارتی بێت".

پێشتر قادر حەمەجان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (رووداو)ی گوتبوو "من پێشنیاز دەکەم هەرچی زووە لەگەڵ برایانی گۆڕان دابنیشین تا بگەینە ئەنجامێکی گونجاو، چونکە هەردوولامان ژمارەی کورسییەکانمان زۆر نزیکە و هیچ لایەک لەڕووی یاساییەوە رێژەی سەربەخۆی بۆ پێکهێنانی کابینەی شارەکە و دیاریکردنی پارێزگار بەدەستنەهێناوە".

بەرپرسی ژووری پەیجووری بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ بزووتنەوەی گۆڕان جارێ چاوەڕوانی ئەنجامی تانەکانی دەکات و پێدەچێ ئەوکاتە دۆخەکە بگۆڕێ "ئێمە لەگەڵ کۆمەڵ و یەکگرتوو پێشتر پێکەوە ئۆپۆزیسیۆن بووین و پرۆژەمان هەبووە، ئایا لەگەڵ ئیسلامییەکان لێرەدا یەکدی جێدەهێڵین، ئەگەر ئەوەش نەبوو، ئەی ئایا ئێمە و پارتی چۆن بیر لەم بابەتە دەکەینەوە".

شەماڵ عەبدولوەفا دەڵێت "ئەگەر سکاڵاکانیش ئەنجامەکان نەگۆڕن، بێگومان براوە هەوڵدەدا حکومەتەکە پێکبهێنێت".

یەکێتی بەهەمان ئەندازەی گۆڕان ئومێدی بەدەستهێنانەوەی پارێزگاری هەیە لە سایەی نزیکبوونەوە لە یەکگرتوو و کۆمەڵ و لەلایەکی دیکەشەوە بێ هیوا نەبووە لەوەی بە دانوستاندن لەگەڵ گۆڕان، شتەکان یەکلایی بکاتەوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ "هێشتا گفتوگۆ دەستی پێنەکردووە، بەڵام گۆڕان ناتوانێ وەک لایەنی براوە مامەڵە بکات و دەست بە پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگاکە بکات". گوتیشی "هێندەی نزیکییان لەگۆڕان، ئەو دوو حیزبە ئیسلامییە لە ئێمەشەوە نزیکن".

بەڵام رای پارتی وادەردەکەوێ جارێ بێلایەنی هەڵبژاردبێ، بروسک نوری شاوەیس، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی دەڵێ "ئێمە بەباشی نازانین لایەنی براوە لایەنی دووەم پشتگوێ بخات، چونکە لایەنی دووەم وەزعەکە تێکدەدات و کە دۆخی سلێمانی تێکچوو، دۆخی هەموو کوردستان تێکدەچێ. ئێمە دەبینە هاوکاری یارمەتیدەر بۆ ئەوەی کێشە لە سلێمانی دروستنەبێت".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## گۆڕان بەڵگەکانی بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات:

# ساختەکاری لە 133 وێستگەدا بە زەقی کراوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

لەو وادەیەی بۆ پێشکەشکردنی سکاڵا و تانەی لایەنەکان دیاریکرابوو، 4 حیزبەکە لە سلێمانی (گۆڕان، پارتی، یەکگرتوو و کۆمەڵ) سکاڵایان تۆمار کرد و چاوەڕوانی دادگای تەمیز دەکەن کە کار لەسەر بەڵگە و سکاڵاکانیان بکات. چونکە بزووتنەوەی گۆڕان چاوەڕوان دەکات، لە دۆخی لەبەرچاوگرتنی ئەو بەڵگانەی پێشکەشکیان کردوون، ئەنجامەکان گۆڕانکارییان بەسەردابێت. بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە سلێمانی دەڵێ "تاوەکو سکاڵاکان یەکلایی دەبێتەوە، دیار نییە ئەنجامەکانی سلێمانی قبوڵ دەکرێن یان نا".

لە رۆژی دەنگدانی تایبەتدا، بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی سکاڵایان لە دژی بەڕێوەبەری گشتی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە سلێمانی بەرز کردەوە پاش ئەوەی رێگەی دا بەوەی دەنگدەران مۆبایل لەگەڵ خۆیان ببەنە ژوورەوە. لایەنە نارازییەکان داوای گرتنەبەری رێوشوێنی یاساییان دژی بەڕێوەبەرەکەی کۆمیسیۆن کرد و دواتریش بڵاوبوونەوەی ئەنجامەکان هێندەی دیکە تووڕەی کردن.

ئەندامێکی ژووری هەڵبژاردنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ ئەوان دڵنیان لەوەی کە ئەگەر دادگای تەمیز کار بە بەڵگەکانی ئەوان بکات "ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بە تەواوی دەگۆڕێ، کورسییەکانی گۆڕان دەبێتە 13 و یەکێتیش 10 کورسی بۆ دەمێنێتەوە".

ئەو ئەندامەی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە لەبەرئەوەی هێشتا سکاڵاکان لە دادگان و یەکلایی نەبوونەتەوە، دەڵێ "ساختەکارییەکان لە سلێمانی زەق و ئاشکران، بۆیە پێشبینی دەکەین ئەوەی پێشکەشی دادگامان کردووە کاری لەسەر بکرێت".

دوای ئەوەی جارێکی دیکە راگەیێندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، چوار حیزبەکە لە سلێمانی لە کۆمیسیۆن بێ هیوابوون و دوا هیوایان بە تەنافی دادگای تەمیزەوە هەڵواسیوە، بەڵام زۆریش گەشبین نین کە ئەو دەنگانەیان بۆ بگەڕێتەوە.

هاوژین عومەر، گوتەبێژی هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵی ئیسلامی لە سلێمانی دەڵێ زیاتر لە 2 هەزار دەنگمان لە سلێمانی کەمکراوەتەوە بۆ لایەنێکی سیاسی "فۆرمی 902 دەستکاری کراوە و بەو دەستکارییەش ئەنجامەکان گۆڕاون، هەروەک چۆن بەشێک لە ساختەکارییەکانیش لە کاتی هەڵبژاردندا کراون، بۆیە 2 سکاڵامان تۆمارکردووە، یەکێک لە سلێمانی و یەکێکیش لە هەولێر، بەچەند شێوەیەک بەڵگەمان پێشکەش کردووە و بەڵگەکانی ئێمە و گۆڕان و یەکگرتوو و پارتی هەمووی لەیەک ناچێ".

بەپێی ئەو بەڵگانەی لەلایەن ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دراونەتە (تۆڕی میدیایی رووداو)، دوای ئەوەی بزووتنەوەکە بەدواداچوونی بۆ ئەنجامی دەنگەکان و CDیەکانی کۆمیسیۆن و فۆرمی 902 کردووە، بۆی دەرکەوتووە لەو 3 هەزار و 256 وێستگەیەی پارێزگای سلێمانی لە 133 وێستگەدا "ساختەکاری گەورە" کراوە، بەشێوەیەک لەو وێستگانەدا زیاتر لە 14 هەزار دەنگیان کەمکراوەتەوە.

هەر بەپێی بەڵگەکانی ژووری هەڵبژاردنی گۆڕان، 14 هەزار و 678 دەنگی گۆڕان براون بۆ یەکێتی و بەو دەنگانەشەوە کە لە 4 لایەنەکەی دیکەوە براون بۆ یەکێتی دەگاتە 19 هەزار و 968 دەنگ. بەپێی قسەی ئەندامەکەی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان، کاتێک دادگای تەمیز کار لەسەر ئەو بەڵگانە دەکات، یەکێتی کورسییەک لە دەستدەدات.

بەبڕوای بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە سلێمانی، بەڵگەکانی یەکگرتوو و گۆڕان و پارتی و کۆمەڵ "زۆر بەهێزن و شایەنی ئەوەیە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەسەری بێتە دەنگ".

ئیسماعیل خورماڵی دەڵێ "دەنگی هەر چوار لایەنەکە لە سلێمانی کەمکراوەتەوە، بەڵام دەنگی گۆڕان زۆر زۆر کەمکراوەتەوە".

بەرپرسی هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی لە سلێمانی، باس لە چەند جۆرێک ساختەکاری دەکات لە هەڵبژاردنەکاندا و دەڵێ "ئەو فۆرمەی دراوەتە ئێمە لەلایەن کۆمیسیۆن لە سلێمانی، ئەو فۆرمە نەبووە کە نێردراوە بۆ بەغدا، بەڵگەکانی ئێمە روون و بەهێزن و تەنیا لە 140 فۆرم کە دەستمانکەوتوون، هەزار و 445 دەنگمان کەمیکردووە، لەکاتێکدا زیاتر لە 2 هەزار و 500 فۆرممان نەبینیوە، ئەی ئاخۆ دەبێ چەند دەنگی دیکەمان کەمکرابێتەوە".

ئیسماعیل خورماڵی دەڵێ لە سلێمانی سکاڵایەکیان پێشکەش کردووە "لە ئێستاوە تاوەکو 10 رۆژی دیکە چاوەڕوانی بڕیاری دادگا دەکەین، دواتریش لیژنەی باڵای هەڵبژاردن بڕیار دەدات ئەنجامەکان قبوڵ دەکەین یان نا".

کاژێر 4ی پاش نیوەڕۆی رۆژی 30ی نیسان، کە هێشتا 2 کاژێر دەنگدان مابوو، 4 لایەن لە سلێمانی راگەیێندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو "هەست بە هەوڵێکی بەرنامە بۆ دارێژراو دەکەین کە لایەنێکی سیاسی دەیەوێ ساختەکاری بکات" دوای بڵاوبوونەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بەهەمانشێوە 4 لایەنەکە لە راگەیێندراوێکی دیکەی هاوبەشدا دەڵێن "ئەو فۆرمانەی پێیاندراوە، ئەو فۆرمانە نەبووە کە کۆمسیۆن ناردوویەتی بۆ بەغدا"، بۆیە تانە لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەدەن.

ئێستا هەر چوار لایەنەکە سکاڵای خۆیان تۆمارکردووە و بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی لە سەرکردایەتی سلێمانی رەتیدەکاتەوە ئەو چوار لایەنە لیژنەی هاوبەشیان بۆ سکاڵاکان هەبێت و دەڵێ "هەر حیزبە و بۆ خۆی سکاڵای تۆمارکردووە و ئێمەش لای خۆمانەوە سکاڵایەکمان تۆمارکردووە، لیژنەی هاوبەشمان نییە، بەڵام هەندێکجار وتووێژمان هەیە لەوبارەیەوە". رزگار ئەژی گۆران گوتیشی "پارتی 3 هەزار دەنگی لە سلێمانی لێ کەمکراوەتەوە".



(فۆتۆ: AFP)



مەجید نیزامەدین گلی*

# ئەفغانستان بەربەستی فرۆشتنی نەوتی کوردستانە

ڕۆژی 22ی ئایار، جێن ساکی گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی پشتگیری لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ناکات بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵیی عێراق. زۆر کەس هێشتا گەشبینن و بە پشتبەستن بە تیۆرەکانی پیلانگێڕی پێیانوایە ئەمریکا بەنهێنی پشتگیری لە کورد دەکات بۆ هەناردەکردنی نەوت. بەڵام ئەوان هەڵەن.

فرۆشتنی نەوتی کوردستان بەبێ ڕەزامەندی بەغدا لە بەرژەوەندی ئیدارەی ئۆباما نییە، بەڵام ئەمریکا چەندە ویست و توانای هەیە بۆ شکستهێنان بە فرۆشتنی نەوتی کوردستان، ئەوە پرسیارێکی دیکەیە. ئەو هۆکارانەی وا دەکەن ئیدارەی ئۆباما ترسی هەبێ لە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بریتین لە:

## یەکەم: ئەجێندای سیاسی ئۆباما

"کۆتایی بەم شەڕەش دێنین". لە سەردانێکیدا کە تەنیا چوار سەعاتی خایاند، باراک ئۆباما لە ئەفغانستانەوە ئەمەی ڕاگەیاند.

سەرکردەکانی ئەمریکا بۆ پشتگیریکردن لە بڕیاری کشانەوەیان لە ئەفغانستان، کشانەوە لە عێراق وەکو نموونەیەکی سەرکەوتوو باس دەکەن. بەگوێرەی کۆمپانیای ڕاپرسیی گالۆپ، لەنێو ئەمریکییەکاندا ترسێک هەیە لەوەی کە کشانەوەی هێزەکانیان لەوانەیە ئەفغانستان جارێکی دیکە بکاتەوە بە مۆڵگەیەک بۆ قاعیدە و زەمینە بڕەخسێنێ بۆ ئەنجامدانی هێرشی هاوشێوەی 11ی سێپتەمبەری 2001.

ئەمانە چۆن پەیوەندییان بە ناڕەزایی ئەمریکاوە هەیە لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان؟

وا بیهێنە پێش چاوت، کورد بەهۆی هەناردەکردنی نەوتەوە سەربەخۆی ئابووری بەدەستبێنێ و لە ئەنجامی کێشەکانی لەگەڵ بەغدا جیاببێتەوە. عێراق دابەش بێت و ئاژاوەی گەورەی تێدا بقەومێ. ئەوکات زۆر قورستر دەبێت بۆ ئۆباما و ئیدارەکەی کە دەستەبژێری سیاسی لە ئەمریکا ڕازی بکەن بەوەی کە بڕیاری کشانەوە لە ئەفغانستان نابێتە مایەی هەڕەشە بۆ ئەوان.

بۆ ئۆباما کشانەوە لە ئەفغانستان زۆر گرنگە. لەسەر ئاستی شەخسی، ئەو دەیەوێ مێژوو بۆخۆی تۆماربکات وەکو ئەو سەرۆکەی کە درێژترین شەڕی لە مێژووی ئەمریکادا بڕاندەوە. سەرۆکەکانی ئەمریکا بەتایبەتی لە دووەم ویلایەتیاندا بیر لە ناوی خۆیان دەکەنەوە لە مێژوودا. جۆرج بوشی دووەم لە وەڵامی ڕەخنەگرانیدا گوتی "ئەوەی گرنگە مێژوو چۆن باسم دەکات". ئۆباما دووەم ویلایەتی سەرۆکایەتیەتی و پێویستی بە دەنگی خەڵک نەماوە، ئەوەی لای گرنگە چی لەپاش خۆی بەجێدێڵێ. ئۆباما خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی وەرگرتووە و نیلسۆن ماندێلای سیمبولی ئاشتی بە سەرمەشقی خۆی دەزانێ. لای گرنگە کە لە مێژوودا بە کۆتاییهێنەری سەرکەوتووانەی شەڕی عێراق و ئەفغانستان ناوی تۆمار بکرێ. خەڵکی ئەمریکاش لەسەر بنەمای ئەو بەڵێنە دەنگیان پێدا. بەڵام ئەگەر کشانەوەکەی لە عێراق ببێتە هۆی دابەشبوون و ئاژاوەی زیاتر، زۆر دوورە "پیاوی ئاشتی" و "بڕیاردەری حەکیم" ببنە لێگاسی ئۆباما.

## دووەم: ستراتیژی کشانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

کورد لە چوار وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین، سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و جیابوونەوەی لە عێراق ئەگەری ناسەقامگیریی ئیقلیمی زۆر زیاد دەکات. ئیدارەی ئۆباما نایەوێ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسەقامگیرییەکی تێدا دروست بێت کە ناچاری بکات پارە و چەکێکی زۆر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تەرخان بکات. سێ تریلیۆن دۆلار و گیانی زیاتر لە چوار هەزار سەربازی ئەمریکی و قەیرانێکی ئابووریی گەورە نرخی شەڕی عێراق بوون بۆ ئەمریکا. دەتوانین بڵێین زۆریان زەرەر کرد و کەمیان دەست کەوت لە عێراق، بۆیە نایانەوێ چیدی هێز و پارەی زیاتر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەرج بکەن.

"هەڕەشە لە سەقامگیری" لەسەر زاری هەموو بەرپرسانی ئەمریکایە کاتێک کە باس لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەن بەبێ بەغدا. بریێت مەکگورک جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی فرۆشتنی نەوتی کوردستان گوتی "هەنگاوی تاکلایەنە، ناسەقامگیری لێ دەکەوێتەوە". قسەکانی مەکگورک بە هەمان شێوەی جێن ساکی گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوە ترسی ئەمریکایان پێشان دەدا لە دروستبوونی ناسەقامگیری.

ئەمریکا کێشەی نییە لەگەڵ فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ترسی لە دەرئەنجامە دوورەکانی هەیە. وەکو زۆربەی میدیاکانی ڕۆژئاوا دەڵێن، فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان و سەربەخۆیی ئابووری هەنگاوێکی گەورەیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان. بەهۆی جیابوونەوەی کورد لە عێراق، سوننەش زیاتر هەست بەهەڕەشە دەکات. لە ئەنجامدا ئەگەرێکی بەهێز هەیە عێراق- کە هاوسنووری دوو وڵاتی کەنداوی دەوڵەمەند بە نەوتە- تووشی شەڕی تایفی یەکجاری و ئاژاوەی سەرتاسەری بێت.

ئەمەش دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی ئەمریکا کە بریتین لە بەردەوام ڕۆیشتنی نەوت لە کەنداوی فارسیەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان. ئۆباما لە سێپتەمبەری 2013دا لە نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی "ئەمریکا دڵنیاتان دەکاتەوە کە ڕۆیشتنی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ جیهان ناوەستێ" و وەستانی ڕۆیشتنی نەوتی ناوچەکەی وەکو "هەڕەشەیەک بۆ سەر ئابووریی جیهان" ناوبرد. ئەگەر ڕۆیشتنی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقەوە بوەستێ، ئەوە ئیدارەی ئۆباما ناچار دەبێت پارە و هێزی زیاتر لە ناوچەکەدا بخاتەگەڕ بۆ بەرقەرارکردنەوەی سەقامگیری و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی. ئەمەش دوا شتە کە ئیدارەی ئۆباما دەیەوێ ڕوویدا.

لەبەر ئەوە، ئیدارەی ئۆباما لە زۆربەی ئیدارەکانی پێشووی ئەمریکا زیاتر گرنگی بە سەقامگیریی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی دەدات و سەقامگیری بە بەردی بناغەی ستراتیژیای کشانەوەی دادەنێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئۆباما لە ئیدارەی پێشووی جۆرج بوش زیاتر لە ترسی ئەوەدایە کە عێراق دابەش ببێ و بکەوێتە ئاژاوەی سەرتاسەرییەوە. جیابوونەوەی کورد لە عێراق و تێکچوونی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قسەی ڕەخنەگرانی ستراتیژیای کشانەوەی ئۆباما لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەسەلمێنێ کە زۆربەیان دەڵێن "ستراتیژیای کشانەوەی ئەمریکا ناوچەکە ناسەقامگیر دەکات و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەخاتە مەترسی گەورەترەوە". بە گوێرەی نەخشەیەکی ڕێکخراوی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا کە پێشبینی شەڕ دەکات لە جیهاندا، عێراق، ئوردن، سووریا و یەمەن لە ژێر هەڕەشەی شەڕ و ناسەقامگیریی زیاتردان.

## سێیەم: سیاسەتی نەوتیی ئۆباما

هەرچەندە چوار کۆمپانیای گەورەی نەوتیی ئەمریکی: ئێکسۆن مۆبیل، شێڤرۆن، ماراسۆن و هاس لە کوردستانن، بەڵام ئەمە وای نەکردووە کە ئەمریکا پشتگیری لە فرۆشتنی نەوتی کوردستان بکات. ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە حکومەتی ئەمریکی گرنگی بە بەرژەوەندی کۆمپانیا ئەمریکییەکان نادات، بەڵکو ئەوان پێویستیان بە پشتگیری حکومەتی ئەمریکی نییە بۆ پارە پەیداکردن و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت نایانەوێ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە سیاسەتەکانی واشنتنەوە ببەستنەوە. ئێکسۆن مۆبیل خاوەنی وەزارەتی دەرەوەی خۆیەتی و ئابوورییەکەی لە ئابووری هەندێ وڵاتی وەکو یۆنان و ئۆکراینا گەورەترە.

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی ئەمریکا نایەوێ زیاتر نەوتی بیانی لەو کۆمپانیا نەوتیانە بکڕێ. سیاسەتی ئێستای حکومەتی ئەمریکی کەمتر گرنگیدانە بە نەوتی بیانی "بەڵێن دەدەم کە وا بکەم ئەمریکا کەمتر پشت بە نەوتی بیانی ببەستێ" ئەمە پەیمانی ئۆباما بوو بۆ ئەمریکییەکان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا.

ئۆباما پەیمانەکەی هێناوەتە دی بەگوێرەی گەورە کۆمپانیای توێژینەوە پۆلیتی فاکت. ساڵی 2013 بۆ یەکەمین جار لە ماوەی 20 ساڵدا ئەمریکا ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆماڵی لە ڕێژەی هاوردەکردنی نەوتی بیانی زیاتر بووە. سیاسەتی ئۆباما بریتیە لە نەوت لە جیاتی خەڵوز و نەوتی ئەمریکی لە جیاتی نەوتی بیانی و زیاتر پشتبەستن بەو سەرچاوەی وزانەی کە زیان بە ژینگە ناگەیەنن. ئۆباما دەستی کردووە بە بنیاتنانی سیستەمێک کە ئامانجەکەی موحتاج نەبوونی ئەمریکایە بە نەوتی بیانی و بەتایبەتی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

* شرۆڤەکاری نێودەوڵەتی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) و هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی نیویۆرک.

---



کامەران محەممەد عەزیز*

# ڕوانینە نوێیەکەی ئۆباما و ئەزموونی هەرێمی کوردستان

ئایا لەسایەی سیاسەتی ئۆبامادا، لە دەرەوەی دەوڵەتبوون هیچ فۆرمێکی دیکەی حوکمڕانی هەیە؟ نووسینەکانی سەبارەت بە پرسی دەوڵەتی کوردی بە جۆرێک لە جۆرەکان خەریکی دووبارەکردنەوەیەکی بێتامی هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردین. ئەوەی مەترسیدارانە لەو خوێندنەوانەدا پشتگوێخراوە، کاریگەری گۆڕانکارییەکانی سیستەمی نێونەتەوەییە لەسەر پرسی دەوڵەتی کوردی. ڕووداوەکانی سەر ئاستی سیاسەتی نێونەتەوەیی چارەنووسی زۆربەی نەتەوە و وڵاتانی جیهان دەگۆڕن. بنەمای سەرەکی کارکردن لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا هەرچییەک بێت، لۆژیکی هێز، یان ناسنامە یان پێکەوەکارکردن یان ململانێی چینایەتی، بەردەوام نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بوونەتە قوربانیی ململانێی نێوان هێزە گەورەکان.

ئایدیای دەوڵەت- نەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕێککەوتننامەی ڤیستیڤالیا لە ساڵی 1648، لەوکاتەوە دەوڵەت-نەتەوە وەکو تاکە ئەکتەری فەرمی سیستەمی نێونەتەوەیی ناسرا. لەو ساتەوە وڵاتەکان بوونە ستانداردی گەردوونیی شەرعیەتی سیاسی لەگەڵ نەبوونی هیچ دەسەڵاتێکی سێنتراڵ بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر. ئەوە مانای ئەوەی گەیاند کە ئاسایش (مەبەست تەنیا ئاسایشی وڵاتە) بووە ئیلتیزامێکی سەرەکی و کاری لەپێشینەی حکومەتەکانی وڵاتان. بەوشێوەیە وڵاتان پێیانوابوو هیچ ئەلتەرناتیڤێک بۆ پاراستنیان نییە لە جیهانی خۆ-یارمەتی (self-help) دا. وڵاتانیش وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو و ڕاشناڵ بینران. لەوسا و لە ئێستاشدا، مەرجەعی سەرەکیی ئاسایش، ئاسایشی وڵاتە، بە زۆری.

جیهان لە نێوان کۆمەڵێک وڵاتانی خاوەن سەروەری دابەش بووە کە ئەوپەڕی دەسەڵاتیان هەبووە لەسەر سیاسەتی ناوخۆ. سیستەمی نێونەتەوەیی هەرچۆنێک بووبێت: فرە جەمسەری، دوو جەمسەری و تاک جەمسەری، هەموویان دەوڵەتیان وەکو ئەکتەری سەرەکی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان ناساندووە، بە جۆرێک هیچ بوارێک بۆ هیچ کیانێک لە دەرەوەی دەوڵەتبووندا نەمێنێ. دەوڵەت بەجۆرێک بینراوە کە سروشتی و ئەبەدی بێت. تەنانەت لەبیر کراوە بەر لە مێژووی دەوڵەت-نەتەوە، کۆمەڵگا سیاسییەکان چۆن حوکمڕانییان کردووە. هیچ بوارێک نەهێڵدراوەتەوە بۆ بیرکردنەوە لە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان.

گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی سارد و گۆڕانی سیستەمی جیهانی و کاریگەریی سیستەمی لیبرالیزم و بەجیهانیبوون لەسەر دەوڵەت، بووە هۆی ئەوەی سروشتی کاری دەوڵەت لە ڕووی سیاسی و ئابووری و یاسایی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە بکەوێتە ژێر پرسیارەوە. بۆ زۆرێک، سەردەمی بەجیهانیبوون سەردەمی مەرگی دەوڵەت بووە. جیهانیبوون وای کردووە چیتر وڵاتەکان بە تەنیا نەتوانن ئەرکەکانی دابینکردنی ئاسایشی وڵات، سیاسەتی ئابووری، پەروەردە و تەندروستی، کەلتوور و ناسنامە، کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی وڵات ڕاپەڕێنن. بە جۆرێک کە دەوڵەت چیتر بە تاکە پارێزەری ئاسایش نەبینرێ و ئەکتەری نوێی نادەوڵەتی بێنە پێشەوە.

بەڵام هەموو ئەو گۆڕانکارییانە، نەیانتوانی کۆتایی بە سیستەمی دەوڵەتی بێنن لە سیستەمی جیهانیدا. ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر و هەروەها قەیرانی دارایی جیهانی ساڵی- 2007 2008 دووپاتیان کردەوە کە دەوڵەت ئەکتەری سەرەکی سیستەمی نێونەتەوەییە. بۆ هەندێکیش ئەو گۆڕانکارییانەی بەجیهانیبوون لەسەر دەوڵەت، نەبووەتە هۆی کۆتاییهێنان بە دەوڵەت، بەڵکو تەنها سروشتی کارەکانی گۆڕیوە.

لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی ئەو ساڵانەی دواییدا، بەتایبەت لەسایەی ئیدارەی باراک ئۆبامادا، ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە ژێر هەڕەشەیەکی گەورەی سیستەمی جیهانیی ئێستادایە. یەکەم، با بێینە سەر هەرێمی کوردستان، نەوەک بەتەنها نەبوونی دەوڵەت بووەتە هۆی ئەوەی زەحمەت بێ قسە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم بکرێ، بەڵکو نەبوونی دامەزراوە و بنیاد و ئایدیای دەوڵەتی لە نێو پێکهاتەی حکومەتی هەرێمدا کارەکەی زیاتر زەحمەت کردووە. ڕەنگە لە ڕووی تەکنیکییەوە ئێمە کێشەمان لەگەڵ ئەوە هەبێ ئایا لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتمان هەیە، دامودەزگامان هەیە، یاخود بەتەنها حکومەتێکمان هەیە.

پێموابێ مەبەست لە حکومەتی هەرێم دەسەڵاتێکە کە قودرەتی کۆنترۆڵکردن و مۆنۆپۆلکردنی خاکی هەرێمی کوردستانی لەژێر دەستە و لەبەرامبەریشدا توانای مومارەسەکردنی سیاسەتی هەیە لەو هەرێمەدا. بارودۆخ و ناونیشانی هەرێم لە سیستەمی نێونەتەوەییدا بووەتە جێی بایەخی زۆر لە توێژەران. بە جۆرێک لە هەندێک ڕەهەندەوە وەکو ئەکتەری پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی دەبینرێ، لە هەندێکیشدا هێشتا نەبووەتە ئەکتەر. بۆیە قسەکردن لەسەر ناونیشانی هەرێمی کوردستان لە سیستەمی نێونەتەوەییدا کارێکی ئاسان نابێ و ئەگەر بە وردی مامەڵەی لەگەڵ نەکرێ ڕووبەڕووی هەڵەی ئەکادیمی گەورە دەبینەوە.

دووەم، بەهۆی ئەوەی سیستەمی جیهانی لەم سەردەمەدا بەوە جیادەکرێتەوە کە چیتر تاک جەمسەری ئەمریکایی بوونی نییە. چیتر ئەمریکا بەتەنها ناتوانێ بنەماکانی سیستەمی لیبرالیزمی (وەکو دەستتێوەردانی مرۆیی و ئاسایشی مرۆیی) لەسەر هەموو کەیسەکانی جیهان جێبەجێ بکا. لە پاڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوادا، بۆ یەکەمجارە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە هێزی گەورەی ڕۆژهەڵاتی وەکو چین و هیندستان دێنە پێشەوە. ئەو هێزانەش بەوە جیادەکرێنەوە کە خاوەنی کەلتووری سیاسی جیاوازن. کاتێ دێتە سەر پرسی دەستتێوەردان، بۆ نموونە، بەردەوام دەوڵەتی چین پابەندی نەبەزاندنی سەروەریی وڵاتانە.

سێیەم، لە چوارچێوەی تیۆرەکانی پەیوەندییەکانی نێونەتەوەییدا، سیاسەتی ئۆباما بەرامبەر ئەفغانستان، عێراق، سووریا، میسر و ئۆکرانیا وەکو سیاسەتێکی ریالیستانە دەردەکەوێ. بۆ نموونە، چەندین جار ئۆباما بە جددی و بە ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە یاسای نێونەتەوەیی ناکرێ لە ژێر پاساوی مۆراڵی و مرۆییدا ببەزێندرێ و لە کارلێکدا دەردەکەوێ ئەکتەری سەرەکی جیهانیی سیاسەت لای ئۆباما تەنیا دەوڵەتە. زۆرجار کارەکانی ئۆباما لە چوارچێوەی "ریالیزمی بەرگریکردن" دەخوێندرێنەوە. کە ئامانجی ئۆباما لە بەدەستهێنانی هێز پاراستنی ئاسایشی ئەمریکایە لە سیستەمی نێونەتەوەییدا. ریالیزمی بەرگریکردن پێشنیازی ئەوە دەکات کە وڵاتان دەبێ کاربکەن بۆ پاراستنی هەلومەرجی ئێستا (ستاتوکۆ- status-quo) و پێشنیازی ئەوە دەکات وڵاتان دەبێ تا ئەو ڕادەیە بەدوای هێزدا بگەڕێن کە پێویست و گونجاوە، نەوەک هێزێکی بێ سنوور. چونکە هەوڵدان بۆ بوون بە دەوڵەتی خاوەن هەژموونی ژمارە یەک بووەتە هۆی دروستکردنی دایلەمای ئاسایش کە ئەگەری وەڵامدانەوەی وڵاتانی دیکەی لێدەکەوێتەوە. هەروەک مایکل ماستاندونۆ مشتومڕی ئەوە دەکات کە "ریالیستەکان چاوەڕوانی ئەوە لە دەوڵەت- نەتەوەکان دەکەن دەرفەتەکانی بەردەم هاوبەشەکانیان کەم بکەنەوە، بەڵام نەوەک بەردەوام پێویستی بە فراوانکردنی ئەو بۆشاییانە بێت کە لەبەرژەوەندی خۆیاندایە". ستیڤان واڵت، کە یەکێکە لە دیارترین لایەنگرانی ریالیزمی

**هەلومەرجی ئێستای جیهان لەسایەی سیاسەتی ئۆبامادا لە بەرژەوەندی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکاندا نییە**

بەرگریکردن، پێیوایە لە ئەنارکیدا، وڵاتەکان هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی دەدەن لەوکاتەی هاوسەنگیی هێز دەبێتە هۆی گەرەنتیکردنی سەقامگیرییەکی ئاشتیانە، وڵاتەکان کار لەسەر پاراستنی هاوسەنگیی هێز دەکەن، نەوەک بەدەستهێنانی هێزێکی بێ کۆتایی. لە جیهانی هاوسەنگیی هێزدا، سیاسەتێک کە خۆگری و نەرمونیانی لەخۆگرتبێ باشترینە بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە سیستەمی نێونەتەوەییدا. ئەو سیاسەتە نەرمونیان و خۆگرەی ئێستای ئۆباما، هەمان گریمانەی ریالیزمی بەرگریکردنە.

لە دوایین گوتاری ئۆبامادا لە 28ی ئایاری 2014 لە ئەکادیمیای سەربازیی ئەمریکا لە وێست پۆینت (ڕوانین و سیاسەتی خۆی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا) لە ماوەی سەرۆکایەتی خۆی ڕوونکردەوە. بە ڕوونی زۆربەی گریمانەکانی ریالیزمی بەرگریکردنی دووپاتکردەوە. ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەمریکا تێوەناگلێ لە هیچ دەستتێوەردانی سەربازیی دیکە ئەگەر ڕاستەوخۆ نەبێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا. کاتێکیش دێتە سەر سیاسەتی ناوخۆی وڵاتێک، ئاسایش بە پلەی یەکەم دێت و بە پلەی دووەمیش دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ. بۆیەکەم جار لە وتارەکەی ئۆبامادا بە ڕوونی هاتووە کە سەرکردایەتیکردنی جیهان لەلایەن ئەمریکاوە تەنها لە ڕەهەندی سەربازییەوە نایەت.

هەروەها ئۆباما ئەوەی ئاشکرا کرد کە نیازی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ ڕووسیا و چیندا نییە. لە بەرامبەردا، هەوڵی پارێزگاریکردن لە هێزی ئێستای ئەمریکا دەدات لە ڕێگای پاراستنی status quo، بەتایبەت دوای ئەو هەموو جەنگەی ئیدارەی جۆرج بوش بۆ ئەمریکای هێنابوو. سیاسەتی ئۆباما وادەردەکەوێ ئەوەندە هێزی لا مەبەستە کە هەژموون و ئاسایشی ئەمریکا بپارێزێ.

ئەوە گەورەترین ئاگادارکردنەوەیە بۆ گەلی کورد، ئەگەر بارودۆخی ساڵی 1991 ئەوەی خواست کە دەستتێوەردانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستاندا بکرێ، هەلومەرجی ئێستای جیهان لەسایەی سیاسەتی ئۆبامادا لە بەرژەوەندی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان نییە. ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، زۆر پێشبینی دەکرێ پێشێلی مافەکانی کورد بکەن و لەبەرامبەریشدا ڕووبەڕووی هیچ ئیدانەیەکی جددی لەلایەن ئەمریکاوە نەبنەوە.

ئەگەر ئەو گریمانەیەی سەبارەت بە خوێندنەوەی سیاسەتی ئۆباما ڕاست بێت، ئەزموونی کورد لە هەموو پارچەکاندا دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە، ڕەنگە ئەمە گەڕانەوە بێت بۆ قۆناغی پێش جەنگی سارد، ئەگەر تەواو بەو شێوەیەش نەبێ، بە دڵنیاییەوە وەکو ئەو سیاسەتە نابێ کە ئیدارەی نیۆ-کۆنزێرڤەتیڤی کۆمارییەکان لە دوای جەنگی ساردەوە پەیڕەویان کردووە. لە ڕستەیەکدا، چارەنووسی کورد لە سیستەمی نێونەتەوەییدا لە نادڵنیاییەکی ڕەهادایە.

*-ماستەر لە بواری توێژینەوەکانی ئاسایش لە زانکۆی کیڵ لە بەریتانیا
-مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین، بەشی زانستە سیاسییەکان



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# قیادەی موەقەتە و بەبنەماڵەکردنی سیاسەت

پێشهاتەکانی هەفتەی بەر لە هەڵبژاردنەکانی 30 نیسانی رابردوو و دوای ئەوە (سەرباری ئەوەی کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ لایەنە سیاسییەکان جێگەی مشتومڕن) وای کرد کە پارتی هێمنانە رووی خۆی رووەو بنەماڵەی تاڵەبانی بسوڕێنێتەوە. ئەگەرچی لەسەرەتادا هەموو هەوڵی پارتی ئەوە بوو کە بنەماڵەی تاڵەبانی و ئەحبابەکانیان وەک ناوەندێکی بەهێزی ناو یەکێتی بمێننەوە، بەڵام مانۆڕی هەندێک لە سەرکردەکانی دەوروبەری بنەماڵەی تاڵەبانی (لەوانە عادل موراد و مەلابەختیار) و دەستبەسەرداگرتنی بەهێزی ئێران لە چارەسەری ناکۆکییەکانی ناو یەکێتی، پارتیی کەمێک سارد کردەوە. رەنگبێ زۆر کەسیش لەناو پارتیدا گرەویان لەسەر ئەوە بووبێ کە لە پێش هەڵبژاردنەکان، رەوشەکە بگاتە ئاستی جیابوونەوە و پەرتەوازەبوون، بەڵام 15 چرکە ڤیدیۆی دەنگدانی تاڵەبانی و فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی، وایانکرد کە ئەمجارەیان بنەماڵەی تاڵەبانی بە ئەنجامێکی کەمێک باشتر لە هەڵبژاردنەکانی 21ی ئەیلولی 2013 لە ئیمتیحانەکە دەرچن. گومان لەوەدا نییە کە بنەماڵەی تاڵەبانی و دەوروبەرەکەیان ئەو دەستکەوتە بە هی خۆیان دەزانن و پێیانوایە ئەمجارە ئەوان بوون کە سینگیان داوەتە بەرێ. هەر بۆیەش پاداشت و نوقڵانەی ئەو دەستکەوتە ئەوە بوو کە کوڕە بچووکی تاڵەبانی بچێتە هەرەمی دەسەڵاتەوە و لە پۆستی وەزیرییەوە باز بدات بۆ جێگری سەرۆک وەزیران.

دیارە ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی لە ماوەی چەند مانگێکدا روویدا و یەکێتی لەوپەڕی شکستەوە تا رادەیەک هەستاندەوە، شتێک نییە کە خەڵک بتوانێ بە چاوی رووت ببینێ و پێویستی بە قووڵبوونەوەیە. ئەو فۆرمۆلەی کە ماوەی رابردووی دوای غیابی تاڵەبانی کاری لەسەر دەکرا، ئەوە بوو کە ترۆیکایەک (هەردوو جێگر و ماڵی تاڵەبانی) بەیەکەوە یەکێتی بەڕێوەبەرن، واتا سەرکردایەتییەکی کاتیی وا دروست بکرێت کە هەموو عونسورەکانی ناو یەکێتی تێدا بن، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر و سەرباری پلینیۆم و بڕیارە کۆنگرەش، ئەوە سەری نەگرت. دەست لەکارکێشانەوەی هەردوو جێگرەکەی سکرتێری گشتی و هەڵپەساردنی رۆڵیان وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە نەبەستنی کۆنگرەی یەکێتی، وایکرد کە ئیتر جڵەوی کارەکان ئەگەر بە تەواوەتیش نەبێت، بەڕێژەیەکی زۆر بکەوێتە دەستی بنەماڵەی تاڵەبانی و لەوەشیاندا هێزە ئیقلیمییەکان و عێراقییەکان ناکرێت نادیدە بگیرێت. بە تایبەتیش کە ئاڵقەی دەوروبەری بنەماڵەی تاڵەبانی کەسانێکن دەیانتوانی ئەو رۆڵە لە قازانجی ئەوان بگێڕن.

ئەو ئەزموونەی ئێستا یەکێتی پێیدا تێدەپەڕێت، بە هەڵدانەوەی پەڕەکانی مێژووی 40 ساڵی رابردوو، پرۆسەیەکی سەیر و ناوازە نییە، پارتیش هەمان کاری کرد کاتێک بارزانی لە گۆڕەپانی سیاسی دوورکەوتەوە، جڵەوی حوکمی پارتی سەرباری ناڕەزایەتی و جیابوونەوەکان، لە نێو دەستی بنەماڵەدا مایەوە و بە راگەیاندنی سەرکردایەتیی کاتی هێدی هێدی جێگەی پێی خۆیان قایمتر و قایمتر کرد.

ئەمرۆ بنەماڵەی تاڵەبانیش لە قۆناغێکی جیاوازدا لەبەردەم هەمان ئەزمووندان. جومگە بەهێزەکانیان لەدەستدایە و بە کۆنترۆڵکردنی یەکێتی، جارێکی دیکە لەبەردەم پارتی و گۆڕاندا بوونەوە بە ئەمری واقیع. لە هەنگاوی یەکەمدا بنەماڵە توانی ئەوە ساغ بکاتەوە کە وەک ئەو دەیەوێت بەشداریی حکومەت بکات و پارتیش بەوە رازی بوو. سەلماندیان کە دەتوانن ببنە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی سیاسی و هێزی ئەوەیان تێدا ماوە کە بڵێن 1 ی ئەوان لە دووی خەڵک زیاترە!

هەنگاوی داهاتووی بنەماڵە، کۆنترۆڵکردنی یەکێتی دەبێت لە رێگەی دوو میکانیزمەوە. میکانیزمی یەکەم کۆنترۆڵکردنی ئەو وەزیر و کاربەدەستانەیە کە دێنە ناو حکومەتەوە و دەخرێنە ژێر سەرپەرشتیی راستەوخۆی کوڕی تاڵەبانی و ئەو دەبێ بە سەرۆکی تیمەکە و هەنگاوی دووەمیش دروستکردنەوەی مەشروعییەت دەبێ لە رێگەی کۆنگرەوە. چونکە بنەماڵەی تاڵەبانی سەرباری ئەوەی کە وێنەکانی تاڵەبانی نیشان دەدەن، بەڵام مەرجەعیەتیان بۆ کۆنگرە داناوە. کۆنگرەیەک کە دیار نییە کەی دەکرێت، بەڵام کاتێک دەکرێت کە بنەماڵەی تاڵەبانی توانیبیان دەنگە ناڕازییەکانی ناو یەکێتی کپ بکەن و بێ رکابەر حوکمی یەکێتی بگرنە دەست.



قەرەنی قادری

# "سیاسەت دایک و باوکی نییە"

لەمێژە ئەم بۆچوونە: "سیاسەت دایک و باوکی نییە"، لە ناو توێژە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا دەستاودەست دەکرێت. لە هێڵی سەرەکیدا، بنەمای ئەم تێڕوانینە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیاسەت دیاردەیەکی "نەرێنی"یە و سەرچاوەی "کێشە"یە. بەشێکی ئەم تێڕوانینە پەیوەندی بە نەشارەزایی لە سیاسەتدا هەیە و بەشەکەی دیکەش "وەڵامدانەوە"یەکە بۆ ئەو سیاسەتوانانەی لە مەیدانی سیاسەتدا هیچ چەشنە پرەنسیپێکیان نییە و بە هیچ پێوەرێکیش ناتوانی شارەزای ئەوان بیت. هەندێکی دیکە پێچەوانەکەی دەڵێن: "سیاسەتوانان دایک و باوکیان نییە". ئەمەیان سەرچاوەکەی بۆ "نانەوەی کێشە لەلایەن بەشێک لە سیاسەتوانان" دەگەڕێننەوە، بەشەکەی دیکەشی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە سیاسەتوانان بێ "پرەنسیپ"ن.

ئاڕاستەیەکی دیکە، سیاسەت وەکو رەوتێکی گەلێک "ئاڵۆز" دەبینێت و جەخت لەوە دەکاتەوە، کە "سیاسەت قووڵە". گشتی ئەم بۆچوونانە لەسەر سیاسەت، لە یەک خاڵی سەرەکیدا هاوبەشن، ئەویش ئەوەیە کە سیاسەت وەکو ئەشکەوتێکی هەزار بەهەزارە و سیاسەتوانانیش جێی متمانە نین. نموونەی کلاسیکی ئەم بێمتمانەییە لە رابردوودا بەریتانیا بوو کە بە "رێوی" و "کەمتیاری پیر" ناوبانگی دەرکردبوو. بەڵام لە رەوتی زەماندا بۆ کوردستان گوێزرایەوە و بەربینگی بە سیاسەت و سیاسەتوانە خۆماڵییەکانیش گرت.

کاتێک سیاسەتوان بۆ بەدەستهێنانی چەند دەنگ روو لە هاووڵاتیان دەکات و بۆ ئەو ئامانجەش پەنا بۆ هەموو شتێک دەبات، بەڵام لە کاتی گەیشتن بە دەسەڵات پشت لە هاووڵاتیان دەکات، بە کەس یان کەسانی "دووڕوو" ناویان دەبەن. یان پەنابردنی بەردەوام بۆ دیماگۆگیەت و پۆپۆلیسم، بەڵام کە بە چەقی دەسەڵات گەیشتن، شتێکی دیکە دەڵێن. هەر بۆیە شەپۆلی ناڕەزایەتیی هزری لە کۆمەڵگەدا چێ دەبێت و، هاووڵاتیان بە دروشمی "سیاسەتوانان دایک و باوکیان نییە" رووبەڕووی حوکمڕانان دەبنەوە. کاتێک سیاسەتوانێک ئەمڕۆ شتێک دەڵێت، بەڵام بەبێ روونکردنەوە سبەی پێچەوانەکەی رەفتار دەکات، لێرەدا "سیاسەت دایک و باوکی نییە" سەرهەڵدەدات. یان لە ماوەیەکی کورتدا چەندان جار تاکتیک دەگۆڕێت و هیچ پاساوێکی ئەقڵانیشی لە پشتەوە نییە. لەوانەیە هەر لەبەر ئەوە بێت کە یاکوب بورگهارد "سیاسەت بە دانوستاندنی پیس" ناودەبات.

کاتێک سیاسەت بە مانا زانستییەکەی رێکارە بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە و بەرژەوەندییەکانی، کە ئەمەش پەیوەندیی راستەوخۆی بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە، بەڵام کە دەرگە بەسەر هاووڵاتیاندا دابخرێت و لە کۆڵانە تەسکەکانی سیاسەتوانان و سیاسەتسازاندا هەموو شتێک یەکلا بکرێتەوە، بێشک شەپۆلی دەنگۆ و بێمتمانەیی لە ناو کۆمەڵگەدا وەڕێ دەکەوێت. ئەگەر سیاسەتوانانیش خاوەنی هیچ پرەنسیپێک نەبن، ئەوە کێشەکە چەند قات دەکاتەوە.

کاتێک سیاسەتوان بە هەر نرخێک بێت دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت و، تەنانەت پیلانگێڕانیش بەشێک لە کاری بێت، هاووڵاتیان دەکەونە پەراوێزەوە و پەیوەندییەک لە نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیاندا نامێنێت. لە دۆخێکی وادا دیاردەی نامۆبوون بە سیاسەت (alienation) لەناو هاووڵاتیاندا پەرە دەگرێت. دووریی هاووڵاتیان لە سیاسەت و سیاسەتوانان لەسەر بنەمای "سیاسەت دایک و باوکی نییە"، گەورەترین مەترسییە بۆ سەر گەشەی دیموکراسی و بەشداریی هاووڵاتیان لە یارییە سیاسییەکاندا.

واتایەکی دیکەی سیاسەت کە چالاکیی کۆمەڵایەتییە، دەبێ بنەماکەی پەیوەندی بە هاووڵاتیانەوە هەبێت، لەبەر ئەوە دەبێ رای گشتیی هاووڵاتیان بەشێک بێت لە سیاسەت. شەفافیەت لە کاروکردەوەی سیاسەتواناندا، دەتوانێت یەکەمین هەنگاو بێت بۆ ئەوەی دڕدۆنگی لەناو هاووڵاتیاندا سەبارەت بە سیاسەتوانان کەمتر و کەمتر ببێتەوە، هەروەها کاتێک هاووڵاتیان هەست بەوە بکەن کە رای ئەوانیش بەشێکە لە سیاسەت، بازنەی پاوانی سیاسەت لە زۆر بواراندا نامێنێت و لە کۆتاییدا هاووڵاتی بەرپرس و چالاک کۆمەڵگە دەبزوێنێت. بەڵام بۆ ئەوەش دەبێ ئازادیی رادەربڕین و نووسین دەستەبەر بکرێت و یاساش پشتیوانی لێ بکات، تا هاووڵاتیان بتوانن دەوری خۆیان بگێڕن.

ئەوە ئەرکی سیاسەتوانانە کە بە کردەوەی خۆیان مەیدانی "سیاسەت دایک و باوکی نییە" بەرتەسک بکەنەوە، هەروەها راگەیاندنیش دەتوانێت دەورێکی بەرچاو لە روونکردنەوەی چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بگێڕێت و، بەر بە بێ پرەنسیپیی سیاسەتوان بگرێت و لەقاوی بدات. ئەگەر سیاسەتوانان نەتوانن روو لە شەفافیەت بکەن، هەروا سیاسەت بکەن بە پاوانی ئێلیتەکان و لە کۆڵانە داخراوەکاندا گەڵاڵەی بکەن، بێشک مەودای نێوان ئەوان لەگەڵ هاووڵاتیاندا زۆرتر دەبێتەوە و لە کۆتاییدا متمانە بە سیاسەتوانان نامێنێ. لە دۆخێکی وادا ئەگەری ئەوە لە رادەبەدەر زۆرە، هاووڵاتیان خۆ بە بەرپرس نەزانن، کە ئەمەشیان دەبێتە سەرچاوەی پشێوی و نائارامی لە کۆمەڵگەدا. دیموکراسی بە شەفافیەت و بەشداریی هاووڵاتیانەوە گەشە دەستێنێت و رەگئاژۆیی دەکات.



عەدنان عوسمان

## پێشنیازێک بۆ پەرلەمان و حکومەت

# دروستکردنی دەزگای کۆمیسیاری سکاڵا

لە گفتوگۆکانی سەرەتای خولی سێیەمی پەرلەماندا لە ساڵی 2009، لەکاتی پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەماندا، بەڕێز عەبدولسەلام بەرواری باسی لە پێکهێنانی دەزگای ئۆمبودسمان کرد لە کوردستان، لەگەڵ ئەوەی ئەو پێشنیازەی بەڕێزیان لەو کاتەدا وەرنەگیرا، بەڵام لەبەر گرنگیی بابەتەکە و وەک ئەمانەتێک بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم کە بەگوێرەی ئاگاداریی من، جەنابیان یەکەم کەس بوون لەوبارەیەوە قسەبکەن.

دەزگای ئۆمبودسمان Ombudsman یان بەعەرەبی (أمین المظالم)، یەکێکە لە دەزگا گرنگەکانی کۆمەڵگای دیموکراسی کە پەیوەندیدارە بە تاک و پاراستنی مافەکانی و بەدواداچوونی کێشەکانی.

ئەم دەزگایە کە لە زۆر وڵاتی جیهاندا هەیە، رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە داکۆکیکردن لە مافی هاووڵاتیان و گەڕاندنەوەی هەر کارێکی نایاسایی بەرامبەریان و بەدواداچوون بۆ کێشە ئیدارییەکانیان. هەر بۆیە لە زۆر وڵاتدا لە دەستووردا ئاماژە بەم دەزگایە و کار و دەسەڵاتەکانی دەکرێت، یان یاسای تایبەتی بۆ دەردەکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی یاسایی کارەکانی بکات.

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی کۆمیسیاری سکاڵا بەدواداچوونە بۆ ئەو ناهەقی و ناعەدالەتی و نایاساییەی لە کاری دەزگاکانی حکومەتدا بەرامبەر هاووڵاتیان دەکرێت و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان لە رێگەی جۆراوجۆرەوە چ بە پەیوەندیکردن بە پەرلەمان یان دەزگای جێبەجێکار یان دادوەری و یان دەزگا سەربەخۆکانی چەشنی داواکاری گشتی و چاودێریی دارایی و مافی مرۆڤ و دەزگاکانی دژ بە گەندەڵی.

لە کوردستانی خۆشماندا، بەهۆی زاڵبوونی موحاسەسەی حیزبی، واسیتەکاری، مەحسوبیەت، رۆتینیاتێکی زۆر، کاری بیرۆکراتیی بێ شومار، لاوازیی دەزگا کارگێڕییەکان و دواکەوتووییان، ئەمانە و دەیان هۆکاری دیکە کە رۆژانە هەم باری سەرشانی هاووڵاتیان قورس دەکەن و هەمیش هۆکارێکن بۆ بەفیڕۆدانی کات و پێشێلکردنی مافی هاووڵاتیان و جێبەجێنەکردنی داواکارییە ئسوڵییەکانیان و فەرامۆشکردنیان تا دەگاتە ئەنجامدانی ناهەقی بەرامبەریان، بۆیە پێکهێنانی کۆمیسیاری سکاڵا یەکێکە لە هەنگاوە هەرە پێویستەکان کە دەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە یاسایەکی بۆ دابڕێژرێت و ماف و ئەرک و دەسەڵاتەکانی دیاری بکرێت.

کۆمیسیاری سکاڵا دەبێت دەزگایەکی سەربەخۆ بێت و لەلایەن پەرلەمانەوە هەم یاساکەی دەربچێت و هەم بەرپرسەکەی دیاری بکرێت و هەمیش لە ژێر چەتری پەرلەماندا بێت.

ئەم دەزگایە دەرگای کرانەوەی پەرلەمان دەبێت بەڕووی هاووڵاتیان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا و رۆژانە سکاڵای هاووڵاتیان و دەزگاکان و رێکخراوەکان و کەرتەکانی دیکەی کۆمەڵگا وەردەگرێت و یاداشتی دەکات و بەدواداچوونیان بۆ دەکات و لەوبارەوە راستەوخۆ دەخالەت دەکات لە پێناو زووتر راپەڕاندنی کاری هاووڵاتیان و چاککردنەوەی ئەو هەڵە و ناهەقیانەی بەرامبەر هاووڵاتیان دەکرێن. هاوکات دەتوانێت راپۆرت بۆ حکومەت و وەزارەتەکان و پەرلەمان و دەزگاکانی دیکە بنێرێت و تێبینییەکانی خۆی لەو بارانەوە بخاتە روو لەگەڵ پێشنیازەکانیدا.

یەکێکی دیکە لە کارە گرنگەکانی ئەم دەزگایە هاوکاریکردن و بەدەمەوەچوونی کاروباری بێگانەکانە کە بە هەر هۆکارێکەوە بێت لە هەرێمی کوردستاندان، جا بۆ کارکردن بێت یا بازرگانی یان هەر هۆیەکی دیکە. بوونی ئەم دەزگایە دەبێتە هۆکارێک بۆ پاراستنی مافی ئەم کەسانەو بەدواداچوونی کێشەکانیان لە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا.

ئەمە سەرباری ئەوەی پارمەتیدەرێکی باشی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و خەڵکی کەمدەرامەت دەبێت لەبەدواداچوونی بێ بەرامبەری کێشە و داواکارییەکانیان لای دەزگاکانی حکومەت.

هیوادارم پەرلەمانی کوردستان بتوانێت هەنگاوێک بە ئاراستەی بەهێز کردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاووڵاتیاندا بنێت، ئەویش لە رێگای پێکهێنانی ئەم کۆمیسیارییەوە.



ناسر باباخانی

# دابەشبوونەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەگەر خاکی کوردستان لەباری جوگرافییەوە لەناو چوار وڵاتدا بەش کراوە، ئەوا بەشی رۆژهەڵات بە کردەوە تووشی دووبارە دابەشکردنەوەیەکی ئاینزایی بووە، رەنگە لە بەشەکانی دیکەشدا ئەم گرفتە هەبێ، بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا زیاتر خۆی دەرخستووە. کورد بەگشتی لە رۆژهەڵات لە چوار پارێزگای ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام نیشتەجێن کە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کرماشان و ئیلام سەر بە ئاینزای شیعەن. رەوتی مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد پێماندەڵێ کە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە رۆژهەڵات نەیتوانیوە بەوجۆرەی کە شیاوە کوردی شیعە رەگەڵ خۆی بخا. بێگومان دەسەڵاتی زاڵ لەلایەک و کەمتەرخەمیی خودی جووڵانەوەی کوردی لەم نێوەدا دەوری سەرەکییان بینیوە. بۆ ئەوەی باسەکە بەرەو ئاقارێکی تیۆریک بەرین و دواجار بە ئاکامێکی گونجاو بگەین، دەمەوێ ئاماژە بە دەستەواژەی "کەلێنی ئاینزایی" بکەم، کەلێنێک کە بەهۆی ئاینزای شیعە و سوننەوە بووەتە هۆی لێکدابڕانی کوردی سوننە و شیعە لەیەکدی و لەم سۆنگەیەشەوە دوورەپەرێزیی کوردی شیعە لە رەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە رۆژهەڵات.

خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان — تەنانەت لە بەشەکانی دیکەش- لەسەر دەستی هەندێ کەسایەتی ئایینی وەک مەلا و شێخ و سەید هەڵگیرساوە، کەسایەتیگەلێک کە رەنگە بۆ ئایینزای سوننە دەمارگریشیان هەبووبێ، لەلایەکی دیکەشەوە سنووری جوگرافیی ئەم بزووتنەوانە ئەوەندە بەرفراوان نەبووە تاوەکو پەلکێشی بکات بۆ باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان کە کوردە شیعەکان لەوێ نیشتەجێن. ئەم خەسارە کە دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندی بزووتنەوەی کوردی، بووەتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران کەڵکی لێوەرگرێ و بە پەلکێشکردنی کوردە شیعەکان بۆ لای خۆی ئەم کەلێنە چەندقات گەورەتر بکاتەوە و بەم شێوەیە کوردی شیعە بەتەواوی بخرێتە دەرەوەی جەغزی خەباتی نەتەوایەتی.

دەسەڵاتی سیاسی ئێستای ئێران لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژییەکی دۆگمای شیعەگەرایی بنیاتنراوە، هەر ئەمەش وایکردووە کە تەنانەت لەچاو رژێمی پاشایەتیش زیاتر پرۆژەی بەدەستەوە بێت بۆ بەرفراوانترکردنی ئەم کەلێنەی باسمان لێوەکرد. ئەمری واقیعی ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی کوردستان نیشان دەدا کە دەسەڵات لەم پرۆژەیەدا سەرکەوتوو بووە. رەنگە هێنانەوەی نموونەیەک لەسەر ئاستی حیزبەکان پاڵپشتێکی باش بێت بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی دواییمان. کە سەیری پێکهاتەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و تەنانەت کومیتەی ناوەندی حیزبەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی دەکەی، بەسانایی دەردەکەوێ کە کوردی شیعە ئامادەییان نییە، ئەمەش واتە سەرکەوتوویی دەسەڵاتی سیاسی مەزهەبی بۆ زیاترکردنی مەودای نێوان کوردی شیعە و سوننە!

لەم ساتەوەختەدا بە باوەڕی من تەنیا رێکارێک کە دەتوانێ نەک لە سەداسەد، بەڵام تا رادەیەکی بەرچاو ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە، خەباتی مەدەنییە لە ناوخۆی وڵات بە هەموو شێوەکان و لە هەموو بوارەکاندا و پشتیوانی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرەوەی وڵات و هاوکات پاڵپشتی وشیارانەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی. لەڕاستیدا خەباتی سیاسی لە رۆژهەڵات برستی لێبڕاوە، خەباتی چەکداریش دەمێک ساڵە (بە زۆر هۆکار) پشتگوێ خراوە، هەربۆیە تاکە رێگایەک کە دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ سەرلەنوێ وەگەڕخستنەوەی گوتاری نەتەوەیی، تەنیا خەباتی مەدەنییە کە بەهۆی ئەوەوە بکرێ چەمکی نەتەوەیی بەسەر چەمکی ئایین و ئایینزاییدا زاڵ بێ. ئەمەش ناکرێ مەگەر بە حەول و کۆششی بێ پسانەوەی چالاکانی مەدەنی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و فەرهەنگیی ناوخۆی وڵات. بۆ کاریگەری ئەم چالاکییە ئاماژە بە کۆنسێرتی ئەم دواییەی هونەرمەند شارام نازری دەتوانێ باسەکە روونتر بکاتەوە. ئەم کۆنسێرتە کە لە کرماشان بەڕێوەچوو، چ لە دنیای مەجازیدا و چ لە ئەرزی واقیعدا بوو بەهۆی ئەوەی کورد بە سوننە و شیعەوە لەسەر بنەمای هەستێکی هاوبەشی نەتەوایەتی بە گوڕوتینێکی زیاتر لێکتر نێزیک ببنەوە و لە هەمان کاتیشدا دەسەڵات وەک ئەوەی ئاو بکرێتە کونە مێرووەوە، بکەوێتە هەڵبەز و دابەز، ئەمە واتە کورد مەبەستەکەی پێکاوە. ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم پۆتانسییەلە لەناوخۆی وڵاتدا هەیە بە بچووکترین ئیشی مەدەنی هەستی نەتەوایەتی بە تەواوی زاڵ بێت و کەلێنی نێوان کوردی رۆژهەڵات پڕبێتەوە. لەم نێوەدا ئاڵاهەڵگرانی خەباتی مەدەنی واتە چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوخۆ، NGOکان، هونەرمەندان و نووسەران و رۆژنامەوانان و بەتایبەتی خوێندکاران ئەرکێکی مێژووییان لەبەردەمە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە.



هێمن عەبدوڵڵا

# رازیکردنی پەکەکە بۆ خواردنی کێکەکە

پەیوەندییەکانی پارتی و PKK لە شەڕی ساردی جارانی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت دەچێت. هەردوولا دژایەتیی یەکدی دەکەن، بەڵام نایگەیەننە مریشکەڕەشە. هەردوولا دەزانن قازانجی هەوادارانیان لە پێکهاتندایە، بەڵام هەڤڕکی دەکەن. هەردوولا دەزانن کێکێکی گەورەیان لەبەردەمە کە دەبێ پێکەوە بیخۆن، بەڵام نە پێکەوە ئەوە دەکەن و نە هیچیشیان بەتەنیا پێیاندەخورێت.

رکابەریی ئەو دوو حیزبە، وەکو دۆستایەتییەکەیان، مێژووییە. هەرچەندە لە هەشتاکاندا بناخەی دۆستایەتییەکی پتەویان لەسەر دەستی ئیدریس بارزانی و عەبدوڵڵا ئۆجەلان دانا، بەڵام دوای کۆچی ئیدریس، دۆستایەتییەکە کاڵبووەوە. لە سەرەتای نەوەدەکانیشدا کار گەیشتە ئەوەی کە حکومەتی کوردستان بە شەڕ PKK لە باشووری کوردستان وەدەرنێت.

ناکۆکیی پارتی و PKK تەنیا لەسەر پاوانخوازی و رکابەریکردن لەسەر هەژموونداری بەسەر پارچەکانی کوردستانەوە نییە. تەنیا لەسەر ئەوەش نییە کە هەریەکەیان لەسەر دوو بەرەی جیاوازی ئیقلیمی حیسابن و ئەجێندا سیاسییەکانیان پێکناگەنەوە. بەڵکو پەیوەندیی بەو قۆناخانەشەوە هەیە کە کێ لە هەریەک لەو حیزبانەدا قسەی رۆیشتووە. بۆنموونە لە دوایین ساڵانی بەر لە گیرانی ئۆجەلان، باڵە چەپە زاڵەکەی ناو PKK، کەشێکیان خوڵقاند کە دژایەتیی پارتی چڕتر ببێتەوە. ئۆجەلان بۆخۆیشی، لەژێر کاریگەریی ئیبراهیم ئەحمەد و ژمارەیەک سیاسەتمەداری دیکەی باشوور، بووە تیۆریسیەنی چۆنیەتی ریشەکێشکردنی بنەماڵەی بارزانی.


لەپاش گیرانی ئۆجەلان پەیوەندیی ئەو دوو حیزبە وردە وردە بەرەو باشی دەڕۆیشت. بەتایبەتیش کە رژێمی سەدام رووخا، PKK لە قەندیل لاواز و قەتیس مابوو. لەو ماوەیەدا، وەک دواتر لە بەڵگەنامە ئاشکراکراوەکانی سەر ماڵپەڕی ویکیلیکس دەرکەوت، ئەمریکایی و تورکەکان چەندجارێک دەچنە لای مەسعود بارزانی و داوای هاوکاریی لێدەکەن بۆ لێدانی PKK و وەدەرنانی لە قەندیل، بەڵام داواکەیان رەتدەکرێتەوە. لەو بەڵگەنامانەدا دەردەکەوێت کە ئەمریکا هەڕەشەی جددی لە پارتی و بارزانی دەکات، بەڵام ئەوان ناچنە ژێر بار و لە قەندیل نادەن.

لەو قۆناخەدا موراد قەرەیلان پیاوی دەستڕۆیشتووی ناو PKK بوو. کاتێک باسی قەندیل دەکرا، یەکسەر قەرەیلان دەبینرا و دەبیسرا. هەر ئەویش وایکردبوو PKK لە حیزبێکی گۆشەگیرکراوی بێدۆستەوە ببێتە دۆستی پارتیش و یەکێتیش و حیزبەکانی دیکەی کوردستانیش. لە باشووری کوردستان کەس نەبوو قەرەیلان نەناسێت و کەس نەبوو هاوسۆزیی بۆ خۆی و گەریلا ماندووەکانی لەو شاخانە نەبێت. بەڵام ئەوە بە هاتنەوەی جەمیل بایک، کە رێبەرایەتیی باڵە چەپە زاڵەکەی ناو PKK دەکات، سەدوهەشتا پلە گۆڕدرا. گەیشتە ئەو رادەیەش کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پارتی و حیزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، بە بەراورد لەگەڵ قۆناخی قەرەیلاندا، لە نزمترین ئاستدا بێت.

ئێستا ناکۆکییەکانی ئەو دوو حیزبە لە یەک کەیسدا چڕکراونەتەوە کە رۆژئاوای کوردستانە. رەنگە ئەگەر ئەو کەیسە نەبووایە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەئاسانی ببەسترایە و دانوستاندنەکان نەگەیشتبانە بنبەست. بەڵام رۆژئاوا بۆ هەردوولا گرنگیی حەیاتیی هەیە. هەواداری بۆ پارتی لەنێو کوردی رۆژئاوادا قووڵاییەکی مێژوویی هەیە. هەبوونی سنووری فراوانی ناوچەی نفووزی پارتیش لەگەڵ رۆژئاوا، وادەکات پارتی نەتوانێ دەستبەرداری بێت.

ئەگەر PKK لەجیاتی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی کوردستان رەوشێکی هاوشێوەی هەبووایە، رەنگە لەگەڵ پارتی زۆر کەمتر تووشی ناکۆکی ببووایە. ئەگەر لەجیاتی بایکیش کەسێکی دیکە بڕیاربەدەستی PKK بووایە، رەنگە توانیبای ناکۆکییەکان وەرگەڕێنێت بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش. چونکە ئەوە روونە کە حوکمڕانیی PKK لە رۆژئاوای کوردستان، بەبێ هەبوونی پشتیوانی و ئاوەڵابوونی دەرگایەکی دۆست، ناتوانێ تا سەر بەردەوام بێت. ئەگەر دەوڵەتی سووریا بەهێزتر بووەوە، ئەو رەوشەی ئێستا بۆ PKK هەیە، وەکو خۆی نامێنێتەوە. دۆستایەتیی سیاسی لە سەردەمی لاوازیدا جیاوازە لە دۆستایەتی لە سەردەمی بەهێزبوونەوەدا. PKK لە رۆژئاوا بەرگەی شەڕی داعش، تورکیا، پارتی و لە ئایندەدا سووریاش بەسەریەکەوە ناگرێت.

بەڵام پارتیش دەبێ ئەوە قبوڵ بکات کە تازە بەبێ PKK ناتوانێ تامی کێکەکەی رۆژئاوا بکات. پارتی رێگەچارەی سێیەمی نییە: یان دەبێ شەڕ بکات لەدژی PKK یان دەبێ رازیی بکات. رازیکردنی PKKش تا ئەوکاتەی بایک قسەرۆیشتوو بێت لەو حیزبەدا ئاسان نییە.






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# دوو رۆژ لەگەڵ بێشکچی

هەفتەی پێشوو ئیسماعیل بێشکچی، بیرمەندی ناسراوی تورک و دۆستی دێرینی کورد بە سەردانێک گەیشتە کوردستان. جێی دڵخۆشی بوو بۆ من کە دوو رۆژ هاوڕێیەتی ئەو کەسایەتییە گەورەیەم کرد. دوو رۆژی پڕ چالاکی و پڕ چێژی گوێگرتن لە بۆچوونە دەگمەنەکانی. لەم نووسینەمدا هەوڵ دەدەم کورتەیەک لەسەر ئەزموونە دوو رۆژییەکەم باسبکەم، لەگەڵ گێڕانەوەی هەندێک لە بیرو بۆچوونەکانی ئەو پیاوە بە جەستە پیر و بە فیکر گەنجە. دەڵێم بە فیکر گەنج چونکە کە باسی رووداوەکانی 40 یان 50 ساڵ لەمەوپێشی دەکرد، تۆزێک چاوی کز دەکرد و رۆژ و بەرواری تەواوی رووداوەکانی دەگوت، بەڕاستی سەرسام بووم بە بیری تیژ و زانیارییە وردەکانی و پێموایە هێندەی ژیان و هەڵوێست و کارە زانستییەکانی، توانا و هزری بێشکچی جێگەی تێڕامان و لێکۆڵینەوەیە. ئەگەر لە یەک دێڕدا بێشکچی پێناسە بکەم، بەو کەسایەتییە دەگمەنەی دەزانم کە لە شەستەکاندا توانیویەتی لە دەقە کڵێشەکانی تورکیا دەربچێت و کۆت و بەندە فیکرییەکانی ئایدیۆلۆژیای فەرمیی کۆماری تورکیا بشکێنێ و لە ئەنجامدا خوێندنەوەیەکی واقیعیانە و زانستییانە بۆ برینەکانی کورد بکات. بیرەکانی بێشکچی هێندەی گرنگییان بۆ تێگەشتن لە پرسی کورد، گرنگ و یەکلاکەرەوەبوون بۆ شکاندنی ئەو تێگەیشتنە پێشوەختەی لەسەر کورد هەبوو لە تورکیا. ئەگەر ئەمڕۆ باس لە چارەسەری کێشەی کورد بکرێت لەو وڵاتە، نابێت خزمەتەکانی بێشکچی لەیادبکرێت لە ناساندنی کورد و دۆزە رەواکەی بە رای گشتیی تورکی.

بێشکچی کێشەی کورد بە کێشەی خاک دەبینێ و پێیوایە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دوو دەوڵەتە زلهێزەکەی جیهان، بەریتانیا و فەرەنسا کە براوەی جەنگەکە بوون، دەستیان تێکەڵ کردووە لەگەڵ دوو دەوڵەتی بەهێزی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئێران و تورکیان. مەبەست لەم پێکەوەکارکردنە بەشکردن و پارچە پارچەکردنی خاکی کوردستان بووە. چوار دەوڵەتی بەهێز رێککەوتوون لەسەر پەرتکردنی خاکێک کە بێشکی بە پەرتکردنی جەستەیەک دەبینێ. بەپێی تێزەکانی بێشکچی، لە کاتێکدا کە کۆمەڵەی گەلان بانگەشەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی بۆ سەرجەم نەتەوەکانی جیهان دەکرد، کورد نەک تەنها ئەم مافەی لەدەست سەندرایەوە، بەڵکو تووشی سیاسەتی ئینکار و پاکتاوی نەژادی هات و نەهامەتیی کورد لە مێژووی هاوچەرخدا بەو جۆرە دەستپێیکرد. لە کاتێکدا کە بە دەیان دەوڵەت سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند و لەسەر ئاستی جیهانی دانیان پێدانرا، خاکی کورد لەلایەن چەند دەوڵەتێکەوە بەشکرا و ناوی کوردستان سڕایەوە. بێشکچی ئەمە بە تێرمی "سیستمی نێودەوڵەتیی ئەنتی کورد" ناودەبات و پێیوایە چالاکییەکانی ئەو سیستەمە هەتا دوای جەنگی دووەمی جیهانیش بەردەوامە، کاتێک نەتەوە یەکگرتووەکان لە 1960/12/14 بڕیاری ژمارە 1514 دەردەکات و مافی بڕیاردانی چارەنووس و سەربەخۆیی دەداتە وڵاتە ژێردەستەکان، جارێکی دیکە کوردستان یەکێک نییە لەوانە. بگرە بە پێچەوانەوە خاڵی شەشەمی بڕیارەکە دەڵێت "نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەرامبەر هەموو ئەو هەوڵانەدا دەوەستێتەوە کە مەترسی بۆ یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتان دروستدەکەن".

ئەم خوێندنەوەیەی ئیسماعیل بێشکچی تا بڵێی ورد و لە جێی خۆیە. تا ئەم باکگراوندە مێژووییە نەبینین، ئەستەمە لە بێدەنگیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تێبگەین بەرامبەر ئەو زوڵم و ستەمەی دەیان ساڵە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ناوچەکە دەرحەق بە کورد بێ سڵەمینەوە دەیکەن. بەڵام بێشکچی باس لە خاڵێکی زۆر گرنگتر دەکات کە بە رای من پێویستە هەموو کوردێک زۆر باش بیری لێبکاتەوە. ئەو خاڵە پەیوەندی بە مێژووی کوردەوە هەیە. بێشکچی دەڵێت "ساڵانی بیستەکان یەکەم جار نییە خاکی کوردان بەش دەکرێت، بەڵکو سێیەم جارە. بۆیە پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە هۆکاری ئەمە چییە؟ دەبێت ئەو خاڵە لاوازەی کورد چی بێت کە رێگە بۆ دوژمنانی ساز دەکات خاکەکەی پارچە پارچە بکەن؟! پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزرێتەوە و هۆشیارییەکی نەتەوەیی سەبارەت بەوە دروستبکرێت". ئەم دێڕانە وانەیەکی گەورە و بگرە بەڕای من گرنگترین وەسێتنامەی بێشکچییە بۆ کورد.

لە کۆتاییدا دەمەوێت تێگەیشتنی خۆم لەسەر ئەم وتانەی بێشکچی بخەمەڕوو. بە بۆچوونی من خودی خاڵە لاوازەکەی کورد نەبوونی هۆشیارییەکی نەتەوەییە لەسەر دۆزەکەی خۆی. ئەم بۆچوونەم بە نموونەیەک شی دەکەمەوە کە رۆژی سەردانەکەی بێشکچی بۆ سلێمانی و رۆژی دوایی شایەتی بووم. رۆژی پێنجشەممەی پێشوو کاتێک بێشکچی لە زانکۆی سلێمانی کۆڕێکی پێشکەش کرد و باسی لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی کێشەی کورد کرد، ئەوەی جێی داخ بوو، کەمیی بەشداری بوو لە کۆڕەکەدا. رەخنە لە زانکۆی سلێمانی ناگرم، بە پێچەوانەوە سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی مەراسیمێکی شایستەیان بۆ میوانە دەگمەنەکەی کوردستان سازکردبوو کە جێی دەستخۆشی بوو. ئەوەی کە پێویستە رەخنەی لێبگیرێت ئێمەی گەنجین. زۆر دڵگران بووم کاتێک بینیم خوێندکارانی زانکۆ ئامادە نەبوون گوێ لەو کەسە بگرن کە نیو سەدەی ژیانی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەیان تەرخان کردووە و 17 ساڵیشی بە فیعلی لە زینداندا بەسەر بردووە. ئەوانەش کە بە هەڵە رێیان کەوتبووە هۆڵەکە دوای چەند خولەکێک یەک یەک بێشکچییان جێهێشت. شتێک کە لەمە زیاتر جێی تێڕامان و سەرنج بوو لای من، ئەوە بوو کە رۆژی دوایی لە یەکێک لە شوێنە گەشتیارییەکانی سلێمانی کۆنسێرتێک بۆ گۆرانیبێژێکی میللی سازکرا. خۆشەویستیی گەنجان بۆ ئەم گۆرانیبێژە هێندە زۆر بوو رێگە نەمابوو لە شەقامەکانی سلێمانی هەنگاو هەڵبنێی. بە هەزاران گەنج پەلەی ئەوەیان بوو خولەکێک زووتر بگەنە جێی کۆنسێرتەکە... پێموایە پێویستە هەڵوێستە لەسەر ئەمە بکەین و لەم دیدەوە زۆر بە جددی بیر لە "هۆشیاریی نەتەوەیی" بکەینەوە.



عەبدولڕەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# زیانەکانی ژاوەژاو

خەبات لەپێناوی هێمنیدا، ناونیشانی لاوەکیی کتێبێکی (تیۆدۆر بێرلاند)ە بەناونیشانی سەرەکیی (بەرەنگاربوونەوەی ژاوەژاو) کە بریتییە لە (374) لاپەڕەو لەساڵی (1974) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی. لەو کتێبەدا ئاماژە بەقسەیەکی (ڤان کوخ) کراوە کە دەڵێت:

(رۆژێک دادێت مرۆڤایەتی ناچار دەبێت لەپێناوی هێمنیدا جەنگ لەدژی ژاوەژاو بەرپا بکات، هەروەک سەردەمانێک جەنگی لەدژی تاعوون بەرپاکرد).

ژاوەژاو، بریتییە لەدەنگێک یان چەند دەنگێکی تێکەڵ بەیەک بوو، کە مانایەکی ئاشکرا و دیاریکراویان لێ بەدەست ناهێنرێت زۆر جار.

ژاوەژاو بە یەکەی (دیسیبڵ) دەپێورێت کە لەڕاستیدا یەکە نییە بەڵکو رێژەیەکە بۆ پێوانی ژاوەژاو.

ژاوەژاو سەرچاوەی جیاجیای هەیە، وەک:

– هۆکارەکانی گواستنەوەی وەک ئۆتۆمبێل و فرۆکە و شەمەندەفەر و ماتۆڕ.

– کارگەکان: وەک کارگەی ئاسنگەری و دارتاشی و رستن و چاپەمەنی.

– ئامێر و کەلوپەلی ناوماڵ، وەک گسکی کارەبایی و رادیۆ و تەلەفزیۆن و ریکۆردەر.

– قەرەباڵغی و بەیەکداچوونی خەڵک لە بۆنەو ئاهەنگ و کۆڕ و کۆبوونەوە فراوانەکان و یاریگاکاندا.

ژاوەژاو زیانی زۆر بەمرۆڤ دەگەیەنێت ، زیانەکانی ژاوەژاویش دەوەستێتە سەر چەند فاکتەرێک لەوانە:

1– پلەی دەنگەکە.
2– ماوەی بەرکەوتن.
3– توندوتیژیی دەنگەکە.
4– دووری و نزیکیی لەسەرچاوەی دەنگەکە.
5– کتوپڕیی دەنگەکە.
6– جۆری کار لەناوەندێکی پڕ ژاوەژاودا.

زیانەکانی ژاوەژاو: زیانەکان زۆرن بەڵام ئەمانەی لای خوارەوە نموونەی هەندێکیانن:

1– لاوازکردنی هەستی بیستن.
2– بەرزکردنەوەی فشاری خوێن.
3– تێکدانی کاتی نووستن و کەم خەوی.
4 - کەمکردنەوەی توانای بیرکردنەوەی چڕ.
5– تێکدانی لێدانی ئاسایی دڵ.
6– تووڕەبوون.
7– سەرئێشە.
8– دڵەڕاوکێ.

بۆیە پێویستە هەنگاوی خێرا بنرێت بۆ کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی، لەو هەنگاوانەش:

**یەکەم: بۆ هۆکارەکانی گواستنەوە:**

– قەدەغەکردنی هۆڕنی هەوایی و دیاریکردنی کاتەکانی بەکارهێنانی هۆڕنی ئاسایی، چونکە زۆر لە شوفێران رۆشنبیرییان کەمە لەم بوارەدا.

– هاوردەکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە دەنگی نزم دەردەکەن لەکاتی ئیشکردندا.

– ئەنجامی پشکنینی ساڵانەو کردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ شوفێران لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هاتوچۆوە.

**دووەم: بۆ ماڵ و گەڕەکەکان:**

– کەمکردنەوەی دەنگی بڵندگۆکان.

– کارکردن بە (یاسای قەدەغەکردنی ژاوەژاو)ی ژمارە (21)ی ساڵی (1966)ی عێراق و یاسای ژمارە (8)ی ساڵی (2008)ی هەرێمی کوردستان.

– نەهێشتنی دیاردەی چەکداری و تەقەی خۆشی، بەپشتبەستن بەیاسا.

**سێیەم: کارگەکان:**

– رێگەنەدان بەدروستکردنی کارگەی بچووک و کارگەی خاوەن ئامێری دەنگ بڵند لەگەڕەکەکاندا.

– چاککردنەوەو نوێکردنەوەی ئامێری کارگەکان هەموو ساڵێک.

– پاراستنی هەستی بیستنی کرێکاران بەئامێرەکانی پاراستنی گوێ لەکارگەکاندا.

لەکۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێین کە غەڵبەغەڵب و ژاوەژاوی دنیای جەنجاڵ و پڕدەنگ، هانی (ئەلکیسیس کاریل)ی دا کە بڵێت:

(ئێمە قوربانیی دەستی ئەو پێشکەوتنەین کە زیاتر لەبواری ماددیدا بەدەستمان هێناوە لەسەر حیسابی دواکەوتنمان لە بواری زانستەکانی ژیاندا).

(برۆم و سیلیزینک)یش دەڵێن: (پێویستە ئێمە ئەو ئامێرانە بەرهەم بهێنین کە مرۆڤ دەیانبەن بەڕێوە، نەک ئەو ئامێرانەی کە مرۆڤ بەڕێوەدەبەن و کۆنترۆڵی ژیانیشی دەکەن).



دەیڤد رۆمانۆ

# گەڕان لەدوای سەرۆکی داهاتووی تورکیا

مانگی ئابی داهاتوو، بۆ یەکەمینجار خەڵکی تورکیا روودەکەنە سندووقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری وڵاتەکەیان کە پێشتر لەلایەن پەرلەمانەوە دەستنیشان دەکرا و دەنگ و دەسەڵاتی سوپا گرنگ بوو لە گۆڕینی بەربژێرەکەی پەرلەمان.

لە سیستمی پەرلەمانیی تورکیادا، کاری ئۆفیسی سەرۆک کۆمار چاودێریکردنی دەسەڵاتی کاربەدەستانی حکومەتە، سەرۆک کۆمار دەتوانێ ڤیتۆی ئەو یاسایانە بکات کە کێشەیان لەسەرە و دەسەڵاتەکانی بەکاربهێنێ بۆ سنووردارکردنی زێدەڕۆییەکانی حکومەت. وەک سیستمە پەرلەمانییە دیموکراسیەکانی دیکە، بیرۆکەکە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارێکە کە لە ناکۆکییە سیاسییەکانەوە نەگلێ و بەرژەوەندییەکانی وڵات و خەڵک بپارێزێ.

ساڵی 2007 لە تورکیا ئەمە کۆتایی هات کاتێک سوپا هەوڵی دا رێگری لە پاڵێوراوی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری بکات. ئەردۆغان وەڵامی هەڕەشەکانی کودەتای سەربازیی سوپای بە داواکردنی هەڵبژاردنێکی پێشوەخت دایەوە کە تێیدا پارتی داد و گەشەپێدان سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا. لەبەر رۆشنایی ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە و دەنگی خەڵک، فەرماندەکانی سوپا بۆیان دەرکەوت کە بێ توانان لە هەنگاونان لە دژی ئەردۆغان. دوابەدوای ئەوە، دەسەڵاتی دادوەریی تورکیاش گەیشتە هەمان ئەنجام، پاش ئەوەی تەنیا چەند دەنگێکی کەم هەبوون لە دژی داخستنی بارەگای پارتی دادو گەشەپێدان بە تۆمەتی چالاکییەکانیان لە دژی عەلمانیەت. پاشان، عەبدوڵڵا گویلی پارتی داد و گەشەپێدان وەک سەرۆک کۆماری تورکیا دەستنیشان کرا. بەپێی زۆر لە بۆچوونەکان، عەبدوڵڵا گویل هەوڵیدا وەک سەرۆکی هەموو لایەک مامەڵە بکات نەک بەتەنیا بۆ ئەوانەی دەنگیان پێداوە. تەنانەت لەگەڵ ئەردۆغان ناکۆک بوو لە هەندێ کێشەدا وەک قەدەغەکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، عەبدوڵڵا گویل شکستی هێنا لە سنووردارکردن و چاودێریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەردۆغان و پارتەکەی خۆی. هەرکاتێک شتێک ئەردۆغانی تووڕە کردبایە، بەخێرایی داوای لە پارتەکەی دەکرد لە پەرلەمان یاسایەک تێپەڕێنن بۆ لابردنی ئەو شتەی ئیزعاجی کردووە. کاتێک پۆلیس و دادگا بەڵگەیان لەسەر گەندەڵیی بەرپرسە باڵاکانی حکومەتەکەی ئەردۆغان و خێزانەکەی خستەڕوو، یاسای نوێ تێپەڕێندراو تێیدا هاتبوو کە پێویستە حکومەت پێشوەخت ئاگادار بکرێتەوە لەهەر لێکۆڵینەوەیەکی پێشنیازکراو لەسەر کار و چالاکیەکانی. کاتێک تۆماری دەنگی لەسەر گەندەڵییەکانی حکومەت بڵاوکرایەوە، پرۆژە یاسا پێشنیازکراو تێپەڕێندرا بۆ قەدەغەکردنی یوتوب و ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەی ئەو تۆمارە دەنگیانەیان تێدا بڵاوکرابوونەوە. کاتێک پرسیار و لێکۆڵینەوە لەسەر چالاکییەکانی دەزگای هەواڵگریی (MIT) کرا، یاساکان گۆڕانکارییان تێدا کرا. بەپێی ئەو گۆڕانکاریانە، ئەو دەزگایە بە تەنیا ملکەچی سەرۆک وەزیر دەبێ و وەڵامی پرسیارەکانی ئەو دەداتەوە. کاتێک ئەو میدیا و رۆژنامانەی خوێنەر و بینەری جەماوەری (AKP)یان هەیە و رەخنە لە حکومەت دەگرن، خێرا هاوڕێ بزنسمانەکانی ئەردۆغان ئاراستە دەکرێن بۆ کڕینی ئەو رۆژنامە و تەلەفزیۆنانە و دەرکردنی ئەو رۆژنامەنووسانەی لە پشت ئەو رەخنانەوەن. لەم رێگایانە و چەندین رێگەی دیکەوە، حکومەتەکەی AKP پەرەی بە دەسەڵاتی تاکڕەوی داوە، بەبێ دەربڕینی هیچ نارەزاییەک لە سەرۆک کۆمارەکەیانەوە.

بۆیە ئەم داینەمۆیە وادەکات هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی مانگی ئاب بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە زۆر گرنگ بێت. کۆتاییهێنان بە ماوەی سەرۆکایەتی عەبدوڵڵا گویل لەرێگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆوە هەلێکە بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لەسەر هێڵی شەمەندەفەرەکەی دەسەڵاتی AKP. زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە بەم زووانە ئەردۆغان بڕیاری خۆ بەربژێرکردنی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری رادەگەیەنێ . ئەگەر سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەوا کاردەکات بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆک لەرێگەی بەکارهێنانی پەرلەمانتارانی پارتەکەی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویست لە یاساکاندا. بەڵام ئەزموونەکانی ئەردۆغان لە دابەشکردنی کۆمەڵگە و خێرا تووڕەبوونی، وادەکات زۆر کەس ئەردۆغان بە بەربژێرێکی گونجاو نەزانن بۆ ئەو پۆستە. رەنگە ئەوانەی جەماوەری سەرسەختی (AKP)ن تایتڵی ئەم بابەتە وەک مەتەڵ بێت بۆیان، هەندێکی دیکە زۆر تامەزرۆن بۆئەوەی کەمتر روخسارە تووڕەکەی ئەردۆغان ببینن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان.

بەڵام ئەرکی سەختی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان دۆزینەوەی کاندیدایەکە کە بتوانێ شکست بە ئەردۆغان بهێنێ لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەو وڵاتەدا. چەند رۆژی رابردووم لە پەرلەمانی تورکیا بەسەربرد و قسەم لەگەڵ بەرپرسانی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان کرد، هەموویان جەختیان لەوە دەکردەوە کە خوازیارن کار لەگەڵ هەرکەسێک بکەن بەشدار بێت لە ئامانجەکەیان، ئەویش رێگرتنە لە ئەردۆغان بۆ بردنەوەی ئەو پۆستە. پەرلەمانتارانی ئۆپۆزیسیۆن دڵنیایان کردمەوە لەوەی کە دەیانەوێت کەسێک بدۆزنەوە رەزامەندی هەمووانی لەسەر بێت لە پارتی MHP و CHP لەگەڵ ئەو جەماوەرەی AKP کە نیگەرانن لە زیادبوونی دەسەڵاتی تاکڕەوی ئەردۆغان (ئەمانە رەنگە بەردەوام بن لە دەنگدان بە AKP لە هەڵبژاردنەکانی دیکە، بەڵام بۆ سەرۆک کۆماری نا).

دۆزینەوەی کەسێکی لەو جۆرە قورسە، بەتایبەت لەو ماوە کەمەی لە بەردەمیاندا ماوە بەر لە هەڵبژاردن. پێویستیان بە ناوێک دەبێت کە ناوبانگی لەناو میدیا و شەقامی تورکیادا هەبێت لەگەڵ ناوبانگی پرۆفێشناڵی و راستگۆیی و رێزگرتن لە یاسا. زیاد لەوەش، پێویستیان بە کەسێک دەبێت هەموو ئەم کواڵیتیانەی تێدابێت بەبێ بوونی پێگەیەکی ئاشکرا لەسەر هەندێک لە کێشە سووتێنەرەکانی تورکیا: کاندیدایەک کە پشتگیری لە مافی کورد بکات جێی رەزامەندی پارتی گەلی کۆماری نابێت، لەلایەکی دیکە، کاندیدایەک کە گرنگی بە ئاسایش و یەکێتی تورکیا بدات جێی رەزامەندی لیبراڵ و کوردەکان نابێت. بەربژێرێکی زۆر عەلمانی دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی دەنگدەرە باوەڕدارەکان، هەروەها کاندیدایەکی زۆر سوننی پشتگیریی عەلمانی و عەلەوییەکانی نابێت.

ئەگەر کەسێکی لەو جۆرە بوونی هەبێت، ئەوا گومانم نییە لەوەی نیوەی زیاتری دانیشتووانی تورکیا بەپەرۆشن بۆ ناسینیان.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




مزگێن:

## ئەگەر بە کوردی گۆرانی بڵێم نابمە جیهانی

10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی

Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96

rudaw@rudaw.net



نۆهەمین ٩ پێشانگای پیشەسازی وکەلوپەلی هەناردەی ئیرانی

کۆماری ئیسلامی ئێران

هەولێر - عیراق

The 9th Exhibition of Production & Export Capabilities of

Islamic Republic of IRAN

ERBIL - IRAQ

پارکی سامی عبدالرحمان - پیشانگای نیو دەولەتی

8 - 11 June 2014

Opening Hours: 11 am - 7 pm

Sami Abdolrahman Park / Erbil International Fair

1st Iran Technology Show IRTEC

یەکمین ١ پیشانگای تایبەتی خزمەتگوزارییەکانی تەکنولوژی نوی و زانستی بنەرەتی



پیشانگای نێو دەولەتی هەولیر

Erbil International Fair

جمهوری اسلامی ایران

وزارت صنعت، معدن و تجارت

سازمان صنعت، معدن و تجارت استان آذربایجان غربی

سازمان توسعه تجارت ایران

Trade Promotion Organization of Iran

U.I.F

شرکت نمایشگاه بین المللی ارومیه

Urmia International Fair Co.

SIDAR AGENCY

for advertisement and media production

agency@sidarholding.com

www.sidarholding.com

+964 750 833 22 33

+964 750 833 44 33

+964 770 252 11 11

بۆ ڕێکلام کردن لە تۆڕی میدیایی

RÛDAW

RÛDAW FM & MUSIC



پەیوەندی بکە بە:

